# له داوێنی ئاربەبا

## ژماره ۴۴



سەرنووسەر و بەڕێوەبەر : ک.د.ئازاد    کاناڵی تیلگرامی : @Le_Daweni_Arbebawe    ژماره ۴۴ ـ ڕێبەندانی ۲۷۲۳



دوو نموونە لە کارەکانی نیگارکێشی، مامۆستا هادی زیائەددینی

# پێڕست


مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان ❋گازە و پاڕانەوە ...... ۲
سنە. دوکتۆر نەجمەددین جەبباری ❋ فیردەوسی و سەرهەڵدانی شانامەبێژی له ئەدەبی فارسیدا ...... ۳
بۆکان. ئەمین گەردیگلانی❋ نایە و ڕەسەنایەتی ...... ۶
تاران. هادی مورادی مەردۆخ کوردستانی ـ ❋ شێعر ...... ۷
سنە. عیسا ئەحمەدی ❋مێژووی کۆن و ئێستای ئەدەب و هونەری کوردی ...... ۸
سنە. عیسا ئەحمەدی ـ بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قوڕەیشی ❋ پارە نۆکەرێکی چاک و ئاغایێکی خراپە ـ کاریکاتۆر ...... ۹
برووجرد. زانا کوردستانی❋ خشتە۱۳ ...... ۱۰
شنۆ. عەلی ڕەزا محەممەد نیژاد" دیار ـ بۆکان. سەعید سەلیمی بابامیری ❋ فریشتەیەک له ڕەنگی دایک ـ تەرەجەمەی شێعری ک.د.ئازاد بە ئینگلیزی ...... ۱۱
مەهاباد. سووتاو ـ مەهاباد. تاهیر عەزیزی❋ شێعر ـ بێ بەڵێن ...... ۱۲
بانە. سروور ❋مەکری ژن ...... ۱۳
بۆکان. عەلی حەقیقی❋ شێعر ...... ۱۴
تاران. هادی مورادی❋ شێعر ...... ۱۵
بۆکان. ئەمین گەردیگلانی ـ سەردەشت. سەلام پارسا ـمیاندواو.شامات. گردی هەباس. عەبدووسەلام ڕەحمانی❋ شێعر ـ چاوەڕێ ...... ۱۶
سەقز. ف.ڕ.ئومێد ❋ سێ دڵۆپ خوێن ...... ۱۷
سلێمانی. پەری قەرەداغی ـ کەرکووک. بلوورهەورامی❋ شێعر ...... ۱۸
دیواندەرە.قەیسەریان ـ بۆکان. ئاسۆ ـ سنە. نەسرین کەریمی❋ شێعر ـ وێنەی مێژوویی ...... ۱۹
گوندی قانزالی ساینقەلا. تەهمینە قادری ـ بۆکان. هیدایەت ئازەری"خەمبار" ـ سەردەشت. خەمبار❋ شێعر ...... ۲۰
بانە. سروور ❋میرخوناوکە ...... ۲۱
هەولێر. موحیب مەهابادی❋ شێعر و وێنەی مێژوویی ...... ۲۲
برووجرد. زانا کوردستانی ـ سەقز.زیلان نووری ـ کرماشان. زوڵیخا ئەحمەدی ❋ عەلی حەسنیانی ـ شێعر ...... ۲۳
برووجرد. زانا کوردستانی ❋ لوقمان مەنسوور ...... ۲۴
لەیلاخ. خەلیل ئەحمەدی"ڕێبوار لەیلاخی" ❋ شرۆڤەی چەند وشەیێکی دانسقە ...... ۲۵
مەهاباد. شاهۆ موکریانی ـ هەولێر. سعدالله نوری ❋ شێعر ...... ۲۷
بانە. ک.د.ئازاد❋ ئەشکەوت ...... ۲۸
کرماشان. تالب خودامورادی ـ مەهاباد. سەلاحەددین ئاشتی ـ هەولێر. ڕەمەزانی ئەحمەد میرزا "بێدەر" ـ بانە. حسێن بەگ❋ شێعر ...... ۳۱
بانە. ناسر جەعفەری❋ پێڵاوەکانی باوکم ...... ۳۲
ساحێب. دەریا ئازەرپوور ـ سنە.گوڵاڵە سەڵواتی"گوڵیار"❋هەمیشە بیرت بێت، وەها بژی کە کۆتا ساتی ژیانتە ـ شێعر ...... ۳۳
مەهاباد. محەممەد فازڵ شەوکەتی❋ مێژووی فۆتۆگرافی(عکاسی)له شاری سەردەشت ...... ۳۴
بانە. حەمید رفاعی ـ سەقز. فەریدەکاکی❋ گوندی "بڵەسەن"ی بانە، له ئاوێنەی مێژوودا ـ شێعر ...... ۳۶
سەردەشت. هێرش بێتووشی ❋ حەوت سەرسووڕهێنەرەکەی جیهان ...... ۳۸
مەهاباد. سووتاو ـ مەهاباد. ئارگەش ـ پاوە. ئوسمان ڕەحیمی هەجێجی ❋ شێعر ...... ۴۰
دێولان. ڕەنجبەر❋ مەزرای ئاژەڵان و ڕۆڵگێڕانی ...... ۴۱
بۆکان. سەعید سەلیمی بابامیری ـ ڕەحیم خان. نادر مسته فازاده ❋ تەرەجەمەی شێعری عەبدوڵلا پەشێو بە ئینگلیزی ـ ژیانی سەگانە ...... ۴۳
پاوە. هۆمەر نۆریاوی ❋ قاسپەی دەنگێکی هەورامانی ...... ۴۴
ئیلام. رودوس فەیلی"مستەفا بیگی"ـ بانە. قادر خدرزادە❋ شێعر ...... ۴۵
سەردەشت. سابیر بێتووشی گووندی دوولکانی ناوچەی ئالان ❋ پوور پیرۆز ...... ۴۶
هەولێر. موحیب مەهابادی ❋خولە پیزە ...... ۴۷
سنە. ئیلاهە زەمانی"هوما"ـ سەقز. مریەم یەتیمی ـ هەولێر. بێگەرد عزالدین خالد❋ شێعر ...... ۴۸
سنە. زاهێد مەجیدی ❋کورتە چیرۆکی ترسنۆک ...... ۴۹
هەولێر ئومێد قەرەنی ❋تەرجەمەی شێعری ئاردیتا جاترو ...... ۵۰
سنە. هیمن عارفی ـ بانە فەرزانە ساڵەحی ـ شنۆ. عێرفان مەرزەنگ".ڕەشەبا"❋ حوجرە ـ شێعر ...... ۵۱
بۆکان. ئاوایی عەنبار" نامـۆعەنبار" ـ سلێمانی. پەری قەرەداغی ـ جوانڕۆ. فەلاحی وەیسی ـ سەقز. بەفراو❋ شێعر ...... ۵۲
بۆکان. عەلی حەقیقی ❋سەردەمی مناڵی ولاویم ...... ۵۳
مەهاباد. جەعفەرمەعروف"ژیار" ـ زەڕینەی هەوەتوو. ناسـر زامدار ـ بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قوڕەیشی❋ شێعر ـ کاریکاتۆر ...... ۵۴
مەهاباد. عەبدوڵلا مۆئەییەدزادە❋ کورتە چیرۆک ...... ۵۵
سەقز. عەلی غەفووری دارساوێن❋ حەسەن زیرەکی نەمر ...... ۵۶
میراوێ. شارین ـ هەولێر. ڕازی دەروێش ـ مەهاباد.زریان ـ مەریوان. عوسمان شێرزاد❋ شێعر ...... ۵۷
دیواندەرە. ژیلا سەفایی ـ مەهاباد. بێ خێش ـ مەریوان. مەرزییە خاکی ❋ شێعر ...... ۵۸
سنە.عەلی سوهرابی ـ بۆکان. ئاوایی عەنبار" نامـۆعەنبار"ـ بۆکان. عەبدوڵلاڕەحیمی" کۆمار" ❋ هەڵسەنگاندنێکی خێرای دوونامەی... ـ شێعر ...... ۵۹
بۆکان خاڵند ئەحمەدی❋ شێعر بۆ مناڵان ...... ۶۰


گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی له داوێنی ئاربەبا



# گازە و پاڕانەوە

مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان، زماننناس و تۆێژەر

۱

بەنێوی خوای چرۆ و گوڵ، خوای بەهاران
خودای خاوەن کەژوبەژ ، خوای نساران

بەنێوی خوای زولاڵی کانی و باران
خودای هەوراز و ڕژد و کۆهساران

خودای شاخ و خودای شار و ژیاران
خودای میران و خونکار و کۆماران

بەنێوی خوای بەیان، سیحری وتاران
خودای داهێنەری باس و گوتاران

بەنێوی تاک و پاک، خوای بڕوادااران
خودای داماوەکان، ڕووگەی دڵداران

خودای ڕاساوەکان، خێوی هەژاران
خودای تێکرای گەل و، چینی نەداران

خودای داشدار و هاوڕێی هۆزی یاران
خودای دوارۆژ و ئێستا و جاری‌جاران

خودای خێوی خەباتی شۆڕەسواران
خودای تاقانە، خوای شالوتەواران

خودای چینی ڕەشۆکی و خوێندەواران
خودای خاوەن شکۆی لای بیریاران

خودای کۆشک و قەڵاتی زانیاران
خودای کۆز و هەوار و ژێردەواران

۲

خوایە بۆخاتر بینایی چاوان
بۆخاتر قودبی گەورە ناردراوان

بۆ خاتر گازەی دایکان و باوان
بۆ خاتر پاکی ڕووت و چەوساوان

بۆ خاتر سەفای دڵی دڵداران
بۆ خاتر قووڵی بیری بیریاران

بۆ خاتر پاکژی  هەناوی یاران
بۆ خاتر  ئاخی ناخی  هەژاران

بۆ خاتر دۆعای شەوی خواناسان
بۆ خاتر نەترەی هۆزەکەی ڕاسان

خوایە سۆماکەی وەک لیزمەی باران
ڕووناکی ڕوانین هەر وەکوو جاران

وەک تافی کاڵی و چاخی مناڵیم
وەک ڕووناکایی بەری بەیانیم

پێم کەرەم کەوە ڕووناکی چاوان!
بۆ خاتر پێشەنگ، بینایی چاوان!

تارمایی و لیڵی چاومان  بگۆڕە
بە نووری بینین حاڵمان بگۆڕە

حاڵناس و حاڵگۆڕ هەر تۆی خوایە
بۆ سارێژی زام هانام تۆی خوایە

سۆمای چاوان و ڕووناکی دڵ تۆی
چاوانمان ڕوون کە، هەتوانمان هەر تۆی

چاوی سەر و دڵ ،چاوی هەست و بیر
سۆمای چاوانمان، تەنیا تۆی لە بیر

فریامان کەوە ! هانامان هەر تۆی
حاڵناسمان هەر تۆی! حاڵگۆڕمان هەر تۆی!

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا






# فیردەوسی و سەرهەڵدانی شانامەبێژی لە ئەدەبی فارسیدا

سنە. دوکتۆر نەجمەددین جەبباری

لە سەرماوەزی ئەمساڵدا کاک بورهان قادر لە لایان مانگنامەی "دیوان"ەوە کە لە سلێمانی دەرئەچی، دیمانەیەکی سەبارەت بە ژیان و بۆچوونی فیردەوسی و شێوازی دارشتنی شانامە و هەروەها ژانری حیماسی لە ئەدەبی کوردیدا لەگەڵ د. نەجمەدین جەباری، مامۆستای بەشی زمان و ئەدەبی فارسی و کوردی لە زانکۆی کوردستاندا ڕێک خست کە لە ژومارەی ٣١ی ئەو گۆڤارەوە بلاو بووەوە. جەباری لەم دیمانەدا ئاوڕی لە "خوەتای نامەگ" داوە کە بنەمای مێژوویی شانامە لە کۆتاییەکانی دەسەلاتی بنەماڵەی ساسانی پێکدێنێ.

لەم دیمانەدا ئاوڕ لە ڕەوتی سەرهەڵدانی شانامەبێژیی عەجەمی بەر لە فیردەوسی دراوەکە بوونی ئەو گشتە شانامەگەلە لە ئاکامدا گەیی بەم بیرۆکەیەی ئەبولمویەد بەلخی کە چیرۆکگەلی پاڵەوانیی بە شێوەی کرۆنۆلۆژیکاڵ ڕێک خست و بە هەمان شێوەیش بە دەستی فیردەوسی گەیشت تا لە قالبی یەک حیماسەی سوروشتی دەرهات. لێرەوە جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان دوو چەشنی گێڕانەوەی خوراسانی و زاگرۆسی ئەبینین کە لە "شانامەی کوردی"دا دەرکەوتووە و تێیدا پیچمی سەرەتایی چیرۆکەکان سەربەخۆ لە یەکدی لە ئەنجومەنگەلی ئەدەبیی و لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا ژیانی خۆی گرتە بەر.

جیاوازیی بنەڕەتی تر پڕەنگتر بوونی بەشی پاڵەوانی لە شانامەی کوردیدایە کە بە نسبەت بەشی ئوستوورەیی زەقترە. باسی "کورد" لە شانامەی فیردەوسیشدا باسێکی تر بوو کە لەم دیمانەدا ئاوڕی لێدراوە. ئەوەی کە ڕزگاربووانی زوڵمی زوحاک پەنایان بۆ کوێستانەکان بردووە، لە بەر ئەوە بووە کە لە جیهانبینیی کۆندا کوێستانەکان ناوچەی ئەهوورایی ئەزانران کە ئەهریمەن دەستی تێی ناکەوێ.

بابەتێکی تر، ئوستوورەی کاوەی ئاسنگەر و بەهەڵە تێگەیشتن لێی بوو کە توێژەرانی سەردەم ئەم چیرۆکە ئوستوورەییە بە تاریخەوە گرێ ئەدەن و بە داخەوە بۆچوونی سەیری لەم بارەوە پێکهێناوە.

## فەرموون دیمانەکە بخوێننەوە:

### ١.سەرەتا لە فیردەوسییەوە دەست پێ بکەین؛ کێ بوو و لە چ شوێن و زەمانێکدا ئەژیا؟

حەکیم ئەبوولقاسم فیردەوسیی تووسی، شاعیری بلیمەتی فارسە کە لە ساڵی ٣٢٩ی کۆچی لە دایک بوو و هەتا ٤١٦ی کۆچی ژیا. فیردەوسی سەر بە چینی "دێهقان" بوو کە خان بوون و ملک و ماڵاتی زۆریان بوو. بەشێک لە دێهقانەکان هەر لە سەر ئایینی زەرتوشتی مابوون و پێداگر بوون کە نەریتی سەردەمی ساسانی (بەر لە ئیسلام) زیندوو ڕابگرن. لەم ڕووەوە پارەی زۆریان بۆ زیندووکردنەوەی ئەو نەریتانە خەرج ئەکرد کە پەیوەندیی بە ڕۆژگارانی بەر لە ئیسلامەوە هەبوو. فیردەوسی موسوڵمان بوو، بەلام دڵی هەر لە لا ڕۆژگارانی بەر لە ئیسلام بوو. بۆیە هەوڵ و زەوق و توانستی خۆی خستە گەڕ کە کارێک بکا و لە ئاکاما سەری لە شاعیری دەرهێنا هەستی شاعیرانەی خستە خزمەتی هۆنینەوەی تاقە بەرهەمی خۆی بە ناوی شانامە.

### ٢. ئاوڕێکی خێرا لە مێژووی ئەو دەم بدەینەوە؛ لە زەمانی فیردەوسیدا چ دەسەڵاتێک لە سەر کار بوو و چۆن ئەیڕوانییە هەوڵی دێهقانەکان؟

کاتێک کە فیردەوسی ئەژیا، بنەماڵەیەک بە ناوی "سامانی" دەسەلاتیان بە دەست بوو کە دەسەلاتگەیان لە خوراسانەوە دەستی پێئەکرد و هەتا چۆمی جەیحوون درێژەی هەبوو. سامانییەکان زۆر لە بەندی نەریتی بەر لە ئیسلامدا بوون و بە پشتگیریی ئەوان زۆرێک لە جێژنەکان پارێزرا. هەروەها ئەوان لە زمانی "دەری" پشتیوانیان ئەکرد؛ ئەو زمانە کە دواتر پێی گوترا "فارسی". بۆیە خەلاتی زۆریان بە شاعیران دا کە بە دەری شیعر بهۆننەوە. دیارە کە بەر لەوانیش بنەماڵەی "سەففاری" دەسەلاتیان بە دەست بوو کە پشتیوانی لە زمانی دەری (فارسی) لە سەردەمی ئەوانەوە دەستی پێکرد. یەعقووب سەففاری بۆ یەکەم جار فەرمانی بۆ شاعیران دەرکرد کە کەس بە زمانی عەرەبی شیعر نەیژێ، بەم جۆرە زمانی دەری هاتە سەر کاغەز.

سامانییەکان زۆر بەهێز بوون و زۆر ئاوڕیان لە شاعیران ئەداوە. یەکێک لە وەزیرانی سامانی بە ناوی "ئەبوو مەنسوور موعەممەری" پێشنیاری بە فیردەوسی دا کە شانامە هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی بهۆنێتەوە و فیردەوسیش بە هانای ئەم پێشنیارەوە چوو و شانی بەر ئەم ئەرکە قورسە دا.

### ٣. چۆن شانامەی فیردەوسی لە ڕووی مێژوو و ئەدەب و ناوەڕۆکەوە بناسین؟

شانامەی فیردەوسی تاقە بەرهەمی فیردەوسییە. ئەم شاعیرەلە سی ساڵدا (لە نێوان ساڵانی ٣٨٠ ـ ٤١١ی کۆچی) لە شاری تووس لە ئەیالەتی خوراسان شانامەی بە شیعر هۆنییەوە و پێشکەشی مەحمووی غەزنەوییکرد. بەر لە فیردەوسی کەسانێک پەخشان یان هۆنراوەیان بە زمانی دەرینووسیبوو کە ناودارترینان لە ناو شاعیراندا، ڕوودەکی سەمەرقەندی بوو کە بە باوکی ئەدەبی دەریش ناو ئەبرێ؛ بەلام دەسپێکی ڕاستەقینەی ئەدەبی عەجەمی (دەری/ فارسی) شانامەی فیردەوسییە کە نزیکەی پەنجا و دوو هەزار دێڕ لە خۆ ئەگرێ و بناخەیەکی پتەوی بۆ ئەو ئەدەبە دامەزراند. ناوەڕۆکەکەیشی باس لە ئوستوورەی هاتنی گەلی ئاریایی –کە کۆچەر و دوور لە ژیاربوون ـ ئەکا لە"ئێرانوەئیجە"وە ـ کە سەرچاوەی هەڵهاتنی ئاریاییەکان دێتە ئەژمار ـ بۆ ئەو وڵاتە بەرین و بەربرشتە کە ناوی "ئاریانا"یان لێ نا و ئەمڕۆ ئەکەوێتە نێوان تورکەمەنستان و ئەفغانستان. دامەزراندنی ژیاری عەجەمان لەو ناوچە و پێکهەڵپژان لەگەڵ دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو شوێنە تازەی کە کۆچیان بۆ کردووە، بەشێک لە بنەماکانی شانامەی فیردەوسییە کە لە قالبی چیرۆکی پاڵەوانیدا دەرکەوتووە. لە سەردەمی فیردەوسیدا بەم چەشنە چیرۆکانەیان گوتووە "ئەفسانە" و ئەمڕۆ بە ژانری "حیماسە"ناوی ئەبەن.

### ٤. با زیاتر لە ناوەرۆکی شانامەی فیردەوسی بدوێین، جا دواتر بێینە سەر هەڵسەنگاندنی لەگەڵ شانامەی کوردی

بەر لە ئیسلام نەریتێک لە مێزۆپۆتامیا باو بوو کە هەر پاشایەک ئەو کارە گرینگانەی لە گلێنەکاندا بە خەتی بزماری ئەنووسی کە لە سەردەمی دەسەلاتیدا کردبووی؛ وەک پاشایانی سۆمەر و ئاکاد و ئاشوور. پاشایانی ساسانیش هەمان نەریتیان قۆستەوە و کارەکانیان لە کتێبێکدا نووسی کە پێیان گوت "خوەتای‌نامەک" بە مانای "شانامە". وشەی "خوەتای" لەگەڵ خاوەن ـ کە لە کوردیدا هەیە ـ یەک ڕیشەن. ئەم کتێبە بە زمانی پاڵەوی بوو کە بەر لە ئیسلام زمانی دیوانی بوو. ئەم کتێبە لە زەمانی فێردەوسیشدا هەر مابوو، بەلام دواتر تیاچوو. عەبدوڵلا ئیبنی موقەففەع، بەر لەوەی ئەم کتێبە تیابچێ، بە ناوی "سیر الملوک" وەریگێڕایە سەر زمانی عەرەبی کە لە بەر دەستدایە. ئەمە لە لایەک.

لە لایەکی ترەوە ئەو دەم لە خوراساندا زۆر چیرۆکی پاڵەوانی لە بەر دەستدا بوون کە هەر کەسەو بەرگێکی بووی؛ هەر بنەماڵەو چیرۆکێکی لا بوو. هەتا شاعیرێک بە ناوی ئەبولمویەد بەلخی تەواوی ئەم چیرۆکە بلاوانە لە لای یەک دائەنێ و لە بەرگێکدا کۆیان ئەکاتەوە و ناوی ئەنێ "شانامەی گەورە".

فیردەوسی هەر ئەو نەزمەی پاراست کە ئەبولمویەد بە شانامەی دابوو. لەو نەزمەدا چیرۆکەکان لە "گیومەرتەوە" (وەک یەکەمین مرۆڤ لە ئەفسانەگەلی عەجەماندا) دەست پێئەکا و ئەمجا بە شێوەی زەمانمەند (کرۆنۆلۆجیکال) لە زنجیرەی پاشایانی "پێشدادی" تێئەپەڕێ هەتا بە سەرهەڵدانی "ئەژیدەهاک" (زوحاک) ئەگا و دوای ئەو زنجیرەی پاشایانی "کیانی" دێن. لەم بەشەدایە کە ڕۆستەم سەر هەڵئەدا و لە بەشێکی زۆری چیرۆکەکاندا دەور ئەگێڕێ. ئەمجا

ئەگاتە سەردەمی مێژوویی کە لێرەوە فیردەوسی ئەو بەشە مێژووییەی خوەتای‌نامەک ئاوێتەی ئەکا و هەتا داڕووخانی ئیمپراتۆریی ساسانی و سەرهەڵدانی ئیسلام لە خۆ ئەگرێ. ئەمە ناوەرۆکی شانامە بوو بە کورتی کە لە ڕاستیدا بەسەرهاتی ولاتی ئێران ئەگێرێتەوە. لە بیرمان نەچێ کاتێک ئەڵێین "ئێران"، مەبەست ئێرانی ئەو دەمە کە ئەیالەتی "هێلمەند"ی ئەفغانستانی ئەمڕۆوە دەستی پێئەکرد و ئەچووە بان هەتا چەمی جەیحوون. پانتاییەکی بچووک کە بەشێکی ئەفغانستان و تورکەمەنستانی ئەمڕۆ (خوارەزم) لە خۆ ئەگرێ. ئەو ولاتەی کە ئەمڕۆ پێی ئەڵێن ئێران، ئەو دەم پێیان ئەگوت "فارس" کە لە سەرچاوەگەلی یونانیدا وەک "پێرشیا" ناوی لێ براوە.

### ٥. ئەم شانامە چ جیاوازییەکی لەگەڵ شانامەی کوردی هەیە؟

شانامەی فیردەوسی لە بیچم و ناوەرۆکا وەک شانامەی کوردییە؛ چونکە ناوەرۆکی هەر دووکیان لە چیرۆکگەلی پاڵەوانی پێک دێ؛ بەم بۆنەوە هەر دووکیان ئەچنە خانووی ژانری حیماسییەوە. چیرۆکەکانی شانامەی کوردی پەرتەوازەیە و بەو جۆرەی کە ئەبولموئەیەد بەلخی شانامەی فارسیی بە شێوەی کرۆنۆلۆجیکاڵ دەرهێنا و هەمووی یەک خستەوە، شانامەی کوردی وەها کارێکی بۆ نەکراوە؛ پێویستیش ناکا وەها کارێکی بۆ بکرێ؛ چونکە جەوهەری چیرۆکەکان هەر بە جۆرەیە کە لێک ترازاو بێ.

لە شانامەی فیردەوسیدا بەشی ئوستوورەیی پڕڕەنگە بەڵام لە شانامەی کوردیدا ئەو بەشە کاڵە. جگە لەمانە زۆر بەسەرهات و کەسایەتی لە شانامەی کوردیدا هەن کە هیچ ناو و ڕەنگێکیان لە شانامەی فیردەوسیدا نییە کە سەربەخۆ بوونی ئەم شانامە لە ئەدەبی کوردیدا دەرئەخا. شانامەی کوردی بە کوردیی گۆرانی هەڵبەستراوە و شاعیرەکەی یەک کەس نییە.

بە گشتی ئێمە ئەتوانین دوو جۆر گێڕانەوە لە ئەدەبی پاڵەوانی پیشان بدەین: گێڕانەوەی خوراسان کە بوو بە "شانامەی فیردەوسی" و گێڕانەوەی زاگرۆس کە بوو بە "شانامەی کوردی".

### ٦. ئەی کورد وەک نەتەوە لە شانامەی فیردەوسیدا چ دەورێک ئەگێڕێ؟

فیردەوسی لە شوێنێکدا باسی کورد ئەکا: ئەو کاتەی کە زوحاک پێشکی لاوان دەرخواردی مارەکانی ئەدا، دوو کەس وەک چێشتلێنەر هەر ڕۆژ بە جێی دوو لاو یەک کەس ئەکوژن و بە جێی ئەوی تر مەڕێک سەر ئەبڕن و مێشکی ئەوانە دەرخواردی مارەکانی زوحاک ئەدەن. فیردەوسی ئەڵێ کە حەشیمەتی ئەو لاوە ڕزگارکراوانە زۆر بوو و گەیشتە سی کەس، مەڕ و مالاتیان پێ داقن کە بڕۆنە کوێستانەکان و لەوێ بژین و ئیتر بەرەو ئاوەدانی نەیەنەوە. فیردەوسی ئەڵێ کە کورد لە تۆرەمەی ئەم لاوە ڕزگارکراوانەیە.

ئەم قسە سەرتاپای چەوتییە و هیچ لەگەڵ ڕاستیدا ناخوێنێتەوە. لە بیرمان نەچێ لەو دەمدا هەژمارێکی زۆری کورد لە خوراسان ئەژیا و ئەم کوردانە هێزێکی زۆر و دەسەلاتێکی لەبەرچاو بوون. یەکەم شاعیر کە لە خورساندا یەکەم شیعری بە زمانی دەری وت، کوردێک بوو بە ناوی "بەسسامی کورد"؛ هەروەها بیرمان بێتەوە کە دەسەلاتی ئومەوی لە بەغدا بە دەستی کوردێک بە ناوی "ئەبوومۆسلیم" گۆڕیا و بە دەستی بنەماڵەی عەباسی گەیشت. لە کتێبی "تاریخی بەیهەقی"دا اهکزە جار باسی لەشکری کوردەکان کراوە کە لە ڕیزی سوپای مەحمووی غەزنەویدا بوون. من وا تێئەگەم کە فیردەوسی قینێکی نهێنیی لە کورد بووە کە ئەو بابەتە چەوتەی بە شانامەکەی خۆی زیا کردووە.

لەگەڵ ئەوەدا ئەتوانین لێکدانەوەیەکی تریش بۆ ئەو قسەی فیردەوسی بکەین: کوێستانەکان لە بەر ئەوەی کە شوێنی تایبەتی خواکان بووە و هەمیشە نوور و ڕووناکایی لێ بووە، شوێنێکی پیرۆز بووە و ئەهریمەن نەیتوانیوە دەستی پێ بگەیەنێ؛ بۆیە لە ئوستوورەکاندا وا هاتووە کە ئەم لاوە ڕزگاربووانە ڕەوانەی کوێستان کراون تا لەوێ بە ئاسوودەیی و دوور لە دەستدرێژیی ئەهریمەن بژین.

### ٧. ئەمڕۆ باسێکی ڕۆژەڤ لە سەر مێژووی کورد، باسی کاوەی ئاسنگەرە کە وەک جاشێک ناوی لێئەبەن، کەچی لە شانامەکاندا (کوردی و فارسی) وەک مرۆڤێکی گەورە و نەتەوەدۆست دەرکەوتووە، ئەمە چۆن هەڵسەنگێنین؟

هەر وەک ئاگادارن، کاوەی ئاسنگەر لە دژی دەسەلاتی کاولکەر و پیاوخۆری زوحاک ڕاپەڕی و شۆڕشی خۆی دەست پێکرد. لە شانامەی فیردەوسیدا وا هاتووە کە پاش ئەوەی زوحاک حەڤدە کوڕی کاوە ئەکوژێ و مێشکیان دەرخواردی مارەکانی ئەکا، کاوە هەڵئەقرێ و دەنگ دێ و لە کۆشکی زوحاک دژی ئەوەستێتەوە. ئەمجار خەڵک لە دەوری خۆی کۆ ئەکاتەوە تا بە یەکەوە بەرەو حەشارگەی فەرەیدوون بڕۆن. ئەوان فەرەیدوون ئەهێنن و ئەیکەنە پاشا. تازە ئەویش کە بە سەر زوحاکا سەر ئەکەوێ، لە کێوی دەماوەندا یەخسیری ئەکا کە هەر وا بمێنێتەوە تا ئاخرە زەمان.

ئەم گێڕانەوە لە ئوستوورەی کوردیدا بەم جۆرە نییە و جیاوازیی بنەڕەتیی تیایە. لە گێڕانەوەی کوردیدا فەرەیدوون هەر بوونی نییە؛ بەڵکوو کاوە بە تەنیایی خۆی دژی زوحاک ڕائەپەڕێ و ئەکوژێ.

ئەمڕۆ چەند توێژەرێکی کوردستانی خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ ئەم ئوستوورە ئەکەن و ئەڵێن زوحاک هەمان ئاستیاگ بووە، فەرەیدوون کورشی هەخامەنشی بووە و کاوەیش جاشێک بووە کە دەسەلاتی ڕادەستی فارسەکان کردووە. بە دەردی کابرای کوردە وتی: بەردێک کە نەزان بیخاتە بیرێکەوە، بە سەد زانا دەرنایاتەوە؛ نازانم ئەمانە بە دەهۆڵی کامە نەیاری کورد هەڵئەپەڕن، بەڵام هەر چی بێ، بەداخەوە سەریان لە خەڵک شێواندووە. چیرۆکی کاوە و زوحاک فری بە سەر مێژووەوە نییە و هەر جۆرە خوێندمەوەیەکی مێژوویی لەم گێڕانەوە چەوتە؛ بە پێچەوانەوە ئەم چیرۆکە ئوستوورەییە و ئەبێ خوێندنەوەی ئوستوورەیی بۆ بکرێ تا شکۆی کاوەی ئاسنگەر و ژیاری کورد لە زاگرۆسدا دەربکەوێ.

من لە وتارێکدا بە ناوی "تحلیلی بر اصالت زاگرسی روایت کاوە و ضحاک"کە بە زمانی فارسی چاپ بووە، خوێندنەوەیەکی ئوستوورەییم بۆ ئەم چیرۆکە کردووە و دەرمخستووە کە خوێندنەوەی مێژوویی بۆ ئەم چیرۆکە لە سەدەی پێنجەمی زایینییەوە بە دەستی موسا خورێنی کراوە و هەر لە سەر ئەم بناخە خوارە، دیوارێکی لار هەڵچنراوە. هیوادارم ئازیزێک ئەم وتارە بە زمانی کوردی وەربگێڕێ.

### ٨. بوونی زۆری شانامە لە خەزێنەی ئەدەبی فارسیدا، خوێنەری دووچاری پرسیار و گومان کردووە، ئایا کامە چاپ ڕەسەنە و کامەیان دەستکاری کراوە؟

شانامە هەر لە سەرەتاوە وەک کتێبێکی پیرۆز سەیری کراوە؛ چونکە بەشێک لە مێژووی عەجەمان لە خۆ ئەگرێ کە ئاوێتەی چیرۆکگەلی پیرۆزی ئایینی بووە.بۆیە لە پەستا ڕوونووس کراوەتەوە و هەر گەل و تاقم و دەربارێک بۆ خۆی ڕوونووسێکی هەڵگرتووە. دیارە ئەم گشتە ڕوونووسە لەگەڵ یەک جیاوازییان ئێجگار زۆرە و هەر ئەمەیش ڕواڵەتی شانامەی فیردەوسی (چ لە باری چەندایەتیی دێڕ و چیرۆکەوە و چ لە باری چۆنایەتی و ئەنجامی چیرۆکەکان) گۆڕیوە؛ بۆیە کاری ساخکردنەوەی شانامە ئێجگار ئەستەم بووە. ئەمڕۆ تەنیا چاپێک کە زانستیانە ساخ کراوەتەوە و گومان وایە تەواو لە شانامەکەی فیردەوسی بچێ، چاپی د. جەلال خالقی‌موتلەقە کە چل ساڵ بۆ ساخکردنەوەی ئەو بەرهەمە ڕەنجی کێشا.

### ٩. بەشێک لە ڕەخنەگران باس لەوە دەکەن کە فیردەوسی لە بەرامبەر ناوهێنانی پاشاکان و پێداهەڵگوتنیان پارەی وەرگرتووە، ڕەخنە و تێبینیی ئێوە بە گشتی لە سەر شانامە و خودی فیردەوسی چییە؟

شاعیری لە سەردەمی فیردەوسیدا لە ڕیزی پیشە بەهرەدارەکان بووە؛ کەواتە کەسانێک کە شاعیر بوونایە و بەختی ئەوەیان ببوایە کە لە دەربارێکدا وەربگیرێن، نانیان ئەکەوتە ڕۆنی. فیردەوسیش بۆ ئەم کارە مەدحی مەحموودی غەزنەویی کردووە کە پاشایەکی زاڵ و سەردەست بووە و لە بەر زڕانی ناوبانگی خۆی پارەی زۆری بە شاعیران داوە. لە دەرباری مەحموودا کۆڕی شاعیران ئەگیرا و ئەم شاعیرانە بۆ هەر بۆنەیەک (شەڕ، سەرکەوتن، جێژنی لە دایکبوون، کردنەوەی خانووبەرە و پرد و هتد) شیعرێکیان بە پاشا و دەرباریان هەڵئەگوت و لە بەرامبەردا خەڵات و پاداشی زۆری پێ ئەبەخشرا کە ئەو دەم بە خەڵاتی پاشایان ئەگوت "سێلە" (صله).

تەنیا پاشایەکی زەمان کە ناوی لە شانامەدا هاتبێ، مەحمووی غەزنەوییە. ئەو پاشاگەلەی تر کە فیردەوسی باسیان ئەکا، هەموویان هی سەردەمانی ئەفسانەیی و ڕۆژگارانی مێژوویی بەر لە ئیسلامن و نابێتە بیانوو بۆ ئەو قسە.

### ١٠. هیچ دەقێک بەدەر نییە لە ڕەخنە و خوێندنەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە دەبینین ڕەخنەگرتن لە شانامە بە تابۆ کراوە، هۆکاری چییە؟

بە داخەوە لە ساڵانی ١٩٥٠ بەم لاوە، ڕەوتێک لە ئێراندا بە پێشەنگیی بنەماڵەی دزێوی پاڵەوی (پەهلەوی) دەستی پێکرد کە لە سەر بناخەی پانفارسیزم دامەزرابوو. هەر ساڵ پارەیەکی خەیاڵی بۆ ئەم ڕەوتە خەرج ئەکرا و هەر ساڵ زیاتر پەرە بە بناخەگەلی نەتەوەیی فارس ئەدرا؛ هاوکات هەوڵێکی زۆر بۆ دوورخستنەوەی گەلانی تر لە پێشینە و ڕەچەڵەکی خۆیان ئەهاتە گۆڕێ کە کوردیش بەرکەوتەی ئەم ڕوانینە چەوتە بوو. شانامەی فیردەوسی بەردی بناخەی ئەم ڕەوتە دەهاتە ئەژمار؛ بۆیە ئەم کتێبە جیا لە دەوری ئەدەبی، لە زەمانی ئێمەدا دەورێکی تریشی گێڕا کە سیاسی بوو و ئێستایش هەر ماوە و لەوپەڕی بەهێزیدایە. ئەم ڕەوتە شانامەی لە مێشکی ئێرانییەکاندا پیرۆز کردووە و هەر بەو پێیەش کەسایەتیی فیردەوسیشیان پیرۆز کردووە؛ وەها پیرۆزکە کەس ناتوانێ هیچ باسێکی نەرێنی یان نەقدێکی جیددی لە سەر ئەو کەسایەتییە و کتێبەکەی بکا؛ ئەو تابۆیە لێرەوە سەری هەڵدا و بە داخەوە هەر ڕۆژ بەهێزتریش ئەبێ. تەنانەت کەسانێک بۆ ئەوەی فیردەوسی دەستنگەخواری مەحموو پیشان نەدەن، مێژوویان گۆڕی و زەمانی ژیانیی فیردەوسییان بردە بەر لە دەسەڵاتی مەحمووتابەم چەشنە بیسەلمێنن کە فیردەوسی دەستی بۆ پارە درێژ نەکردووە و ئەو کتێبەی بۆ دڵی خۆی و نەتەوەی فارس هۆنیوەتەوە. فارسەکان هەر ڕۆژ لە بیری ئەوەدان چۆن فیردەوسی و شانامە بەرزتر بکەنەوە و لە دەرباری مەحموو دووری بخەنەوە.

### ١١. پێگەی ژنان لە شانامەی فیردەوسیدا چییە؟ چونکە ڕای جیاواز لە سەر بیروبۆچوونەکانی فیردەوسی بەرامبەر بە ژنان هەیە.

بەر لە هەر شتێک چاوەڕێی ئەوە نەبین کە لە خوراسانی ئەو دەمدا ژنان زۆر سەربەست بووبن و لە سەر مافی خۆیان پێداگریان کردبێ؛ ئێستایشی لەگەڵ بێت، ئەو شوێنانەی کە لە ئێراندا بیاوانە، ژنان کەمترین دەرکەوتنیان لە ناو کۆمەڵگادا هەیە کە جاروبار لە چیرۆکی نووسەرانی سەردەمی خۆیشماندا وەک جەمالزادە دەرئەکەوێ. بەم پێشینەوە نابێ زۆر چاوەڕێی ئەوە بکەین کە ڕوانینی فیردەوسی لە ڕوانینی نووسەران و شاعیرانی ئەو دەم یان تەنانەت ئێستایش جیاواز بێ. کەمێک پاش مەرگی فیردەوسی شاعیرێک هەر لە خوراسان بە ناوی ناسر خوسرەو وتی کە تەنانەت نووسینیش کارێکی پیاوانەیە و ژنان نابێ دەست بۆ قەڵەم ببەن؛ محەمەد غەزالی پێداگر بوو کە پیاوان کچەکانیان فێری خوێندن نەکەن؛ لە وەها دۆخێکدا ژنان لە شانامەدا ئەبێ چ دەرکەوتنێکیان بێ جگە لەو دەرکەوتنەی کە لە دیوان و کتێبی شاعیرانی دیکەیە. ئەوەی نووسەرانی سەردەم سەبارەت بە ڕوانینی بەرزی فیردەوسی بۆ ژن ئەدوێن، دوورە لە ڕاستی و زۆرتر پیرۆزکردنی ئەو کەسایەتییەیە کە بە هۆکاری سیاسی ئەنجام ئەدرێ.

### ١٢.پێتان وایە بە بەراورد بە هونەری چیرۆک و ڕۆمان نووسین، کورد لە هونەری داستان نووسیندا هەژارە؟

ئەگەر مەبەست لە داستان، گێڕانەوە بە گشتی بێ، ئەبێ بڵێم بەڵگەکان لەوە ئەدوێن کە ڕەچەڵەکی چیرۆکی کوردی زۆر کۆنە و ناتوانین کاتێک بۆ سەرهەڵدانی دیاری بکەین. لە کتێبی یۆنانییەکاندا هاتووە کە کورد لە سەردەمی مادەکاندا چیرۆکی "ئوداتیس و زاریادرس"یبووە کە وەک چیرۆکێکی پیرۆز ئەیانگێڕاوە.

ئەگەر مەبەست ئوستوورە بێ، دیسان کۆنترین ئوستوورەکان هی ئێمەیە. بەر لە ئیسلام ئایینی کوردان میترایی بووە و وەک ئەزانین، کۆنترین بەڵگە لە سەر بوونی ئەم ئایینە، بۆ هەزار و دووسەد ساڵ بەر لە میلادی مەسیح ئەگەڕێتەوە کە ئاشتینامەیەکە لە نێوان دوو ئیمپراتۆری "میتانی" و "هیتی"دا. لە کۆتایی ئاشتینامەکەدا هاتووە کە هەر کەس ئەم پەیمانە بشکێنێ، میترا لە ناوی ببا. ئەم ئایینە کۆمەڵێک ئوستوورەی لەگەڵدایە کە جیهانبینیی کوردان پێک دێنێ و چوار سووچی سەرەکی هەیە: پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خواکان، خۆی، ئەویدی و سورووشت. ئەم چوا سووچە،بوارە جۆراوجۆرەکانی مێشکی مرۆڤی کورد لە خۆ ئەگرێ بە شێوەگەلێکی وەک ئوستوورەی ئافراندن، ئوستوورەی پەیڤ، ئوستوورەی زەمان، ئوستوورەی پەسڵان و زۆری تر دەرئەکەوێ. کەواتە ئایینی میترا وەک بناخەیەک بۆ ئوستوورەی کوردی دێتە ئەژمار و ئەگەر بمانەوێ هەر کارێک لە سەر ئوستوورەناسی (میتۆلۆژی)ی کوردی بکەین، پێویستە لێرەوە دەست پێ بکەین.

ئوستوورەگەلی میترایی لە زاگرۆسەوە بڵاو بووەوە و بە دەستی ئێرانییەکانیش گەیشت و لە ناو داب و ئایینی ئەوانیشدا ڕەنگی داوە و دواتر کاریگەریشی لە سەر ئایینی زەرتوشتی دانا. ئەمرۆ ئێرانییەکان میترا بە خوایەکی ئێرانی ئەناسن، بەڵام توێژینەوەکانی دیاکۆنۆف پێمان ئەڵێ کە هەم وشەکەی و هەم ئایینەکەی مادییە.یەکێک لە نووسەرانی فارس بە ناوی "مێهرداد بەهار" ئەڵێ کە ئێران هەر چیی لە ئوستوورە هەیە، لە زاگرۆسەوە بۆی هاتووە؛ ئەو ئەڵێ کە نە تەنیا ئوستوورە، بەڵکوو جێژنەکانیش وەک نەورۆز و مێهرەگان بناخەی زاگرۆسی هەیە. ئەمە دانپیانانێکە کە ڕاشکاوانە کاریگەری ئایینی میترا دەرئەخا.

بە داخەوە ئێمەی کورد کەمتەرخەم دانیشتووین و نە تەنیا هیچ کارێکمان بۆ ناسینەوەی ئوستوورەگەلی خۆمان نەکردووە، بەڵکوو زۆر جاریش بە چاوی سووکەوە تێی ئەڕوانین یان ئەو دەستەوشە و زاراوانەی بۆی بە کاری ئەهێنین، نارێکن: لە باشوور بە ئوستوورە ئەڵێن "ئەفسانە". هەر لە ڕووی ئەم ناوەوە بزانین کە چەندە پێگەی ئوستوورە لە لای توێژەران و میدیاکارانی کورد دابەزیوە. لە "ئەفسانە"دا جیهانبینی دەرناکەوێ، کەچی لە وشەی "ئوستوورە"دا ئەو جیهانبینییە لەگەڵ باوەڕەکان خۆی ئەنوێنێ. لە لایەکی ترەوە ئوستوورە خۆی چەندین لێکەوتە و دەرکەوتەی هەیە کە ئەفسانە یەکێک لەوانەیە.

من لە ئەنجامدا ئەڵێم کە کورد خەزێنەی ئوستوورەی لە لایە بەڵام لێی بزر بووە و وەرەی ئەوەی نییە خۆی بکا بە خاوەنی چونکە مۆری گەلانی سەردەستی دراوسێی پێوەیە.





# نایە و ڕەسەنایەتی

بۆکان. ئەمین گەردیگلانی

یەکێک لەو پێنج هەستەی لە مرۆڤدا هەیە و چێژی ڕۆحی و جەستەیی پێ دەبەخشێ، چێژی بیستنە، مرۆڤ لە ڕێگای هەر کام لەو هەستانەوە جۆرێک خۆشی و حەز و تەزووی شیرین هەست پێدەکات و جەستە و ڕۆحی دەکەوێتە سەر باڵی نەرمە ختووکەیەکی شیرین کە ڕەنگە بەزمان و نووسین بەیان نەکرێ. جا ئەو هەستەش لە ڕێگای دیتن و بۆن کردن و چێشتن و دەست لێدان و بیستنەوەیە و هەر کامەیان بە شێوەیەک ڕۆح و جەستە دەخەنە ژێر کاریگەریی خۆیان و بە چێژی تایبەتیی خۆیان تاسەی مرۆڤ دەشکێنن. زۆر جار گوێ لە گۆرانییەک یان پارچە مۆسیقایەک دەگرین و وەها لەگەڵیدا دەفڕین و ئاوێتە دەبین، کار لە گیان و جەستەمان دەکات و مۆچرکێکی شیرین سەر تاپامان دادەگرێ، پێستی لەش مێروولە دەکات و مووەکان قرژ دەبنەوە. ئەمە چییە؟ ئاوامان لێدەکا؟ جگە لەو چێژی بیستنەی کە لە ڕێگای گوێچکەوە لە ڕۆح و جەستەمان ئاژین کراوە. جاری وایە بە خوێندنەوەی شیعرێک یان چیرۆکێک ئەو هەستەمان لە لا دروست دەبێ. دیارە خوێندنەوەی شیعریش یان بە شێوەی بیستنە لە ڕێگای گوێچکەوە یان دیتنە و لە ڕێگای چاوەوە دەیخوێنینەوە. ئەم هەستانەی لە جەستەی مرۆڤدا هەن هەموویان پێکەوە گرێدراون و سەری داوەکەش بە ڕۆحەوە لکاوە.

جۆرج سانتایانا نووسەری کتێبی«هەستی جوانی» سەرنجمان بۆ لای هەستی پێنجینە ڕادەکێشی. ئەو دەڵێ: لە هەموو جۆرە هەست کردنێکدا، ئەوەی دەبێتە هۆی ئەو چێژ وەرگرتنە دوو هۆکاری سەرەکین کە دەکرێ لێکیان هەڵاوێرین:

١ـ دۆزینەوەی سەر چاوەی چێژ. ٢ ـ ئەو هەستەی چێژەکەی لێ وەردەگرین. کە لە مەڕ سێ هەستەکەی چێشتن و بۆن کردن و دەست لێدان، بەو شێوەیە و دەبێ هەر دووکیان پێکەوە بن و چێژەکە ببەخشن. بۆ وێنە؛ کاتێک خواردنێکی بەتام دەخوین، جگە لەوەی تامەکەی لە ڕێگای زمانەوە وەردەگرین کە هەستی چێشتن لە زماندایە، بۆنەکەی و دیتنەکەشی چێژمان پێدەبەخشێ. ئەم تایبەتمەندییە هەستی بۆن کردن و دەست لێدانیش دەگرێتەوە. ئەم چێژانەش دیارە چێژی جەستەیین. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ چێژێک کە بە هۆی ناسینی جوانییەوە ڕۆح و جەستەمان دادەگرێ، لەگەڵ هەموو هەستەکانی تر جیاوازە. هەر بۆیە وشەی جوانی تەنیا لەو شوێنانەدا بە کار دێنین کە لە ڕێگەی هەستی بیستن و دیتنەوە پێی دەگەین. ئەوەی ئەم دوو هەستە لە سێ هەستەکەی تر جیا دەکاتەوە، جیاوازییە لە بواری هەستی چێژ وەرگرتندا، کاتێک چاومان بە جوانییەک دەکەوێ، یان گۆرانی و پارچە مۆسیقایەک دەبیستین، لە ڕێگای بیستن و دیتنەوە هەستی پێدەکەین، بەڵام چێژەکەی نەک لە گوێچکە و چاوماندا بەڵکوو لە ڕۆح و زەینماندا هەست پێدەکەین. هەست کردنی ئێمە بە جوانی و وەرگرتنی لە ڕێگای زەینەوە لێرەدا متوربە دەبێ. کەوایە دەبێ بڵێین هەست کردن یەکەم هەنگاوە بۆ ناسینی چێژ وەرگرتن، کە بەشێک لە سەرکیترین پێداویستییەکانی ڕۆحی و مەعنەویی مرۆڤە.

مۆسیقا وەک دەزانین بەشێکی سەرەکی لە ژیانی ئێمەی داگرتووە و مرووشکێنی ڕۆحی تاسەباری مرۆڤە. ئەوەش کە مۆسیقا بژیوی گیانی مرۆڤە نکوولیی لێ ناکرێ. هیچ کەس نییە لە بیست و چوار سەعاتی ڕۆژانەیدا تەنانەت ئەگەر بۆ چەند چرکەش بێ گوێ لە مۆسیقا و ئاواز و گۆرانی نەگرێ. جا لە دەنگی مەل و زیندەوەرانەوە بگرە هەتا ئامێرە مۆسیقاییەکان و گۆرانی و حەیران و باڵۆرە و لاوک، یان زەنگی مۆبایل، هەر کام بە شێوەیەک لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا ئاوێتە بوون و ناتوانین حاشایان لێ بکەین یا خۆیان لێ بدزینەوە. مۆسیقای هەر وڵات و ناوچەیەک چونکە بە پێی سروشت و جوغرافیای زمانی و فەرهەنگی سەری هەڵداوە، کتومت وەک ئەو گیاوگۆ و دار و درەختە وایە کە لەو خاک و ئاو و هەوایەدا ڕواوە و گەشەی کردووە. چونکە تارە دەنگییەکانی گەروو بە پێی ئاو و هەوای ناوچەکە دەنگ و زیل و بەمەکانیان دەردەکەوێ؛ ئەو ئامێرانەش کە لەو ناوچەیەدا دایان هێناوە و کەڵکی لێ وەردەگرن تەواوکەری دەنگ و تارە دەنگییەکانن لە کاتی چڕین و ژەنینی ئامێرەکاندا و دووپۆییان پێوە دیار نییە. هەر وەک ڕێواس و مەندێ و بیزا و... لە گەرمیان شین نابن، خورما و مۆز و پستەش لە کوێستان ناڕوێن. بۆیە گەرووی کەسێکی کرماشانی و خانەقینی بۆ حەیران نابێ و گەرووی کەسێکی پشدەری و موکریانی و هەولێریش بۆ هۆرە نابێ. چونکە مۆسیقاش لە ڕووی تارە دەنگییەکانی گەرووەوە دروست کراوە، تایبەتی ئەو دەنگانەن و لێک دەوشێنەوە. حەیران و بەستەکان چونکە بە شێوەیەکی ڕەوان و بە دەنگێکی کێشراو دەگوترێن لەگەڵ نایە زۆر باشتر دەگونجێن. لاوک و گۆرانیی کرمانجیش چونکە بەرز و نەوی بوون و برگە برگە بوونی دەنگ و حەنجەرەی تێدایە لەگەڵ دیوان و باغلامە باشتر دێتەوە. یان ئاواز و ڕێتمە هێندی و بەلووچی و پاکستانییەکان چونکە بە شێوەیەکی کێشراو و نەپساوە لە گەروو دێتە دەرێ نەی ئەنبان لەو وڵات و ناوچانە دروست کراوە و کەڵکی لێ وەردەگیرێ. یان ئاوازی فارسی و بەتایبەت مەقامەکان چونکە حەنجەرەیەکی چەهچەهە شێوەیە و برگە برگە لە گەروو دێتە دەرێ تار و سەنتوور و... سازە سیمییەکان لەگەڵی گونجاوترە و دایان هێناوە.

نایە ئامێرێکی بادییە و سۆزێکی بلاوێن لە دەنگیدا هەیە و جۆرێک هێنمایەتیی ڕۆحی بە مرۆڤ دەبەخشێ. ئەو ڕەسانایەتی و نەرمی و سۆزە گەرمەی لە نایەدا هەیە، مەگین لە نەیدا هەبێ، دەنا لە هیچ کام لە ئامێرەکانی دیکەدا نییە. ئەوێش هی ئەوەیە پێکی نایەش لە قامیش دروست کراوە و هەر دووکیان ئەو سۆزەی قامیشەڵانیان (نیستان) لە خۆیاندا هەڵگرتووە. بۆیە مەولانا دەفەرمێ:

| | |
|---|---|
| بشنوازنی چون حکایت میکند | از جدایی ها شکایت می کند |
| از نیستان تا مرا ببریده‌اند | در نفیرم مرد و زن نالیده‌اند |

یان مامۆستا هێمنی نەمر دەفەرمێ:

| | |
|---|---|
| نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر | جا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر |
| بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە | شێوەنێکم پێیە نەی نەکردووە |

نایەش کاری لە هەست و سۆزی شاعیران کردووە و لە شێعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. مامۆستا حەقیقی لە شینی هەڵەبجدا دەفەرمێ:

| | |
|---|---|
| به جورعه و مورعه کار پێک نایه ساقی پڕ که مینایه | به قەد کێوی دەماوەند و سەهەندم خەم له دڵ دایه |
| بەهاره و لێی تەوەللایه گەشەی باخ و نەشەی بولبول | بەهارەو کەس له گوێی نایه نەوا و ناڵەی دەف و نایه |

مرۆڤ به پێی سروشت و جوغرافیا و ژینگەی تایبەت به خۆیان بۆ ئەو هەست و ویسته دەروونییەی خۆیان ئامێری مۆسیقاییان داهێناوه و ڕۆحی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان پێ لاواندۆتەوه. یەکێک لەو ئامێرانەی که تێکەڵ ژیانی ئێمەی کورد بووه و له هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا ئامادە بووه و چێژی پێ بەخشیوین نایەیە. نایه،نەرمەنای یان باڵەبان که به پێی ناوچەکان ناوەکەی جیاوازە.

نایه له قەدیمەوه له نێو ئێمەدا بووه و له شادی و ئاهەنگ و زەماوەندەکانما دا یاریدەدەری گۆرانیبێژ و شایەرەکان بووه و شاباڵێکی به هێزیش بووه بۆ حەیران بێژ و بەیت بێژەکان و زۆربەی بەیت و حەیران و لاوکەکانی ئێمه به دوو باڵی دەنگی بێژەر و زایەڵەی نایه هەتا ئەم سەردەمه فڕیون و له ڕۆح و گیانی خەڵکی ئەم چاخەدا هێلانەیان چێ کردووه.

نایه له نێو تورکەکان و کورد و ئەرمەنییەکانی ئێریڤانیش هەیه و کەڵکی لێ وەردەگیرێ. نایه له کوردستان گرنگییەکی بەر چاوی پێدراوه و زۆر به گەرمی وەرگیراوه و خەڵکی چێژیان لێ وەرگرتووه. ژەنیارەکانی ئەو ئامێره مۆسیقاییه له قەدیمەوه له کوردستاندا زۆر بوون، بەڵام بەداخەوه به هۆی نەبوونی کەرەسەی تۆمار کردن له بیر چوونەتەوه. یەکێک له بەساڵاچووترین ژەنیارەکانی ئەو ئامێره که ئێستا له ژیاندا ماوه، قودرەت ئاغاییه که ئەویش له مام عەلیی باوکییەوه فێر بووه. چەند کەسی دیکەش به ناوەکانی خدری ئەڵلا، ڕەزای شامراد، کانەبی، کاکه مینەی سەقزی، نایبه پیرەی بلۆاناوا، یەدوڵلا، عەبدوڵلا شەریعەتی، عەزیز نەجەفی، ئەکبەر یەزدانی، له بواری هونەری نایه و دووزەلەدا خزمەتیان کردووه. عوسمان محەممەدی (عوسمانه سوور)یش دیاره ژەنیارێکی به توانایه و وەک خۆی دەڵێ لەلای قاڵەمەڕه به شمشاڵ دەستی پێکردووه و پاشان ڕووی کردۆته ژەنینی نایه و به هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، خۆی پێگەیاندووه و ئێستا یەکێک له ژەنیاره بەناوبانگەکانی کوردستانه.

نایه هەتا چەند ساڵ له مەوبەر تەنیا له شایی و ئاهەنگەکاندا ئامادە دەبوو و خەڵکی پێیان وابوو تەنیا به کاری شایی دێ. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا نایه چووه ڕیزی ئامێرەکانی دیکەی مۆسیقا و له ئۆرکێستراکانیشدا جێی خۆی کردەوه.

به خۆشییەوه ئەو ئامێره ڕەسەنه له لایەن لاوەکانیشەوه پێشوازیی لێکراوه و هونەرمەندی گەنج و به توانا و پەنجه ڕەنگین مەنسوور بەهرام بەگی به شێوەیەکی زانستی لەو بوارەدا کار دەکات و به دروست کردنی چەند جۆر نایه و تێکردنی کونی زیادی، بۆ ژەنینی هیچ هەوا و ئاوازێک دانامێنێ و نایه له سەر دەستی ئەو بەڕێزه بۆته ئامێرێکی زانستی و بێ کەموکووڕی و بەبێ هیچ گرفتێک دەتوانێ له ئۆرکێسترا سەمفۆنیکەکاندا بەشداری بکات و شان به شانی ئامێره زەربی و سیمی و بادییەکانی تر بڕواته پێشێ. کاک مەنسوور بەهرام بەگی جگه لەوەی ژەنیارێکی به توانایه کەسێکی دڵسۆز و ڕۆحسوکیشه و له هەمبەر مۆسیقای وڵاتدا هەست به بەر پرسیارێتی دەکات و به دانانی فێرگه و یانەی هونەری دەیان کەس له لاوەکانی بەره و ئەو هونەره ڕەسەن و چێژ بەخشه ڕاکێشاوه و هانیان دەدات.

..............................

تێبینی: ئەم بابەته له یەکەم فستیڤاڵی نایه ۱۱ و ۱۲ ی پووشپەڕی ۱۳۹۲ له شاری بۆکان خوێندرایەوه.

..............................................

ژێدەر:
- کۆلکەزێڕینه، دیوانی شیعر، عەبباس حەقیقی، چاپی یەکەم ۱۳۷٤ انتشارات سەلاحەدین ئەییووبی، ورمێ
- ناڵەی جودایی، هێمن،چاپی یەکەم چاپخانەی سەیدیان مەهاباد
- فصلنامەی تخصصی شعر/ شمارەی یازدهم و دوازدهم/ ۱۳۸٦ تهران
- مثنوی معنوی/ مولانا جلالدین محمد بلخی/ چاپ ششم/انتشارات گلی ۱۳۸۷



مەردۆخ کوردستانی

لەم خەوگای چەرخا منی شەیدایی
چاوێکم کردەو له بۆ بینایی
هەر چەندە گەڕیام کەس خەوەرەو نەو
له تەنیاییا منیچ چوومه خەو

نووسەر:عەتتاری نەیشابووری

وەرگێڕ:هادی موورادی

هەر شت زەکاتێکی هەیه
زەکاتی فامین و ئاوەز خەمێکی ئێگجار گەورەیه
نەفامه بێ ئاوەزەکان هەمیشه له پلەزیقان و سەما دان.



# مێژووی کۆن و ئێستای ئەدەب و هونەری کوردی

سنە. عیسا ئەحمەدی

کورد بە درێژایی مێژوو، سەبارەت بە ئەدەب و هونەر خاوەنی دوو پێگەی کارامە بووە:

یەکم: زۆر بنەماڵەی خاوەن دیوەخان خزمەتیان بە ئەدەب و هونەری کوردی کردووە. شاکارێکی مەزن وەکوو مەنزوومەی « شاکە و خان مەنسوور » بەرهەمی حاکمێکی کوردی ئیلامە و پیاوێکی دەسفرۆش کە سێسەد ساڵ لەمەو پێش بە دوو قۆڵی دیوانێکی بەهێزیان لە ئەدەبی کوردیدا خولقاندوە. کاتێ خان مەنسوور پادشا بووە و شاکە خوێفرۆش(نمک فروش).

گەورەترین بێژەرەکانی سیاچەمانە، وەکوو "مام حەیەر" و "حاجی ڕەشی بەلخ" و...لە دیواخانی بەگزادەکانی هەورامانەوە سەریان هەڵێناوە.

ئیمارەتی بابان، زۆر خزمەتی حەزرەتی نالیان کردووە و هەروەها ئیمارەتی ئەردەڵانیش بەرانبەر بە شاعیری بێوێنەی کورد، مامۆستا مەولەوی.

زیرەک بە منداڵی لەبەر هەتیوی و هەژاری بووەتە خزمەتکاری ئاغاواتی گوندی سلێمانکەندی لە ناوچەی فەیزوڵابەگی، کەچی دیویە هەموو ئاغاکانی ئەو بنەماڵە(بنەماڵەی ناهید) ژەنیاری ئامێری تارن. ئەوە یەکم قوتابخانەی هونەری حەسەن زیرەک بووە.

کاتێ خۆی مەجیدخان لە ئاغاکانی موکوریان، دوو بەیتبێژی گەورەی ناوچەکە بە ناوی "هەڵکەتی" و "خڕناڵ" لە سەر پارەی خۆی ناردۆتە ڕەواندز بۆ فێربوونی بەیتی "سوڵتان ئەحمەدی بێنار".

عەودڵ زینکە( ڕۆژهەڵات ناسان ناویان ناوە "هۆمێری کوردان") گەورەترین دەنگبێژی کوردی کرمانج بووە، زۆربەی ژیانی لە دیواخانی مەمەدپاشا بووە.

ماڵەحاجۆ لە تریەسپی لای قامیشلوو چەندین ساڵ مامۆستایان جگەرخوێن و هەژاریان لە لای خۆیان پەنا دابوو...... زۆر شاعیر و هونەرمەند، لە لایەن خاوەن دیوەخانی کوردەوە یارمەتی دراون.

بە هۆی مودرنیتەوە چرای ئەو بنەماڵانە کوژانەوە و ئەمڕۆ ناکرێ چاوەڕوانی دەوڵەمەندانی کورد بین. نەک هەر هەموو بەڵام زوریان تەنیا هەوڵی پارەی زۆرتر و ماشێن و گۆڕینی کەل و پەلی نێو ماڵ دەدەن و هەمووشی بۆ خۆنواندنە.. ئەوان قەت بە پێویست نازانن کە خزمەتی شاعیر یان هونەرمەند بکەن و هەر کاتیان بۆ ئەو جۆرە باسانە نییە.

پێگەی دووهەم: لە کوردەواری ناوەندە ئایینییەکان بوون( لێرەدا کارمان بە شەریعەت و شەرعیەتی ئەو شوێنانە نییە). لە کەرکووک حەوتانە دوو شەو لە تەکیەی تاڵەبانی مەلا تاهای کەرکووکی وانەی مەقاماتی کوردی هەبووە. مامۆستا عەلی مەردان بەرهەمی ئەو سەردەمەیە. یان کاریگەری خانەقای کۆیە بە تایبەت مەلا ئەسعەد، لە سەر مەقامبێژی گەورەی کورد مامۆستا تایر تۆفیق. لە شاری سنە بلیمەتێکی مەزن وەکوو خەلیفە عەبدوسەمەدی عەندەلیبی لە تەکیەکانی ناو شاری سنە پەروەردە بووە. هەروەها خانەقای شەمزین و بیارە و زەنبیل و.. دەیان هونەرمەندی گەورە وەکوو دەروێش ڕەحمانی بارانە، دەروێش عەبدوڵای شمشاڵژەن و.... ئێستا ئەو شوێنانە ئەوەندە کاڵ بوونەتەوە کە بە خەونیش ناکرێ چاوەڕوان بین شاعیری وەکوو مەحوییان لێ هەڵکەوێ.

برایانی کوردی یارسانیش کە کۆنترین ئەدەب و موسیقای کوردیان هەیە ئەوانیش لە مێژە هەر بەم دەردەوە چوون.

دنیای سەرمایەداری ڕۆحی داگیر کردوین و کاتێ بۆ بیرکردنەوە نەهێشتووین، جا لە باسی هونەر و زەوقیش خەریکە فێلمان لێ دەکا. بە مێدیا لایەنگر بۆ کاسبی خۆی دەدۆزێتەوە و دڵێ ئەمەوێ کەسانی خاوەن بەهرە لە هەموو بوارێکا بدۆزمەوە. ئەو بەرنامانە زۆربەیان بیری پارەیان لە پشتە. کەسێک لە بەر زەوق و هونەر بە شەوێک لە تەلەفزیوون ببێتە خاوەن پارەی زۆر. ڕەنگە لە وڵاتانی ڕۆژاوایی تا ڕادەیێک باش بێت، بەڵام بۆ کوردەواری بێکەڵکە. چوونکا ڕەنگە تۆ لاوێک بدۆزیتەوە کە دەنگی وەکوو مامۆستا مامڵێ خۆش بێت بەڵام دەتوانێ ببێیت بە کەڵە هونەرمەندێکی وەکوو ئەو؟ بە دڵنیاییەوە نا. چون ماملێ بەرهەمی مەکتەبێکی ئەدەبی هونەرییە کە بلیمەتێکی وەکوو مامۆستا وەفایی بناغەی داناوە. ئێستا تۆ ئەو لاوە لە کامین مەکتەب پەروەردە دەکەی. تەنیا باسی بەهرە نییە. ئەو شوێنانە کە بتوانێ ئەو کەسانە پەروەردە بکات نەماون.

ئەم دەردانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە ساڵهای ساڵە، لاوی کورد کە دەیەوێ ڕوو لە هونەر و ئەدەب بکات، وادەزانێ کورد خۆی هیچی نییە و دەبێ پەنا بەرێتە بەردەرکەی بێگانە.

لە دنیای ئەمڕۆدا بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانە پێویستمان بە کارێکی بنەڕەتییە. ئەبێ هەموو ئاسەوارە هونەریەکان کۆ بکرێنەوە و ڕیزبەندی و تئوریزە بکرێن. جا ئەم کارە بە کەسانێک دەکرێ کە لە دەلاقەی چاوی عەرەب و فارس و ڕۆژاوایی بۆ خۆیان ناڕوانن. ئەوەش کە ڕوو لە ئەدەب و هونەری کورد دەکا نابێ چاوەڕوانی ئەوەی بێت لەو ڕێگاوە ژیانی دابین بێت. لە باسی ئەدەبیات ئەگەرچی بە ڕواڵەت دۆخەکە باشترە بەڵام، ئەبینین بەپێی ڕاپورتەکان، زمان و ئەدەبی چەندین شێوەزارمان مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە. زاراوە بەهێزەکانیش هەر بە شێوازی کۆن مامەڵە لەگەڵ ئەدەبیات دەکەن.ئەبێ ئەدەبیاتمان بەردەوام لە نوێبوونەوەدا بێت و بیر لە پێداویستییەکانی سەردەم بکاتەوە.

# پارە نۆکەرێکی چاک و ئاغایێکی خراپە

سنە. عیسا ئەحمەدی

سەرلەبەیانی بوو، هەورەکان گەواڵ گەواڵ بە ئاسمانەوە خۆیان دەنواند و مزگێنی بارانیان دەهێنا... دوو ڕێبواری ماندوو لە سەر تووڵەڕێی باریکی نێو دۆڵەکە ڕێگەیان دەبڕی.. بە قەد پاڵ وگۆی شیوەکاندا، تا دڵ حەزکا و چاو بڕکات، دیمەنی دڵڕفێنیان لەبەر چاو بوو. سروشت بە بێ چاوەڕوانی و بە دڵۆڤانی، هەستی بە ژیان دەبەخشی.... هەروا کە هەنگاویان دەنا، وردە وردە دیواری ئاسیاو(ئاش)ی دۆستی دێرینیان لێ دەردەکەوت.

یەکیان وتی خۆ بڕیار بوو باسی چاوپێکەوتنی کاکتم بۆ بکەی! ئەویش پاڵی دا بە گاشەبەردی لاڕێوەو ویستی تووتن و پەڕێک هەڵپێچێ و جگەرەیەک داگیرسێنێ و دەست بکا بە گێڕانەوە، کەچی باران پێش لە ئەو دەستی پێکرد! بێ سێ و دوو، هەردووکیان بەرەو ئاسیاو هەڵاتن.

لەبەر دەرکەی ئاسیاو، تەڕ و تلیس، شەکەت و ماندوو، دۆستی دێرینیان لە ئامێز گرت.

لەو کاتەیدا کە شریخەی هەور و خوڕەی بارانی لیزمە ئەو دۆڵەی دەهەژاند، ئەوان پشتیان لە سۆبەی دارین کردبوو. ئەمجارە بە هێمنی و کاووخۆ دەستی پێکرد.

کاکم هەر لە هەرەتی لاویەوە، بە هیوای دامەزران لە دایرە دەوڵەتییەکاندا بوو. پاش ئەوەی کە دامەزرا، ئاواتێکی لێ پەیدا بوو! ئەویش ئەوەی کە بتوانێ پاش خانەنشینبوون(بازنشستگی)، باخێکی گەورە بکڕێ کە ماڵێکی چەند نهۆمی تێدا بێت و لەوە بەدوا لە شار دوور بێت و بە کەیفی خۆی بژیێت. بۆیە هەموو خۆشی دنیای لە خۆی حەرام کردبوو. هەر پارەی لە سەر پارە کۆدەکردەوە، هەوڵی دەدا بزانێت کامە بانک سوودی پارەی زۆرترە، جار جارەش کە ڕۆژنامەی دەکڕی، تەنیا بۆ ئەوە بوو کە بەشی فرۆشتنی ماڵ و مەزرا چاو لێ بکات. پاش چەند ساڵ لە گەڵ ژنێک کە بە تەمەن لە خۆی زۆر گەورەتر بوو هاوسەرگیری کرد، بەبێ هیچ خۆشەویستییەک! تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئەویش بڕێک پارەی شک دەبرد. پاش کڕینی باخی تایبەت و خانەنشینبوون، خێزانیشی کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژێک ناونیشانی باخەکەی بۆ ناردم. کە چووم دەوراندەوری ئەو باخە پان و بەرینەی وەها بە حەسار و پەرژین قایم کردبوو، مێشوولەی لێدەرنەدەچوو، چەند سەگی دڕی لەبەر دەرکە ڕاگرتبوو.... کاکم لە چاو ساڵان زۆر پیرتر دەهاتە پێش چاو. ئەو شەوە زۆر بەسەرهاتی کۆنمان گێڕاوە. کاتی نووستن لە نێو جێ، لەبەر وتووێژە هیچ خەوم لێ نەکەوت... تا بەیانی کاکم چەندجار لە نێو جێگا هەستا، لە بەر نەخۆشی دەبوا چەندین حەبی جۆراوجۆری بخواردایە. من بیرم لەو جۆرە ژیانە دەکردەوە. کەسێک کە تەواوی ژیانی، خۆی لە خۆشی ژین، بێبەش بکات و وەکوو سواڵکەر بژیێت، تا ڕۆژێک خانوو و باخێکی گەورەی هەبێ و ئەوە بە بەختەوەری بزانێت. جا مەگەر بەختەوەری شتێکی تاکەکەسیە؟ ئەویش لە کۆمەڵگایەک کە هەزاران منداڵی برسی لێیە. وا دەزانن بەختەوەری بە قەمتەرکراوی ونان نەخواردن دەست دەکەوێ. کەچی دواڕۆژیش تووشی هەزار دەرد و ئێش دەبن. لەم ڕۆژگارەی ئێمە بەختەوەری ڕاستەقینە هەر بوونی نییە، مەگەر تەنیا ئامانجی بەرزی ئینسانیت هەبێ. بەداخەوە وایان ڕاهێناوین کە تەنیا کار و کار و کار و ئاوات و خەیاڵی دوور. ئەم چینە کە کەمیش نین، هیچ هەنگاوێک بۆ چارەسەری دەردەکانی کۆمەڵگا هەڵناهێنن. لە کاتی باسی حەق و ناحەقدا هەم کەڕن هەم لاڵ. بەختەوەری بە بێخەبەری مانا دەکەنەوە و پێیان خۆش نییە بزانن دنیا چ باسە. لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، بە شانازیەوە دەڵێن ئێمە لە دەنگوباس و هەواڵ دوورین.

بۆ گەیشتن بە پارە کە بە لووتکەی بەختەوەری دەزانن، خۆیان لە دۆستایەتی، خزمایەتی، مرۆڤایەتی، زانست، سروشت، و نیشتمان و... گێل دەکەن. کاتی نەداری، قیزەونانە تەنیا بیر لە پارە دەکەنەوە و پاش دەوڵەمەندیش ژیانیان قیزەونتر دەبێ. ئاخر بیری بچووک، ڕۆح و دڵیش بچووک دەکاتەوە!

بەیانی کاکم وتی: تۆ لە ماڵەوە دانیشە من دەبێ بچم بۆ لای قازی و دادوەری ناوچە. لەگەڵ چەند کەس لە دراوسێکان لەسەر نۆبەئاوی چۆم کێشەم هەیە.

نازانم هاوڕیانم، هاوڕام بوون یان نا؟ دیارە ئەوانیش کەسی وایان لە دەوروبەری خۆیان شک دەبرد. بەڵام بیری ئینسانی تەنیا بە وتار نابێ و خەڵک ڕێگای خۆیان دەپێون.

ئانتوان چێخۆف ١٨٩٧.

خوێنەری هێژا؛ بۆچوونی خۆم وایە کە چێخۆف دەڵێ ژیانتان وەها شەتەک مەدەن بە پارەوە کە نەتوانن، لە لەشساغی، زانست، دۆستایەتی و سروشت کەڵک وەربگرن. شتێک کە لە پێشەکی ڕۆمانەکە بە ساکاری وجوانی پیشانی داوە. هەروەها دەڵێ بەختەوەری بە ئاکامی ڕێگای ژیان مەزانن، بەختەوەری چێژ وەرگرتنە لەخودی ڕێگاکە.

## بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قوڕەیشی



## کاریکاتۆر





## خشتە١٣

گلاڵە کردنی خشتە: زانا کوردستانی.
برووجرد

| ۱۱ | ۱۰ | ۹ | ۸ | ۷ | ۶ | ۵ | ۴ | ۳ | ۲ | ۱ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | M | | | | | | ۱ |
| | | | | M | | M | | | | | ۲ |
| | | | M | | | | M | | | | ۳ |
| | | | | | | | | | | | ۴ |
| | M | | | M | | | | M | M | | ۵ |
| M | | | | | M | | | | | M | ۶ |
| | M | M | | | | M | | | M | | ۷ |
| | | | | | | | | | | | ۸ |
| | | | M | | | | M | | | | ۹ |
| | | | | M | | M | | | | | ۱۰ |
| | | | | | M | | | | | | ۱۱ |

❖ ئاسۆیی:

١ ـ ماندووبوونی گیاندار لە بەر زۆر لنگدانی ـ شتێکە کە لە پایزدا بەکار بێنرێ
٢ ـ ناوچەیەکە چەند شار و دێیەکی تێدابێ ـ پارچە
٣ ـ ئمجا و ئەنجا ـ سەر سەری شت
گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک کەوەر وایە دەچێنرێ و بنکێکی سپی بۆن ناخۆشی هەیە وەک پیاز
٤ ـ لە شاعیرەکانی هاوچەرخ
٥ـ هەوڵدان بۆ گرتن یا کوشتنی گیاندارێک کە گۆشتی بخورێ لە دەشت یا لە ئاودا ـ یانزە
٦ ـ لە ناوەکانی ژنانە ـ ناوچەیک لە پارێزگای ایمرتی لە وڵاتی گورجیستان
٧ ـ زانینگەیکە لە وڵاتی ئەمریکا ـ لەشکر
٨ ـ مانگی حوزەیران کە سی ڕۆژە، ئیتر بارانی تێدا نابارێ
٩ ـ ڕمە ـ مردن ـ سوو و نزوول
١٠ ـ پەلهەوانەکان ـ کوڕ و کچی لە گەڵ یەک
١١ ـ شانینی ئیران ـ وارش

❖ ستوونی:

١ ـ دەسماڵ و سەرووک ـ شقارتە و شەمچە
٢ ـ خرینگی و هیرقەهیرقە ـ ڕێنووس
٣ ـ بەرهەڵست و خەنیم ـ بریتییە لە ئیشوکارێکی لاوەکی کە خرابێتە سەر ئیشوکارێکی تایبەتیت
٤ ـ نام و ئیسم بە تورکی ـ فەڕەنگ ـ پیتی نەفییە بۆ ئێستا و لەمەولا
٥ ـ کەسێکە کە لە کارێکدا زۆر شارەزا و زانیار بێ ـ خۆڵی دەسکوت
٦ ـ مام ـ نیشانگای تفەنگ
٧ ـ پیتی نەفی سیفەتە لە یەکێک ـ ئەسپۆن
٨ ـ نەرمامێر یان کورتەنویسینی ئەپلیکەیشن ـ عازاو
٩ ـ لای هەرە ژووروویی سەرت ـ چوار پیتی یەکەڕەنگ
١٠ ـ دەنگێکە وەک دەنگی چۆلەکە و سیسرک (زریوە زریو) زریوەی یەک لە دوای یەک ـ تەک و تەیچە
١١ـ چوڵ و بیابان ـ کچێکە کە شووی نەکردبێ

## جواوەکانی خشتەی گۆڤاری ژمارە ١٢

| ۱۳ | ۱۲ | ۱۱ | ۱۰ | ۹ | ۸ | ۷ | ۶ | ۵ | ۴ | ۳ | ۲ | ۱ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئ | ێ | ت | ن | ۆ | پ | ر | ا | ک | ل | ی | ژ | ■ | ۱ |
| ن | ■ | ه | ن | ا | ڵ | ک | ی | د | ر | و | ■ | ه | ۲ |
| گ | س | ■ | ه | س | د | ■ | ز | و | ی | ■ | و | ێ | ۳ |
| ر | و | ل | ■ | ه | ا | م | ■ | و | ■ | ت | ه | م | ۴ |
| ی | پ | ا | ق | ■ | ن | ر | ت | ■ | ل | ا | ک | ن | ۵ |
| د | ا | ■ | ا | ج | ■ | و | ر | ب | ا | ■ | ی | م | ۶ |
| ب | ■ | ا | پ | ی | س | ■ | پ | و | ت | ■ | ■ | و | ۷ |
| ێ | چ | ■ | ا | ر | ه | ب | ■ | ر | ه | ■ | ژ | ک | ۸ |
| ر | و | ه | ن | ■ | ر | و | ه | ■ | ک | و | و | ر | ۹ |
| گ | ا | ر | ■ | د | ■ | ک | گ | س | ■ | و | و | ی | ۱۰ |
| م | ر | ■ | ر | ه | ه | ■ | د | ی | ش | ■ | ر | ا | ۱۱ |
| ن | ■ | ر | و | و | ل | ه | گ | ر | و | گ | ■ | ن | ۱۲ |
| ■ | ک | ی | م | ا | ن | ی | د | ۆ | ر | ی | ا | ئ | ۱۳ |



## فریشتەیەک لە ڕەنگی دایک

« دایک،شایستەترین ئەندامی بنەماڵەیە »

شنۆ. عەلی ڕەزا محەممەد نیژاد"دیار"

ژنێک لە ڕەنگی بەهار، باخچەیەک سیو و هەنار، ڕەگەزێک دلۆڤانی. چوار پیتی پڕلەجوانی! بەرۆکێک لە مێخەکبەند، کوێستانێک پڕ کەند ولەند، ئاوازی زێڕ و خرخاڵ، بۆنی هەڵز و لیمۆی کاڵ. ئەندامی ڕێکی ناو ماڵ، هاژەی بە سۆزی شمشاڵ،گوڵجارێک کەنێرەی تەڕ. فەرهەنگێک تەژی لە پەڕ!

دایک: چوار پیتی ڕێکە، داڵ، ئا،ی و ک.

داڵ! دڵۆپ، دڵۆپ. بارانی. شاژنی هەوارانی. شێعریکی دڵبزوینی. دیمەنی خەمڕەوینی. ڕوخسارێک پیکەنینی، خۆنەویست و شیرینی، خۆبەخش و خۆڕاگری. بڵێسەی سەر ئاگری. تاقە داریکی بەرزی، بێ وینەی لەسەر ئەرزی.

ئا! ئەوینێکی پڕ نووری، ئاسۆیەک بەرەو دووری.ئاسمانێکی ئاوینی، ئاوازی ئاوی شینی، ئاوێنەی مرۆڤ بوونی، هیوای دواڕۆژ و ژینی. کوێستانێک ئاخاوتنی، هەوێنی سەرکەوتنی.ئاوێنەی ژیان وژینی، دنیایەکی بەرینی.

ی! یا وخاتوون وپەری،هەروەکوو داری بەری. یەقەن وجوان ودەلالی، ئاسکە کێوی وخەزاڵی. یار و یاهی وئاکامی، خۆرستێکی ئارامی، لاسارترین ئاوازی، لەهەموو کەس جیاوازی، یانەی بەرزی ژیانی، گەلێک نەرم ونیانی. شەفای دەرد وئێشانی، ئەستێرەی کاکێشانی. کۆلارەی کۆلارانی. ئاسۆگەی ئێوارانی

ک! کەژ وکێوی کەڤینی، گەرمایەکی بەتینی. کابانێکی شیرینی،کوردستانی ڕەنگینی، پەرەنگی گۆی زەمینی، پان ومەند و بەرینی، کەژاڵ و وردەخاڵی، لە ناپاکی بەتاڵی، بەهەشتێک لەژێر پێتە، ڕێباز ورێگەم ڕێتە...

دایە! ژین و هەناسەم،سەرچاوەی خۆشی وتاسەم.کانزای زێڕ وزێوینم، هەر بەخۆشیت ببینم.گەرتۆم هەبی دڵنیام، هەرس نایەنی دنیام....



بانە. ک.د.ئازاد

## سوژدە

لە عاستی هیچ دەسەڵاتێ
هەرگیز سەرم دانەنەوی!

بۆ هیچ کەسێ،
سوژدەم نەبرد،
وەک ترسەنۆک!

هەرخەیاڵ بوو،
بۆ زێڕ، بۆ زۆر،
بێمە سەرچۆک!

بەڵام کاتێ گەڕامەوە؛
بۆ زێدەکەم،
ئازاد بێ باک،
سوژدەم برد و
ناوچاوانم خستە سەر خاک!



بۆکان. سەعید سەلیمی بابامیری

## Bowing down

I do not bow my head to the powers, never.

I have never ever bowed down as a yesman, as the cowardly people do.

It is in my enemies' dreams to kowtow to money or might.

But anytime I am back to my motherland, bold and free, I bow down and put my forehead on the ground beside my hands.



## غەمی پیرۆز

هونراوەی:مامۆستا سایە

وەرگێڕ; سووتاو

چ موارکە غـەمی تۆ،کە لەناو دڵی منایە
چەعزیزە ئەو غەمەی تۆ،کەپڕی‌سەفا و وفایە

کەتۆ پێمئەدەی غەمی‌خۆش،چبەچێژە نازەنینم
چ بەمن ئەدەی،کەبێژم لەوخاسترت لەلایە

لەچڕێگەیەک گوڵی من،کەدەچی ودێی بڵێ‌پێم
کە ئەتۆم نەدیوە جارێک دڵە جێگەت ورەوایە

بە سەری بڵێندی سەوڵت‌لەشەوی‌ڕەشی ژیانم
وەکوو سرووەی کەی بەیانی وەرە تۆ بەلای‌لایە

گەلێ دوورە ئەو وتارەم لە قەراغی واتەبۆیە
بە نهێنی تۆ وسایە،چدەڵێن؟چ ماجەرایە



## گۆمی‌غەم

مەهاباد. سووتاو

گۆمە دڵەکەم بۆغەم و غەمخاری نەماوە
کۆرپێکی نەخۆشە کە پەرەستاری نەماوە
لەوشارە بە تەنیـا دڵـی دێوانە و کـەیلم
غەیری غەم و مەینەت لە جهـان باری نەماوە
جێگەی قەفەسە،باڵی شکێ،تەیرێ کە ئیمرۆ
بۆ وەسفی گوڵی،نەغمە و گـوفتاری نەماوە
زۆر خەستەیە جەستەم گەلێ بێ مەیل و کڵوڵم
مـردن بەشی ئەو قەلبەیە دڵـداری نەماوە
ڕازی نیە ئیمڕۆکە غەمیش بەو دڵە کەیلە
نێـو ماڵی دڵم،کاولـە دیواری نەماوە
ئەی بەرگی بەری سـووکێ بکە ماچی‌لەشی‌وی
ئەو شازە گـوڵەم،تاقەتـی ئازاری نەماوە
لەو جێیـە کە جیاوازی نیە شاعیر و شایەر[١]
هەر بۆیە غەزەل بایەخ و کـڕیاری نەماوە
من لاڵ و وەڕەز سەر بەهەش و بێ دەرەتانم
"سـووتاو"ی ئەوین تاقەتی ئازاری نەماوە

[١] شایەر=مەدداح



## بێ بەڵێن

مەهاباد. تاهیر عەزیزی

چقڵی ئەو زامەی لە لاشە و هزر و ڕوحی منا چاندت تا چەرخی گەردوون لە گەڕ دا بێ ئێش و ئۆفی هەرگیز نابڕێتەوە و نابڕێتەوە،لە ئاوزینگیش گوێقوڵاغی ترپەی هەنگاوەکانی تۆم،پاشی مەرگیش چەمان لە چەمەڕات ئەبڵەق وەستاون،لەو دونیاش چاوانم چاو لە ڕێی دێتنەوەتە ئەی فریشتەکەی نەجاتی هەر دوو دارم، تۆ چی و چ جەللادێکی و لە تۆرەمەی کێی کە خاوەن و فەرماندەری تەک تەک هەناسەکانی ژینی هەر دوو دونیامی و
ڕاهێنەری مەلەوانی لە هەسێلی لێلی سۆڵاوی چاوانی چاو لە ڕێگەی گەڕانەوەی ئەبەدیت ئەی خواژن و دیارییەکەی خوا و یەزدانی جوانی...
ئیتر لە دوای تۆ دڵی هەڤین و هەڤسۆز و کڵۆڵ و شەقار شەقارم بە چی و بە کێ خۆش بکەم،کە لە ژێر ئابڵۆقەی ئاپۆڕای هزر و بیرەوەرییەکانت خوێنی ڕەش دەدەڵێنێ و هێور هێور دەتوێتەوە،بەهەر چاوتروکانێک و هەنگاونانێ لە ئاوەزێی ئەم سینە پڕ لە ئاخ و ئۆخ و داخ و حەسرەتە سەدان زام و خەمی نوێ بە هەڵم و تیرێژی یادەکانت هەڵسوونە دێننەوە و پەلەقاژە و کێبرکێی بوژانەوە و چرۆکردنیانە،هەر ئەو کاتەی بە کۆڵێک تاسەی شێتەوە مەست و شەیدا بەرەو کەناری ژوانگەمان هەنگاوم نا و ملی ئەم ڕێگە پڕ لە نەهاتەم گرتەبەر پاش چاوەڕوانییەکی زۆر و بێ ئاکام دەنگی ئەم ڕستەیەی بە گوێما چرپاند تا دەمی ئاوێلکەش لە گوێما دەزرینگێتەوە کە بە ئارامی دەیوت؛لە چی دەگەڕێی بەشوێن کێدا وێڵی ئەی هەژاری کەنەفت و کڵۆڵ ئەو لێرە نەماوە و دەمێکە شەقامە شوومەکانی ئەم شارە شەڕانجوویەی جێهێشتووە...!
ئەی بڕیار نەبوو شان بە شانی یەک تۆوی گوڵانی گڵزاری ژیان بچێنین؟
ئەی بڕیار نەبوو ئاڵای ئەشق و پێکەوە ژیان لە لووتکەی بەرزی وەفا بچەقێنین،
بە وتنەوەی دروشمی مەرگ و مانی پێکەوەمان سەرجەم نەیارانمان بتاسێنین،
کەچی کاولت کردەوە کۆشکی هیوا و تەما و تاسەم،
گڕت بەردایە دەرووی پاوانی هەستی هەناسەم
پشتت خاڵی کردم کاتێک بە پشت و پەنام زانیی
هێناتنەوە سەیرم ناحەزانی گیانی بە گیانی...!

# مەکری ژن



بانە. سروور

کابرا هەموو ڕۆژێک چەڵەمەشکێنە دەکات و بە خۆشییەوە دێتەوە و بۆ ژنەکەی دەگێڕێتەوە کە چەندە ئازایە.
ڕۆژێک بە ژنەکەی دەڵێ: ئەمشەو لە ماڵی حەمە میوانم. ژنەکەی دەڵێ: ئا پیاوەکە چییە؟ دەڵێ: چەڵەمەشکێنەیە. بۆ قەم بردۆتەوە. ژنەکەی دەڵێ: کوڕە ئەوەندە فشەفش مەکە، نەکا ڕۆژێ بیدۆڕێنی. جا چۆنە با من و تۆش چەڵەمەشکێنەیەک بکەین. کابرا دەڵێ: لەسەر چی؟ ئەتۆ چت هەیە تا لەسەری بیکەیت؟ کەڵەشێرە؟ هی خۆمە. مریشکە هەر هی خۆمە. بەڵام نا... وەک شتێ کراسێکی زۆی جوانت هەیە، ئەگەر من بردمەوە کراسەکەت دەکەمە بە پشتوێن بۆ خۆم. منیش پەشمێکی زۆر جوانم هەیە ئەگەر تۆ بردتەوە دەیدەم بە تۆ بیکە بە کراس بۆ خۆت.
ژنەکەی دەڵێت: زۆر چاکە بەڵام جیا لەو شتانە من زۆر لە پشیلە ئەترسم کە دۆڕانت دەبێ وەک پشیلەش بۆم بمیاوێنی، تا ترسم لە پشیلە ئەشکێت. بەمجۆرە چەڵەمەشکێنەیان کرد. کابرا تەشوێ و مشاری هەڵگرت و ڕۆیشت بە لای دارتاشینەوە.
لەم کاتەدا ژنە لە گوێی کەوت، کە کابرای «کتێبگرە» هاوار دەکات: کێیە نووشتەی چەور و شیرینی بۆ بکەم؟ کێیە تا لای مێردەکەی خۆشەویستی کەم؟ مەکری ژنان تاقی دەکەمەوە...
ژنە گوتی: خاڵە! خاڵە! هەتا ئێرە وەرە بزانم، کارم پێتە. کابرا وەژوور کەوت. ژنە دوای بەخێرهاتن گوتی: فەرموو، فەرموو ئالێرە دانیشە. کابرای فاڵگر گوتی: کەستان لەماڵ نییە؟ ژنە گوتی: نا وەڵڵا! کەسمان لە ماڵ نییە. فەرموو ئێستا دێمە خزمەتت. کابرا جارجارێک چاوێکی لە ژنە دادەگرت و لێی دەچووە پێشەوە. لەو کاتەدا، تەق تەق، لە درگایان دا. کابرا گوتی: دەک ماڵت خراپ بێت، ئەوە کێیە؟ ژنە گوتی: بەخودا ئەوە کابراکەمە هاتۆتەوە. کابرا گوتی: جا چۆن خۆم بشارمەوە؟!
ژنە گوتی: هەستە بڕۆ ناو ئەو سندووقە با سەری سندووقەکە داپۆشم.
ژنەکە دەڕوات درگاکە کاتەوە چاوی بە پشیلەیەک دەکەوێت. لە ترسان دەڵێ: ختە، ختە، گوربە! ئاورت تێبەر بێت. کاتێ درگا لە مێردەکەی دەکاتەوە، مێردە دەڵێ: ژنە بۆچی درگام لێناکەیتەوە؟ ژنە گوتی: زۆر ناساخم پیاوەکە. کابرا دەڵێ: جا بۆ ئاشە کۆنەیە؟ من ڕۆیشتم تۆ ساخ بوویت، بۆ ئێستا تێکچووی؟ چ قەوماوە؟
ژنە دەڵێ: کابرا با قسەیەکت بۆ وەگێڕم. کەمێک لەمەو پێش کابرایەکی فاڵگر هات و گوتی: مەکری ژنان دەنووسم، ژن لای مێرد خۆشەویست دەکەم... پاش قەیرێک لە دەرکەی دا و هاتە ژوورەوە. ئا لەم جێگایەی تۆدا دانیشت. کابرا ئاوری گرت و گوتی: ئەی جا چۆن دەرت نەکرد؟ ژنە گوتی: بە هیچ جۆرێک نەڕەدەڕۆیشت. جارجارێکیش چاوی لێ دادەگرتم و لێم دەهاتە پێشەوە. کابرا وەک شێتی لێهات گوتی: لە کوێیە، کوا؟ با بەم تەورە لەت و پەتی کەم.
ژنە گوتی: ئاخر تۆ خدا گوناحە. هیچی لێ مەکە...
کابرا گوتی: هیچی لێ ناکەم، پێم بڵێ لە کوێیە هەر سەری دەشکێنم. ژنەکە لەپڕ کلیلی سندووقەکەی دا بە دەست مێردەکەیەوە و گوتی: ئەوەتا لەناو ئەم سندوقەدا. کابرا هات بچێ درگای سندووقەکە کاتەوە و کابرای فاڵگریش ئاگای لەم کەین و بەینە بوو و لە تاوان خۆی پیس کرد. کە پیاوە کلیلی لە دەست ژنە وەرگرت، ژنەکە گوتی: کابرا! ئەی نەمانبردەوە.
کابرا کلیلی فڕێدا و گوتی: ئەک ماڵت کاول بێت ژنە، وەڵڵا تۆ بردتەوە.
ژنە گوتی: دەی جارێ لە کۆڵم کە و وەک پشیلەش بمیاوێنە با ترسم لە پشیلە بشکێ. دەی زووکە لەمبەر هەتا ئەو بەر ئاگردانەکە بمبە و بمهێنەوە و میاو میاوم بۆ بکە. کابرا گوتی: دەی جا با میاومیاوی تێدا نەبێت، چییە؟ ژنە گوتی: زوو کە ئەبێ لە کۆڵیشم کەی!
کابرا بە قسەی دەکات. لە دوایدا ژنە دەڵێت: دە هەستە، خێراکە تا دووکان و بازاڕ ماوە بڕۆ هەندێ شتمان پێویستە، زوو بیکڕە و بیهێنەوە.
مێردە ڕۆیشت و ژنە درگای سندووقی کردەوە و گوتی: هەستە خوێڕی، هەستە وەرە دەرێ.
کابرا هەر هاتە دەرێ گوتی: تۆبە، تۆبە ژنەکە. ئیتر من بێت و مەکری ژن نەنووسم و دوای مەکری ژنان نەکەوم.
ژنەکە گوتی: دەک لەشت داوەشێت چ پیاوێکی لە ترسان خۆشی تەڕ کردووە. خۆ خەریکە مردار دەبێتەوە. بێ بڕۆ، بێ بڕۆ هەتا مێردەکەم نەهاتۆتەوە.
کابرا هەر ئەڕۆیشت و ئەیگوت: تۆبە... تۆبە... تۆ ئەوەی بە مێردەکەت کرد ئاخۆ بە من چ بکەیت؟؟!!
ژنە هاواری لێکرد و گوتی: بڕۆ هەر کات ئەم مەکرەت نووسی، پڕ و پاشیلەی خۆشت لە بیر نەکەی.

سەرچاوە: کتێبی هەگبەی مامۆستایەکی لادێ ـ نووسینی ئامینە عەزیزی" سروور"



## میوانی عەجیب

(ساڵان لە زۆرشوێنان ئاوابوو)وە رگێڕانێک لە گۆفارێک!!(درامایە کی پێشا کرۆنا! )

بۆکان. عەلی حەقیقی

ماڵی ئێمە دوێ شەوێ هەرعەینی میهمانخانە بوو
بۆ شلووغی و هاتو چۆی چەشنی تەماشاخانە بوو

هات و هاوار و هەرای ئەو ماڵە لەو عاسمانە بوو
من لە ناو ئەو جەمعە  مەجنوون خانمیش دێوانە بوو!

خاتوو عوزرا و خاتوو کوبرا و چەن هەتیوی کا جەواد
دوای ئەمانیش مەلەقا  بێهجەت  لەگەڵ  فە رزانە بوو

مستەفاخان : هاوسەری و شەش حەو کوڕی بێ تەربییەت
ئە کبەر ئاغا و بەدری خانم هەروەها  ئەفسانە بوو

کا توراب و کاکە باقر کاکە  مەحموود وحەسە ن
ژالە و مەحبووبە و مەعسومە و پەروانە بوو

هەر وەتاغێکی دە چوی پڕ بوو لە بێچووی ناجسن
ناجسن تر بێژەن و کچەتیوەکەی فەتتانە بوو

ئاخرێکەی کاکە بێژەن فەرشە کەی خووساند بوو
میزی کرد بوو چون لە تەک حوجب و حەیا بێگانە بوو

زوو بە دو دەستان ئەوی هاتبا بەری قووتی ئە دا
هە ربەمست ئاجیل و پستە و میوە دانە دانە بوو

ڕێگەمان بۆ هاتن و چوون تاقە بستێکی نەما
هەروە کوو مێروو دە چوو میوان و ماڵیش لانە بوو

شامە کە لێ بوگزەرێین چۆن هات و چۆنمان  پێ خورا
موختە سەر هەر کەرکەرێنێکی! برا تاقانە بوو!

هە ڵمەت و حەملە ی مەغوولم ناو کتێبا بیستبوو
ماڵی ئێمەت هەر کە دیبا  عەینی ئەو مەیدانە بوو

عاقیبەت یەک یەک وەدەر کەوتن لە ماڵێ نیوە شەو
بی خەوی ما بۆ من و شل بوونی ئەم قاچانە بوو!

کتێبی ڕەخنەکان

## ژینی ئە مرۆ

بۆکان. عەلی حەقیقی

حیکایە ت بوو لە هەووەڵ کاتی ژینم
ئەویندارى و دلۆوانی بەدینم

بە پێ و شوێنی تەمەن دا چووم و نەم دی
کە سێکیش بێ بە سارێژی برینم

لە کۆمەڵ سەهلە ناو خێزانی ماڵێ
تەبایی وەک قسەی جۆکێ دەبینم

هە موی کێرد و پەنیرە هەرچی دیتم
لە ناو کۆمەڵ نەیارانێ دەبینم

نە بوو ڕۆحمێ ئەوی دیتم سەرابە
لە بێعاری زەمانەی وا بەقینم

قسە ی میهر و وفا خۆشە ❋لە دوریت!
خودا دوربم لە یاری نازنینم!

کە ئەوزاعی زەمان ئاوایە بۆیە
سرۆشکم دێنە خوار چاو پڕ گرینم

هەمو سوتاوە جەرگم بۆیە بۆسۆ
دەچێ تا ئاسمانی حەوتەمینم

هەتاهێزێ لە لەش دا ماوە قوربان
هەتا هەستی ئە وین ماوە ومژینم

وەرە دڵداری جوان و خۆشەویستم
وەرە ئەی نازەنین ئەی هاونشینم

ئە گەرچی ساردە لەش وەک ڕۆحمی تۆ نا
ئە من ئاڵقە و ئەتۆش ببیە نگینم

(لەوح ئەوین) علی حەقیقی

تاران. هادی مورادی



هۆنەر:موحەممەد ماغووت*

وەرگێڕ:هادی مورادی.

لە سەر ئەم نانایە١کە هەر وەکوو دایکم دلۆڤانە
دەستەکانم دادەنێم و بە شەوانی درێژی زستان سوێند دەخۆم:
بەم زووانە ئاڵای وڵاتەکەم لە سەر دەگەکەی٢دێنمە خوارەوە و
دەیکەمە بە کراس و دوگمەی بۆ دادەنێم و
دەیکەمە لە بەر
جا نازانم
لە کامە پاییزا بەرگە شڕەکانم دادەکەون.
ئەوسا دەگەڵ هەوەڵین واهوورێکا کە وڵاتەکەم دەگرێتە بەر
دەرۆمە سەر یەکێک لە گردە٣نێزیکەکان بە مێژوو
لەوێندەرێ شمشێرەکەم بەرەو دەستەکانی تاریق٤ فڕێ دەدەم
سەرم بەرەو سینەی خەنساء٥
پێنووسەکەم بەرەو لای ئەنگوستەکانی موتەنەببی٦
جا ڕووت و قووت دادەنیشم وەکوو درەخت لە زستانا
تا بزانم کەنگێ دەروێن
برژانگی نوێ و فرمێسکی نوێ
لە مانگی خۆشی گوڵانا؟

*ماغووت(١٩٣٤ ـ ٢٠٠٦)شاعیر و نووسەری بە ناوبانگی خەڵکی سوورییە.

١ ـ نانا:پیادەرۆ.
٢ ـ دەگ:کۆڵەکەی بەرز کە ئاڵای لە سەر دادەنێن.
٣ ـ گرد:تەپۆڵکە.
٤ ـ تاریق:تاریق کوڕی زیاد(٥٠ ـ ١٠١ک،م) سەرداری ناوداری عەرەب کە وڵاتی ئەندەلوسی گرت.
٥ ـ خەنسا:خاتوو خەنسا(٥٧٥ ـ ٦٤٥ز)یەکێک لەشاعیرە بە ناوبانگەکانی عەرەبە.
٦ ـ موتەنەببی:(٣٠٣ ـ ٣٥٤ک،م)یەکێک لە کەڵە شاعیرەکانی عەرەبە کە کاریگەرییێکی زۆری لە سەر شیعر و ئەدەبی عەرەبی و فارسی داناوە.

## شیعر و هزرڤانی

شیعر هزرڤانییەکی دڵڕفێنە.
هزرڤانی چەشنە شیعرێ بیربزوێنە.
جا ئەر بکرێ دڵی مرۆڤێک برفێنین و هزریشی ببزوێنین،
هەربینا ئەو دەچێە ژێر سێبەری بینایی چاوان.

هۆنەر:جوبران خەلیل جوبران.
وەرگێڕ:هادی مورادی.
سەرچاوە:کفت و کەف.

ئێشێکە هەر وەکوو خنجەر
یا خنجەرێکە وەکوو ئێش
ئەم "من"ە کە لە "من"دا
بە پەستا١ دەگری
ئارێ کەسێک لە نێو من دا ئارام دەگری.

هۆنەر:هی.ئەلف.سایە.
وەرگێڕ:هادی مورادی.

١ ـ پەستا:بێ نێوان، لە سەر یەک.

هۆنەر:د.شەفیعی کەدکەنی.
وەرگێڕ:هادی مورادی.

دنیا هێندە گەمار١ و تەفز٢ و لەوتاوە٣
چەکچەکیلە٤ عەیارە٥ پێوی خۆرەتاوە

١ ـ گەمار:چڵکن.
٢ ـ تەفز:گاڵتەجاڕ، مەسخەرە.
٣ ـ لەوتاو:پیس، ئالوودە.
٤ ـ چەکچەکیلە:شەمشەمەکوێرە.
٥ ـ عەیار:پاژێک لە بیست و چوار پاژی زێڕ(زێڕی هەژدە عەیار)



## دەرسی ڕووناکی

بۆ یەکەم مامۆستام کە قەڵەمی دایە دەستم "عەزیزە خانم خادەمی"

بۆکان. ئەمین گەردیگلانی

ڕۆژی زانین و ئەوینە و یادی مامۆستا دەکەم
گیان و دڵ تێکەڵ شەپۆلی باوەڕی دەریا دەکەم
من قوتابیی مەکتەبی تیشکم، قوتابخانەم هەتاو
دەرسی ڕووناکی دەخوێنم، سەر فیدای ئاڵا دەکەم
پەنجەکانم دەبنە هێلانەی مەلی سەوزی قەڵەم
هەڵفڕین فێری خەیاڵم بۆ هەموو دنیا، دەکەم
ڕازی چاوی ڕوونی کانی و خاکی تینوو فێر دەبم
چەشنی شەتڵی شلکی سەر دێراوی ژین باڵا دەکەم
گوڵوشەی سەر پەلکی کوڵمی سوورەگوڵ دەخوێنمەوە
سروە ئاسا باوەشم بۆ باخی گوڵ واڵا دەکەم
دەچمە بەر نووری حوزووری سەوزی مامۆستا و دەڵێم:
من لە تاقگەی تیشکی زانینت بە سەر دڵدا دەکەم
دەستی تۆ مێعراجی هەستە و خۆرە بیری ڕۆشنت
هەر لە چاوی تۆ چرای ڕێتاری ژین اوا دەکەم
گشت بەیانێکم بە زەردەی تۆ شەوی ڕەش لادەچێ
بۆیە خۆر هەر کاتێ هەڵدێ یادی مامۆستا دەکەم.



## جێژوانی خەو

سەردەشت. سەلام پارسا

ڕەنگە ئەمشەو
لە ئامێزی
خەونێکی شیرین بێمەلات
ئەگەر چی پەنجەکانی من
هێندە تونین ڕەنگە نەشێ
شکۆفەیان پێ بسپێری
بەڵام گیانە
تۆ لە هەمو خەیاڵ و خەونەکانمدا
تاقانەیت و
حەزیش ناکەم چرکەساتێ
لە تریفەی شەوی خەیاڵت جێمێنم
وەرە گیانە
دەبا ئەمشەو
لەولاوەتری تەعبیری
خەونەکانەوە بت بینم
با جێژوانی خەونی ئێمە
خۆمانە بێ و
کەس نەی زانێ



## چاوەڕێ

میاندواو.شامات. گردی هەباس. عەبدووسەلام ڕەحمانی

لە قەراغ زەریا چاوم لەشەپۆل وجوانێکانی بریبوو زەینیشم عەبداڵی تۆ بوو.
بەجۆرێ هەناسەم هەڵدەکێشا لێم تێگەین دڵبەستەمە، بەیارمەتی هاوڕێ ئێسک سووکەکانم دستم پێکرد بەڵکو تەپو تۆزی دەروون بەشەماڵ بنێرمە بەر بارەگات. بەجۆرێ نەبوونیت هەژاندوومی کە گەلێ جار ویستوومە سرشک هەڵرێژم بەس ترسی نوقم بوونم هەبوو.
خەڵکی شەقامی نێودێر بەتەنیایم و نازناوم چاوەڕێیە
ئاخر بەدیارتەوە چەشدارم
هەناسەکەم! هەموو ڕۆژێ لە بەرزایەکان دەڕوانمە هیلالی شار حەینی هەتاو شەوقێ بدەی دڵی ئەنگوستەچاو.
ئازیزەکەم! چەشنی شنەبا تەشریف بێنە ڕامالە تەپ وتۆزی تەنیایی.
خۆشەویستم! بەزەییت بە من نا! بەو گلارە تەڕێ لە ئەسرینانەم دابێ، برستیان لێبراوە بەدەم ئازاری چاوەڕوانی.
سەوزەڵێ! دەگەڵ هەرمێ پشکوان وەرە بەڵکوو دڵی ئیشکارۆم بگەشێتەوە بەو سیما سیحراویەت.
شاجوانەکەم! ئانێ هاتێ جوانی هەموو وڵاتانت بەقوربان دەکەم و دەیکەمە ڕایەخی بر پێت.
نەشمیلەکەم! ئاواتمە کاتێ هاتی ئامبازێنی یەکتر بکەین تێت ڕامووسم با کۆستکی چاوەڕوانیم لێدەرکەوێ.
متورفە گیان! وێنەگرێ بانگ دێڵم یادنامەی ئەو ڕۆژەی هەڵگرێتەوە و بڵاوی کاتەوە و نێومان ببێتە باسنامەی ئەوینداران.

متورفە: بسیار زیبا و بی مانند
کۆستک: خستگی شدید

# سێ دڵۆپ خوێن



سەقز. ف.ڕ.ئومێد

حەشیمەتێکی ئێجگار زۆر لە ژن و پیاو، منداڵ و پیر لە دووی کەوتبوون و کۆڵان بە کۆڵان و شەقام بە شەقام هەڵیاندەبڕی، بە بەرد و خشت و دار و ئاسن لێیان دەدا. ژنێ دەکەوتە سەر عەرد و بە دەم و چاوی خوێناویەوە پەلاماری دەرکەی ماڵانی دەدا و داوای یارمەتی دەکرد کەچی هیچ دەرکەیەکی لێ نەکرایەوە، کەچی هیچ دەستێ داڵدەی نەدا. پیرێژنان پێیان گوتبوو تۆ قاحبەی، قاحبە ئابڕووی هەرچی ژن و کچە بردووتە، ڕووت ڕەش بێ چۆن ڕووت ڕەش بووە. کچان دەیاننەڕاند دێڵەبەبای جندە بۆ پووڵ خۆت و کچێنی ئێمەشت فرۆشت. چەن کچی قەیرە گوتبوویان سەرت بە ئێمەش شۆڕ کرد، هەزار جار لەمە خراپترت بە سەربێ. پیاوان پەلاماریان دەدا و لە گەڵ هەر لێدانێ دەستیان بۆ نێو گەڵی دەبرد و خۆیان پێوە دەنا. ئاخ ئەمە چە دۆزەخێکە کە من تێی کەوتووم؟! ژنێ هاواری لە دایکی دەکرد و دەگریا و دەیزیقان. ژنێ پەلاماری دەرکەی مزگەوتەکەی دابوو. ژنێ پەنای بۆ ماڵی خودا بردبوو. چەن مەلا و چەن سۆفی بە نووکە شەق لە نێو گەڵیان دابوو. چەند ژن لە مزگەوتەکە دووریان کردبۆوە. بۆنی خوێن کەپۆی کۆڵانەکەی ئاخنی بوو. ژنێ دەگریا، ژنێ هاواری دەکرد و بە پاڕانەوەوە داوای یارمەتی لە خودا دەکرد. ژنێ لە نێوەڕاستی کۆڵانەکەدا کەوتبوو و چنگی لە خاک و خۆڵی کۆڵانەکە گیردەکرد. ژنێ دەگریا هەزار ژن تف و نەحلەتیان لێ دەکرد. مقۆ مقۆیەک داکەوت و لە ناکاو خەڵکەکە بێدەنگ بوون. کەسێ دەنگی هەڵبڕیبوو و مۆعیزەی دەکرد و تەسبێحی هەڵدەسووڕاند، لە کتێبە پیرۆزەکە چەند ئایەتێکی تیلاوەت کردبوو کە بۆنی خوێنیان لێدەهات بەڵام خوێنێکی پیرۆز نەک وەکوو خوێنی نێو گەڵی ژنەکە بۆگەن و چەپەڵ.

ژنێکی نیوەڕووت لە نێوەڕاستی کۆڵانەکەدا لە سەرخۆ چبوو. دەنگێکی ژنانە نەڕاندی، بوونی ئەم فاحیشە هەوای شارەکەی بۆگەن کردووە دەبێ هەلاهەلا بکرێ. ژنێ بەردێکی لە نێوگەڵێ ژنە نیوەڕووتە گرتبوو. خوێن لە نێوە ڕاستی کۆڵانەکاندا تێکەڵاوی قوڕاو ببوو.خەڵکی شارێ بە ژن و پیاوەوە بە پیر و منداڵەوە لە دەور ژنە نیوەڕووتەکە ئاڵقەیان بەستبوو.کوڕە مێرمنداڵەکان کراسە دڕاوەکەی ژنەکەیان هەڵدەدایەوە و لە نێو گەڵی بریندار و خۆێناوی ژنەکەیان دەڕوانی.

ژنێ زریکەی پێ نەمابوو هەتا بیکێشێ. ژنێ دۆعا و پاڕانەوەی پێ نەمابوو هەتا لە خودا داوای بکات.

*کچەکەیان لە خەو هەستانووە و بە تووڕەییەوە پێی دەڵێن نەچیتە دەسشۆرەکە و میز نەکەی. دەنگی پیرێژنێک دەگاتە گوێ کە بە دایکم دەڵێ زوو کچەکە بێنن دەبێ بچمە چەند شوێنی دیکەش. دایکم و خۆشکە گەورەکەم دەمبەنە هۆدە چکۆلەکە و دەرپێکەم پێ دادەکێشن. سەرم ماسیوە و نازانم چ باسە. ڕامدەکشێن و هەر دوو لاقم پێ دەکەنەوە. ژنە پیرەکە بە وتنەوەی ناوی خودا و پێغەمبەر و سەلام و سڵاوات قەڵەمبڕە ژەنگرتووەکەی دەردێنێ و لە نێو گەڵمی دەنێ. کچێ دەزریکێنێ و من لە سەر خۆ دەچم. پیرێژنەکە لەتەگۆشتێکی لە نێو گەڵی کچەکە بڕیوە و خوێن فیچقەی کردووە. دایکم تۆپەڵێ خۆڵەمێش و پەڕۆی لە نێو گەڵم خنیووە.

لە هۆڵەکە دەنگی دەف و سڵاوات دەگەیێە گوێ. کە هاتمەوە سەرخۆ نێو گەڵم ژانی دەکرد.خۆشکم دەستی گرتمو بەرەو دەسشۆرخانەکە بردمی. پێی گوتم بڕۆ میز بکە، هەتا دەتوانی میزبکە، میز...

بۆ دووهەم جار لە سەرخۆ چووم. ماوەیەک دایکم برینی نێو گەڵمی بە خۆڵەمێش و پۆماد تیمار دەکرد. ماوەیەک خۆشکم دەستی دەگرتم و هەتا دەسشۆرخانەکە دەیبردم و دەیگوت میزبکە میز...

هەستم بە گۆڕانێکی سەیر لە لەشمدا دەکرد. هەستم دەکرد زگم دێشێ و لە وانەیە ئێشی زگم لە سەر خۆم ببات و و هەتا دەسشۆرخانەکە دەمی برد. هەستم بە گەرمایەکی سەیر دەکرد کە لە زگمەوە بەرەو ناوگەڵم بەڕێ کەوتووە.هەستم بە بۆگەنێ دەکرد کە هەتا ئێستە نەمبیستبوو. دەستی خۆشکمم گرت و بەرەو دەسشۆرخانەکە بردم. خۆشکم دەیزانی کە چ باسە و پێی گوتم، ئەو خوێنە نیشانەی گەورەبوونی تۆیە و پێی دەڵێن عادەتی مانگانە. من چەن جاران بە خۆشکمم گوتبوو خۆ من ژن نیم من کچم، ژن نیم...

پێمگوتبووحەتمەن دەبێ بۆ ئەوەی ببم بە ژن ئەم خوێنە بۆگەنە لە نێو گەڵمەوە بێت؟ لە بیرمە خۆشکم بە دەنگی بڵیند قاقای کێشابوو. خۆشکم فێری کردبووم کە هەموو مانگێ ئەو حاڵەتە ڕووم تێدەکات. دەبێ ئەو نەوارە سپییە لە نێۆ گەڵم بخەم و خۆم پاک و خاوێن ڕابگرم.

دایکم هەمیشە پێی دەگوتم، ئیدی تۆ گەورە بوویت و دەبێ خۆت جوان و خانمانە بپێچیەوە و یاری کۆڵان و لە گەڵ کوڕان کایەکردن بخەیتە ئەولاوە. دایکم هەمیشە دەیگوت،ڕۆڵە تۆ گەورە بوویت و دەبێ وەکوو خۆشکەکەت سەری باوک و برات بەرز ڕابگری. ڕۆڵە ئێمەی ژن کراسەکەی خۆمان دوژمنمانە.هەموو ڕۆژێ دایکم بە تووڕەیەوە بیری دەخستمەوە کە من و خۆشکم نامووسی باوکم و براکانمین و دەبێ وەک ئاو خۆمان بپارێزین.

ڕۆژ بە ڕۆژ هەستم دەکرد کە چەند گۆڕانێکی سەیر و سەمەرە لە نێو لەش و ڕۆحمدا ڕوو دەدا.ئیدی بە چاوێکی دی سەیری کوڕانی کۆڵان و قەوم و خزمم دەکرد. ڕۆژان بە دەیان دێقە دەنگی تیوی و ماهوارەکەم بڵیند دەکرد و گوێم لە گۆرانی ڕادەگرت. دەچوومە پێش ئاوێنەکە و لە لەش و لاری خۆمم دەڕوانی.

لە خوێدنگاکە لە گەڵ هاوپۆلیەکانم شۆخیمان دەکرد و دەستمان بۆ یەک دەبرد و جارجار شڵپەی ماچ بوو کە دەگەییە گوێ.

ئێوارەیەک کە لە خوێندنگا گەڕابوومەوە دەنگی قرمەوقاڵێکی بەرز دەگەیە گوێ.کە چوومە نێو هۆڵەکە ماڵ مامی گەورەم لەوێ بوون. دوای چاکی و چۆنی چوومە ژوورەکەم هەتا جلەکانم بگۆڕم. دوای چەند دێقە کەسێ تەقل و بابی لێدا و بێ ئەوەی ئیزنم دابێ هاتە ژوورێ. فوادی ئامۆزام بوو. خوایە کەنگێ ئەوندە گەورە بووە؟ لەرزێ بە لەشمدا هات و چاوم بۆ چەند چرکە ڕەش بۆوەوە. بە دەنگی فواد هاتمەوە سەرخۆ. داوای ژمارە موبایلەکەی لێکردم هەتا چەند فایلم بۆ بنێرێ. فواد بە بزەوە لە ژوورەکە چووە دەرەوە. من ماق و وڕ مابووم و لە دیوارەکەم دەڕوانی.

مامی گەورەم بازرگان بوو و وەزعی ماڵیان ئێجگار خۆش بوو. لە نێو خزم و کەسدا بارودۆخی ماڵیان لە هەموان خۆشتربوو. منداڵەکانیشی لە هەموو باریکەوە لە خۆشی و بێ خەمیدا بوون و قەوم و خزم ئێرەیان پێ دەبردن بێجگە لە مامە چکۆلەکەم کە هەمیشە دەیگوت خۆزگە خوا بە ئەنازەی عیلم و مەعریفەت سامانی بە خەڵکی دەدا!

من و فواد چەندین ساڵ بوو کە یەکدیمان خۆش دەویست و من بێ فواد نەمدەتوانی کە چاویش پێکدا بنێم، خەو و خۆراکم لێ حەرام ببوو. هەمیشە بیر و هۆشم لای فواد بوو هەر چەندە کە دەمزانی فواد وا نییە. چەندین جار هاوڕێکانم دیتبوویان کە کچان و ژنانی سوار ماشینەکەی کردووە و قاقایان لێداوە و بەستەنی و شەربەتیان بە دەم یەکدیەوە کردووە. شەوێک ئێمە و هەموو ماڵە پوور و ماڵە مامەکانم داوەتی ماڵی مامە گەورەم بووین. هێند شلووق بوو کە سەگ سەحێبی خۆی نەدەناسیەوە و کەر بە بارەکەیەوە گوم دەبوو. فواد چاوی لێ هەڵتەکانم و بە ئیشارە کێشامی بۆ ژوورێک کە لە گۆشەی حەوشەگەورەکەیاندا سازیان کردبوو. فواد ئەو ژوورەی وەکوو ژووری خوێندنەوەی وانەکانی بە دایک و بابی ناساندبوو، کەچی ئەوەی تێیدا نەبوو کتێب و دەفتەر و شتی وابوو. هەتا گەیشتینە نێو ژوورەکە دەستمی ڕاکێشا و باوەشی پێدا کردم و لێوی مژیم و پەیتا پەیتا ڕایدەمووسیم. دەستی لە مەمک و لێوم دەسووی و منیش لە ئاسمانەدا هەڵدەفڕیم و مەستی مەست ببووم و ئاگام لێبڕابوو.

کچێ لە ناکاو هەست بە ئێشێکی کوشندە دەکات. چەند دڵۆپ خوێن لیباسی ژێرەوەی کچەکەی سوور کردبوو. ژنێ زریکاندی و بە مست و لەقە لە سەر و چاوی پیاوەکە بەرببوو، ژنێ بەدەنگی بڵیند دەگریا. جێ پەنجەیەکی خوێناوی بە سەر شاشەی تی ویەکەوە بەجێ دەمێنێ.

مفت و خۆڕایی نامووسی خۆی لکەدار کردبوو. شەرەف و نامووسی باوک و برای لە ژێر پێ نابوو.

ژنە دووگیانەکە لە نێوە ڕاست کۆڵانەکەدا لە سەر خۆ چۆوە. خەڵکی شارێ بە ورد و منداڵەوە بەردبارانیان دەکرد و جنێویان پێ دەدا و نفرینیان دەکرد. ژنەکە هیچ دەنگ و هاوارێکی پێ نەمابوو. بێ دەنگی بێ دەنگ. وەکوو ئەوەی ئەو موجازات و ئەشکەنجەیەی بە شایانی خۆی دەزانی و بگرە زۆرتریش... لە ناکاو کەسێک کڵۆیەکی تێگرت، ژنەکە زریکاندی. هاوار و ناڵەی ژنێکی دوو گیانی داوێن پیس گەیشتبووە ئاسمان. پیاوێکی سمێڵ قەیتانی ڕانکەوچۆخە سوور لە ماشینەکەی دابەزیبوو، خۆی لە نێو حەشیمەتەکە خستبوو و ئەویش وەکوو هەموو پیاوانی شارەکە بۆ ئەوەی ئەو پەڵە ناحەزە لە داوێنی خۆی و شارەکە بسڕێتەوە بە گوتنی قاحبەی داوێن پیس بمرە کڵۆیەکی لە سەری ژنەکە گرتبوو...

چەند ژنێک دەستیان بە ناوگەڵیانەوە گرتبوو. چەند ژنێک لە سەرخۆ چبوون.

## هاوڕێکی بێ دەنگ



سلێمانی. پەری قەرەداغی

چرکەی بینی نیگایەک دەمخاتەوە دەریای ئەوین
بەبیستنی چرپە و سۆزی وەک شۆڕەبی دێمەلەرزین

چرکەی یەکەمی عاشقبوون بۆئەبەد بیرناچێتەوە
عاشق بوون دەردێکی سەختە دەرمانی نادۆزرێتەوە

ئازارەکەی ئەستەمە هەردەم لەڕۆح و مێشکدایە
هەرکەس بەڕاستی عاشق بێ بەرگی غەمی لەبەردایە

خۆزگەکانم زۆرشیرینن سەبوریم بەهیچ کەس نایە
لەوکاتەوەی عاشقی هەردەم لەچاوم لەڕێگایە

شیرێنکم مەعشوقەکەم فەرهادەکەی بێستونە
ئەوەندە شیرینە لەلام بەقەد جوانی ئەم گەردونە

فەرهادەکەم بۆلێم دوری ئەوسنورە کۆتابێنە
وەرە سەربخە سەرسنگم کۆرپەی دڵم ڕابژێنە



کەرکووک. بلوورهەورامی

**(١)**

بۆ ئەوەی
بۆ هەمیشە لە دڵ بمێنیتەوە
کە ئەڕۆی
باوەشێکی گەرم جێ بهێڵە
ئاورێک بەرەوە
نیگایەکی تەڕ جێ بهێڵە
بزەیەکی شیرینم بۆ بکە.

**(٢)**

تۆ و
عیشق و
تەنهایی...
چەند لێک ئەچن!
هەریەکەتان بە جۆرێک
ئازار بەخشن...

## شەڕ



دیواندەرە.قەیسەریان

کاتێ شەڕ هات
گوڵدانی گووڵ دا کەوت
باوکی زانای برد و
ژینا خەوی پیا کەوت.
ئاسمان پرلە دوکەڵ
تاریک بوو دونیا
بەجێی بەفرو باران
بۆمب وهەواپەیما
من لە شەڕ دەترسم
ناحەز و گۆشت تاڵە
هەر وەکو گورگی هار
دوژمنی منداڵە.



سنە. نەسرین کەریمی

وێنەکی دەگمەنی خوالێخۆشبوو حەمەڕەشید خانی بانە و مەجید خانی کوڕی لە شاری بانەی، ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی.



## حەوخوانی ئەوین

بۆکان.ئاسۆ

شەم هەتا تیشکی هەبێ پەروانە گەردانی هەیە
جوانپەرەست بێ،نابەزێ،تاکوو سەرەی جوانیی هەیە

داخەکەم لەم نوکتە تێناگەی هەتاکوو پیر نەبێ
پاڵەوان پیر بوو،ئەدی کوا گوردی مەیدانی هەیە؟

ئاوی لێوی یارە وا ئەسکەندەری بۆ وێڵ ببوو
بێ قومێ لەئاوە ناژێ،ئەوکەسەی نانی هەیە

چاو و چۆم ولێوی سارا مەنبەعی زەوقی منن
لێو وشک  نابم مەترسێ، ،تاوەکوو کانیی هەیە

تاکو دەروێش نەیگرێ جەزبەی پیاڵەی ساقی یێ
کوا بەشێخ وخانەقاو مەیخانە، ،ئیمانی  هەیە؟

لایبە فیردەوسی لەباسی دیو و هەژدیها گەڕێ
سەرزەوی عیشقیش دەیان دەستان وحەووخوانی هەیە

لێم گەڕێن پەنجەمەقرتێنن هەتا بەروێ هەیە
حەیفەچاودەروێش بکەی تاهێزی قرتانی هەیە

ئەوکەسەی هەر یەک دڵەو دڵبەر دەیان دەورەی دەدا
گەربڵێ من لامەکانیم، ، ،کاکە ئیمکانی هەیە

شاهی عیشقە،شیعری ئاسۆی کردەشانامەی ئەوین
مەرتەبەی شاهیی نەبێ قەیناکە،خۆ شانی هەیە



گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

## بۆ مامۆستا ئاسۆی خۆشەویست



گوندی قانزالی سایەقەڵا. تەهمینە قادری

نە بۆ ڕیا
نە بۆ تەوژمی خەیاڵ و گەزیزەکەت
نە بۆ هەست و ئەوینی نەورۆزەکەت
خۆشم ئەوێی وەک مامۆستام
شیرینی لام هەروەکوو دینی ئەوێستام.
من کە لەشێکی بێ ڕۆح و ڕۆحێکی سارد وشکەڕۆم لە قورگی زەمەندا،
پەنجەم ویشکهەڵاتوو لە گەردنی قەڵەمدا،
دڵی پەنجەرەی ڕووناکیم لە باوەشی دێوەزمەی شەوەزەنگا لە حاڵی خنکاندا بوو،
تۆ بە هێمای شیعر و ترووسکەی هیواکانت
بە ئامۆژگارییە جوانەکانت
دەلاقەی کازیوەی ئومێدت لێکردمەوە و لە قاقرە دەشتی بێ بەزەییدا ڕۆحێکی تازەت پێ بەخشیم.
گۆچانی ورەت دایە دەستم و هەڵتسانمەوە
تۆ بە پەند و نەسیحەتەکانت دەنک دەنک تۆوی هەستی خۆشەویستی بە ژیانت لە مەزرای دڵمدا چاند و خۆشت بوویە ئیلهامێک بۆ خەلەوخەرمانی ژیانم.
تۆ نە ڕەشەبای تووڕە بووی و نە ترسی سامناکی نائومێدی
نە پاییزی زەرد و سڕ و خەزان گەستوو
نە دەریایەکی بێ ڕەحمی تووڕە بووی.
وڵاتێکی پڕ لە هێمنی و ئاوات و پڕ لە عەشق و خۆشەویستی
بەهارێکی سەر سەوزیت و
چیایەکی بەرز بەرز وەکوو قەندیل و ئاگری و ئەربەبا و تەرەغە و هەڵگورد،
کوێستانێکی پڕ لە وەنەوشە و شلێرەی
تۆ بە دڵێکی پاکەوە لەسەر ئاسۆی ئەدەب و شیعر و جوانییەوە بۆ پێدەشتی ژیان و عەشق ئەڕوانی.
فێرت کردم چۆن نووکی خامەم وەگەڕ خەم،
فێرت کردم
چۆن لەسەر دڵی زەویدا دار و بەرد و شاخ و کێو و دەریا و کانی و نم نمەی باران بدوێنم.
چۆن بیکەم بە خەنجەرێک و لە دڵی ڕەشی دوژمنی بچەقێنم.
فێرت کردم لە قاقرەدەشتەکاندا کانیی ئەوین بدۆزمەوە و
لە نێو دارستانی چروپڕی بیرمدا گوڵەستێرەی شیعر بخوڵقێنم.
فێرت کردم
چۆن فرمێسک و خەمەکانم لەبەر چاوی پڕ لە دەهۆی ڕۆژگاردا بشارمەوە
فێرت کرد بەرەو بەرزایی باڵ بگرم
فێرت کردم
لەگەڵ تریفەی مانگەشەو و ترووسکەی ئەستێرەکان هاوماڵ بم.
خۆشمەوێی ئەی هەناسە دوور و درێژەکەی جەغەتوو
خۆشمەوێی وەک مامۆستام
دەتپەرستم هەروەکوو دینی ئەوێستام.

١٣٩٣/٢/٣تەورێز -

## کەشفی ئەشقت



بۆکان. هیدایەت ئازەری"خەمبار"

کەشفی ئەشقم کرد لە چاوی دڵکەش و بێدەنگەکەت
من بە قوربان، لێوی تەسک و سوور و جوانی ڕەنگەکەت
تۆ سناریۆی ئەشق و جوانی ئەو دڵەم داگیر دەکەی
حەسرەتی ماچی لە دڵما، لێوە پڕ لە هەنگەکەت
دڵ لە سەر لووتکەی ئەوینت باڵی ئەشقی گرتووە
تۆ تەرازووی ژینی، بمکە هاو لف و هاو سەنگەکەت
سەد نەهێنی ڕازی ئەشقم بۆ دڵت دارشتووە
تا بزانی چی دەچێژێ شاعیرە دڵ تەنگەکەت
ئەو دڵەم دەمرێ و دەسووتێ، بەسیە دووری دەی وەرە
وا وەرەو بمدوێنە جوانێ، تا ببیسم دەنگەکەت
من کە تاسەی ئەو ئەوین و پێکەنینتم کردووە
تۆ لە تاراوگەو غەریبی چاوەڕێم بۆ زەنگەکەت



سەردەشت. خەمبار

هەمۆ ڕۆژێ دەڵێم ئۆخەی کە کوردم ڕۆڵەی ئەو خاکەم
لە نەسڵی حەزرەتی دیاکۆ و وەکوو شێری کەژ و چیاکەم
دڵم دانا لە پێناوی هەمووی ئەو نیشتیمانی خۆم
لە دارم دەن وەکوو سمکۆ سەری ئەم هۆزە شۆڕ ناکەم
لە جیهان باوە ئازادی لە نیشتیمانی من دورە
بە تێکۆشان وەدستم دێ دەبێ تا مابم هەرڕا کەم
دەسا ئەی کورد بێچارە هەتا کەی کۆیلەتی و خاووی
لە باتی ژینی ژێر دەستی شەکاوەی ڕاگرن ئاڵاکەم
هەموو جیهان بەمەی زانی کە ئێمە چوار بەش و پۆلین
لە بەرچی بۆ منی زانا لە بون و مانێ حاشا کەم
وەرن سەیری هەمو زام و برینی کۆنی ئەم خاکە
دەسا ئەوجارە هەر بێژە سەرم لەم کارە دەر ناکەم
هەموو گیان و لەشی مێژوو دزی و هەڕفاندنی بوونمان
لە نان و ئاو و دار بگرن هەتا خوێنی کوڕ و براکەم
گەلێ خەمبارە دڵ ئێستا لە تاو لاوانی شۆخ و شەنگ
بڵێن ئەی هۆزی باوانم چلۆن بێ خەم تەماشا کەم
ئەگەر باپیرە کاوەی بەناوبانگی زەمانی زوو
چرای ئەم ڕێگە ڕووناکە و لەهیچ بەر بەستێ سڵ ناکەم
تەماشای قوتکی ئاسۆ کەن هەتا چەند پڕ ورە دیارە
کە ڕۆڵەی دایکی وا بەرزم دەبێ ڕێچارە پەیدا کەم
لە کرماشان هەتا ورمێ و سنە و ئیلامی ئەم ناوە
لە بستێک خۆش ببم دیارە دەبێ خۆم گێژ ڕیسوا کەم



# میرخوناوکە

بانە. سروور

ڕۆژ و ڕۆژگارێک ڕاوچییێک هەبو ژنەکەی مردبوو، تەنیا کیژۆڵەیەکی لە پاش بەجێ مابو. زۆری خۆش دەویست. کچە زۆر جوان و چاو و برۆ ڕەش، ئازا و بەکار، ژیر و تێگەیشتو و دەم بەپێکەنین بوو. ناوی «پێگوڵ» بوو. بابی بە ڕاوە کەروێشک ژیانی خۆی و کچە تاقانەکەی دابین دەکرد. ڕۆژێک باوکی پێگوڵ کەروێشکێکی چکۆلەی کوشتبو. تکەتکەی خوێنی ڕژابووە سەر بەفر وبەفرەکەی سوور کردبوو. ئەو ڕۆژە پێگول چاوی بە خوێنی کەروێشک کەوت عاشقی بوو. ڕووی لە باوکی کرد و گوتی: بابە لە تۆم دەوی پیاوێکی ئازا و وریام بۆ پەیدا بکەی کە ناوی «میر خوناوکە»یە، با شووی پێ بکەم و بەختەوەر بم، ئەو دەمی تۆش بەخێو دەکەم. کابراش چونکە کچەکەی زۆر خۆش دەویست قسەی نەشکاند و وەدوای میرخوناوکە، کەوت. کەم ڕۆیی زۆر ڕۆیی گەیشتە باغ و کانییەک کە حەوزێکی تێدا بوو. لە سەر ئاوەکە هێندێک ماندوی حەساندەوە. هات بڕوا چاوی بە پیرێژنێک کەوت گوتی: دایە پیرە ماندو نەبی، پیرێژن گوتی: بە خێر بێی میوانی ئازیز چاوم روون بۆوە، ئەوە لە کوێڕا بەخێر؟ کابرا گوتی: داپیرە دانیشە با بۆت بگێرمەوە چم لێ قەوماوە. من کچێکم هەیە عاشقی «میرخوناوکە» بووە. نە دیتوویەتی نە دەیناسێ، منیش نازانم چۆنی ببینمەوە. پیرێژن دەڵێ: دەبێ بچی لە شاری کەوشێکی ئاسن ساز کەی، تا ئەو کەوشانە کۆن دەبن، دەبێ پێیان بڕۆی، جا ئەو دەم «میرخوناوکە» دەبینیەوە. کابرا بە قسەی پیرێژنی کرد و کەوشی ئاسنی ساز کرد و وەڕێ کەوت هەتا کەوشی ئاسن کۆن بوو پێیان ڕۆیی. ڕۆژێک لە سەر کانی و ئاوێکی خۆش دانیشت. دەس‌نوێژی هەڵگرت و دو ڕکات نوێژی سوننەتی کرد. وەختێک کەوشەکانی لە پێ کرد دیتی دڕاوە. لە خۆشیان، قاقا پێ‌کەنی. ئەوجار بە دڵخۆشی‌وە هەستا وەڕێ کەوت. هەندێک ڕۆیشت شارێکی خۆشی چاو پێ‌کەوت. لە ڕێبوارێکی پرسی: ئەرێ ئێرە چە شارێکە؟ کابرا گوتی: ئێرە شاری «میرخوناوکە»یە. زوو خۆی دەگەێنێتە بارەگای «میرخوناوکە» و ئیزنی چونەژوور وەردەگرێ. میرخوناوکە ئیزنی دەدا. دەبینێ میر پیاوێکی ڕەشید و ژیر و جوان چاکە. لەڕوی نەدەهات نیازی خۆی پێ بڵێ بەڵام میرخوناوکە زۆری لێ دەکا و ئەیش هەمو شتێکی بۆ دەگێڕێتەوە. «میرخوناوکە» تۆزێ ئاو ئەدا بە باوکی پێگوڵ و دەڵێ: هەوەڵێ بە دەرکی خۆتاندا بیپرژێنە، گوڵ و ڕێحانەی بۆن خۆش شین دەبێ و دواییش بە دەرەک و بانی دراوسێ‌کەتدا کە دڕک و داڵی لێ شین دەبێ. جا بەوەڕا ماڵی تۆ و دراوسێ‌کەت دەناسمەوە. کابرا پاش چەن ڕۆژان دەگەڕێتەوە و ڕوداوەکەی بۆ کچەکەی دەگێڕێتەوە. کچی دراوسێکەیان کە ناوی «دیدە کەچەڵە» دەبێ لە پشت دەرکێڕا گوێی لێ دەبێ، بەیانی زو دەچێتە لای پێگوڵ و دەڵێ: خۆشکم ئەو ئاوە بدە بە من، تا بۆت بڕێژم!

ئاوی هەوەڵ بە دەرک و بانی خۆیاندا و ئاوی دووەم بە دەرکەی پێگوڵدا دەکات. پێگوڵیش نازانێ کە دیدە کەچەڵە وای‌کردووە. دوای ماوەیەک «میرخوناوکە» دێتە ئەم ئاواییە. دەچێتە کۆڵانی ماڵی «پێگوڵ». بەر دەرکی ماڵی پێگوڵ دڕک وداڵ دەبێ و بەر دەرکی ماڵ «دیدەکەچەڵە» کە کەچەڵ و ناحەز بو گوڵ و ڕێحانەی بۆن‌خۆش دەبێ. وە ژوور دەکەوێ. «دیدەکەچەڵە» دەخوازێ و مارەی دەکا و بە تەقەی دەهوڵ و زوڕنا دەیگوێزێتەوە. لەو لایەشەوە پێگوڵ خۆی دەڕنێ و لە خودا دەپارێتەوە پێگوڵ بکا بە جانوویەک، هەتا «میرخوناوکە» سواری بێت. خودا بە دۆعای «پێگوڵ»ی کرد، بەڵام میرخوناوکە «دیدە کەچەڵەی» سوار کرد. لە نیوەی ڕێدا پێگوڵ دیدەکەچەڵە دەخاتە خوارێ.«میرخوناوکە» سواری دەبێ بەڵام زۆر لە سەر خۆ دەڕوا. سێ چوار مانگ رادەبڕێ. «دیدەکەچەڵە» مەگیرانی بە گۆشتی ئەو جوانووە دەکا، دەستور دەدا سەری ببڕن و گۆشتەکەی بۆ سوور بکەنەوە. جوانووی بەرەو قیبلە ڕادەکێشن و سەری دەبڕن. دوای ماوەیەک لە جێی ئەو خوێنە، دار خورمایەک شین دەبێ. وەختێکی پادشا خورمای لێ دەکردەوە، شیرین بوو بەڵام ئەگەر «دیدەکەچەڵە» دەیخوارد تاڵ بوو. دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژان «دیدەکەچەڵە» کوڕێکی دەبێ و دەستوور دەدا لەو دار خورمایە، لانکەیەکی بۆ ساز کەن تا کوڕەکەی تێدا بنوێنێ. لانکەی بۆ ساز دەکەن. جارجارێک کە«میرخوناوکە» دەچێتە پەنا لانکێ، کوڕەکە ناگری بەڵام ئەگەر «دیدەکەچەڵە» توخنی دەبێ منداڵ دەس دەکا بە گریان. «دیدەکەچەڵە» دەستوور دەدا ئەو لانکە لە تەندووری هاوێن و بیسووتێنن. نیوەی لانکە دەسووتێنن و نیوەی دیکەی دەهاوێنە دەرێ. پیرێژنێک لەتە لانکە دەباتەوە و دەیهاوێتە پشت کەندووەکەیەوە. دوو سێ ڕۆژ ڕادەبڕێ. پێگوڵ هەموو ڕۆژێک ماڵی بۆ گەسک دەدا. ڕۆژێکی پیرێژن خۆی دەگرێ هەتا بزانێ کێیە ئەو کارە دەکاو ماڵی بۆ خاوێن دەکاتەوە. دەبینێ کچێکی جوان و بەکارە، پیلی دەگرێ و دەڵێ: تۆ کێی؟ پێگوڵ بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە. ڕۆژێک میرخوناوکە دەچێتە سەر بانی ئەو پیرێژنە و لەگەڵ کوڕان مێشێن دەکا. کەڵلاکەی لە کولانەوە دەکەوێتە ماڵە پیرێژن. پێگول بەو دوو قامکان کەلاکەی دەداتەوە بە کوڕە پاشا. پاشا دەزانێ کە ساحەبی ئەم دوو قامکە کیژێکی جوانە. ڕۆژی دوایی دێتەوە سەر ئەو سەربانە و مێشێن دەکەن. بە ئانقەست کەلاکە دەخانە کولانە، هەر ئەو دوو قامکە دەیداتەوە. دوارۆژ پاشا دەستوور دەدا هەرکەس دەنکە جۆیەکی پاشای خواردبێ دەبێ گەنم پاک بکا. میوانی پیرێژنیش دەبێ بێ. پێگوڵ دەڵێ: تا پاشا فەرشم بۆ ڕانەخا من لە ماڵ نایەمە دەر و پێم لە سەر عەرز دانانێم. پاشا فەرشی بۆ ڕادەخا. وەختێک پێگوڵ دەبینێ سەد دڵ عاشقی دەبێ، داوای لێ دەکا شووی پێ بکا. پێگوڵ دەڵێ: دەبێ دیدەکەچەڵە بنێریتەوە ماڵی بابی. منیش دەچمە لای بابم، تۆیش وەرە خوازبێنیم تا شووت پێبکەم. پاشا دیدە کەچەڵە دەنێرێتەوە بۆ ماڵی بابی. خوشکەکانی دەڵێن: دایە ڕەشاییەک بەرە و ئاوایی دێ. وەختێک نزیک دەبێتەوە دەبینن خوشکەکەی خۆیانە. پاشاش هەرچی پێگوڵ گوتبووی بە قسەی دەکا و دەچێتە خوازبێنی و پێگوڵ دەخوازێ و پێک شاد و شوکر دەبن. منیش هاتمەوە لەو لاڕا، کاڵەم دڕا چم پێ نەبڕا.

سەرچاوە: کتێبی هەگبەی مامۆستایەکی لادێ - نووسینی ئامینە عەزیزی" سروور"



هەولێر. موجیب مەهابادی

هەموو مێژوو لە لایەک، سەردەمی ئێمەش لە لایەکی
جیهان گۆڕانی وای هەرگیز نەدی وەک بەرق و بایەکی
بەڕاستی سەیرە قۆناخێکە پڕ نوێ بوون و سەرسامی
کە هەردەم تازەکاری دێ و بەدەم حاڵ و هەوایەکی
شتی زۆر گەورە ڕوویداوە، مرۆڤ هەر بۆیە ڕاماوە
لە ئاڵوگۆڕە داماوە، لە تەرسەی ئا و نایەکی
سیاسەت چرکەساتێکی بەرئاوژوو دەکرێ ناو چەنگی
زەمانەی پەستی سەرسووڕمان لە سستی بیر و ڕایەکی
بە تایبەت لەم دەیەی ئاخر، چیمان دیت و چەها قەوما!
بەڵا بوو یاکوو پێشکەووتن، چبوو مسقاڵ و تایەکی؟
تەنانەت ئەوکەسەی پێشکەوتووخوازیشبوو بەجێماوە
وەها توند و زەرۆپە چەرخی چاخ، کەم دێنێ کایەکی
موجیب دنیا بەجارێ تێکچووە، هیچ نیە لەجێگای خۆی!
بەرەوەکوێ ژین دەچێ؟ دەیدا بەخۆشی تازە، چایەکی؟

دیمەنی پێشانگای کریسمەسی ٢٠٢٤لە شاری هەولێر



بەبۆنەی ساڵوەگەری شەهیدبوونی "شێخ عەبدولسەلام بارزانی" ئەمر وێنەیەکی دەگمەن و مێژوویی بەرێزیان بڵاودەکەمەوە، ڕووحی شاد، یادی هەرمان و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت

شێخ عەبدولسەلامی شەهید، بۆ خاکی پاکی کوردستان
لە زڵ هێزانی سەردەمی داوای ڕزگاری کردووە
گیان و ماڵی کرد بە فیدای ڕێگای ئازادی نیشتمان
دڵسۆزانە و بوێرانە و بە ئیمان کاری کردووە!
هۆنراوەی موجیب مەهابادی



وێنەیەکی جوان و مێژوویی لە شاری هەڵەبجە، زیاتر لە حەفتاساڵ پێشوو، کچەبەگزادەیەکی کورد، شەمسەخانمی کچی شاعیری ناودار ئەحمەد موختار بەگی جاف، ڕووحیان شاد و یادیان هەرمان بێ، پێشکەستان هاوڕێیانی هێژا و دڵسۆزی نەتەوە و نیشتمان.. .
«بەسپاسەوە موجیب مەهابادی»

شێعرێکی پڕواتا و وێنەیەکی دەگمەنی شاعیر نیشتمانەروەر و بیرمەندی کورد خوالێخۆشبوو "مامۆستا حەبیب عەلی میرانی" لە ڕێکەوتی ١٩٧٨/٢/٢ لە بەردەم چاپخانەی کوردستانی گێوی موکریانی لە هەولێر لەگەڵ لاوانی کرێکاری ئەو ناوەندە بە یادگار گیراوە و هاوڕێ نزیکی یەکتر بوون، شایانی باسە کە مامۆستا حەبیب کوڕی عەلی کوڕی موحەمەد ئەمینی حەمەی میرانە و لە خێڵی مەنمی میرانییە بووە کە هاوسنوری خێڵی گەڵباخییە و لە شەڕی گەورەی جیهانییەوە ئاوارەی وڵات بووە، هەروەها ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد بووە و بە چەندین دیوانی شێعری لە چاپداوە کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بکەین گۆمی خوێن و هونەر و ژیان و... ئەم شاعیرە پایەبەرزە لە ساڵی ١٩٠٠ لە شاری مەهاباد لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٨٤ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە، ڕووحیان شاد، یادیان هەرمان و ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێت، بێت، پێشکەشتان هاوڕێیانی هێژا و دڵسۆزی وڵاتی کوردستان.. . «بەسپاسەوە موجیب مەهابادی»

لە قسەی خەڵکی سەرم سووڕماوە
منیش سەیر ئەکەم گێتی وەک جاران
سەیرەکەم فەلەک هەر لە دەواوە
تیشکی ڕووناکی ڕۆژ وەکوو جاران
ئاسمانی شین لە گشت دیارە
هەرچوار کژەکە هیچ نەگۆڕاوە
بە ئەمری خالق پاکی کردگار
پێم نالێن میران مرۆڤ گۆڕاوە!
بوختان و درۆ حیلە و خیانەت
نە حەیا، نە دین، نە هۆش، نە ویژدان
ئەگەر سەیرەکەی لە گەلێ بەشەر
ڕەوشت و ڕێگەی مرۆڤ نازانن
ئیتر هەر ئەڵێن زەمان گۆڕاوە
بۆچی پێم نالێن ڕەوشت بێگانە
پەندی مامۆستا و کتێب و قورئان
میران ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵقی زەمانە

پێم ئەڵێن میران جیهان گۆڕاوە
بەهار و هاوین، پایزە و زستان
شەوقی مانگ و ڕۆژ وەک هەوەڵ جارە
شەوق ئەدا لەسەر، کەند و کۆساران
عەردیش وەک جاران، هەر بەرقەرارە
چیا بەرزەکان، لەجێی خۆی ماوە
فەرمانبەرداران، لەسەر یەک قەرار
برا بۆ برا، ڕەحمی نەماوە
ئەمانە ئەمڕۆ، کران بە عادەت
ئەمانە نییە، لای بەناو ئینسان
نوختەی فیکر و فام، عەقڵی نیە لەسەر
هەر چەند بە وێنە چەشنی ئینسانن
زەمان وەک خۆیە و ئینساف نەماوە
هات و وەهای کرد، ئا لەم زەمانە
نرخێکی نییە لای گەلی نەزان
تێکۆشەرن بۆ عادەت بێگانە.. .










گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا



## عەلی حەسنیانی

**ڤیکدان و نووسان: زانا کوردستانی. برووجرد**

نەمر "عەلی حەسنیانی"، بە نازناوی "هاوار"، شاعێر و نووسەری بەناوی کورد، بۆ کە لە ڕۆژی ٢٥ جۆزەردانی ساڵی ١٣١٨ هەتاوی، لە نیوانی بنەماڵیکی ساباڵغی لە تارانا لە دایک بۆ.
لە سالی ١٩٤٦ زایەنی تارانیان جی هێشت و کۆچیان کرد بۆ شارە جوانەکەی ساباڵغ و لەئەینە نیشتەجێ بۆن.
هاوار لە ساڵی ١٩٨٩ زایەنی بۆ وڵاتی فەنلاند مهاجیرەتی کرد و لە دوای چەند سالیک ئەو وڵاتە جێهێشت و بۆ وڵاتی دانمارک چوو و لە ٨ئاوریلی١٩٩٢ زایەنی، لە شاڕی کوپینهاگ لە دونیا چوو.

❖ **نموونەی شێعرەکانی:**

### جلاد!

وەرە جەللاد!
وەرە گیانم هەموو لەت لەت بکە تاکوو بزانی چۆنە ئیمانم.
ئەتۆ جەللاد!
ئەگەر دەربێنی ئێسکانم،
ئەگەر بێنی لەبەر چاوم بکووژی گشت عەزیزانم،
بە وەڵڵاهی،
بە خاکی پاکی کوردستان،
ئەمن کوردم، قەتیش ناڵێم پەشیمانم...
...
وەرە جەللاد!
وەرە ئەی خوێنمژی بەدکار!
دەتوانی بیخەیە ئەستۆم گوریسی دار
ئەوە شانازییە بۆ من،
بەوەی ناکووژی ئیمانم، ئەوە سەربەرزییە بۆ من...
...
وەرە جەللاد!
وەرە ئەی دوژمن، ئەی بێداد!
لەبەر چی مەعتەلی، ئەی بۆچی ناموکووژی؟
بە زیندوویی لە گۆڕا بۆچی نامنێژی؟
قەسەم بەو کۆت و زنجیرە،
بە هەرچی دیل و یەخسیرە،
بە ئاواتم،
بە ئیمانم،
بە ئامانجم،
بە پەیمانم،
بە خوێنی پاکی ئەو کوردەی لە ڕێی ئاواتی کوژراوە،
قەسەم بەم خاکە خوێنینە،
قەسەم بەم ژینە شێواوە،
ئەگەر دەربێنی چاوانم،
ئەگەر بشکێنی ئێسکانم،
بە وەڵڵاهی،
بە خاکی پاکی کوردستان،
ئەمن کوردم، قەتیش ناڵێم پەشیمانم...



**سەقز.زیلان نووری**

کێ ئەتوانێ
ڕەگ و ڕیشەت بقرتێنێ؟
کێ ئەوێرێ
تەور بێنێ بۆ برینت؟
کەس ناتوانێ
کاتێ من سەرچاوەی ژینتم.
خەمت بۆ قۆڵبەست ئەکەم و
گوڵجاڕێ زەردەخەنەت
لە جەننەتدا بۆ ئەدزم
گەر سزاکەم سێدارەش بێ
لە دادگای خوا
تا سۆمایەک لە چاوما بێ
کانی بووژانەوەی هێزتم.



**کرماشان. زوڵیخا ئەحمەدی**

**(١)**

ئاخر چەتوای وە گیانم
وەی ساڵ ناسەواوە
ئاو هاتە میڵکانم
سزیاوم دڵ کەواوە
ئی گوڵە جایی خەرمان
دیکیەیخوەش خوەمانە
چەوەڕیم بایدە ماڵم
هەی ئیدەفە حساوە.

**(٢)**

خوزیو ڕوژێ وە بخت و اقبالم
خاک کانی سرە بودنە مالم
چیو کوک لانە کم وە بان سراوی
ورجە شکارچی بشکنی بالم.



# لوقمان مەنسوور

**ڤیدان و نووسان: زانا کوردستانی. برووجرد**

کاک لوقمان مەنسوور بە نازناوی لۆقمان لەک شاعیری هاوچەرخی کورد، لە چوارمین ڕۆژی مانگ ئەیلولی سالی ١٩٦٣ زایەنی لە کەرکوک لە دایک بۆ

❖ **نموونەی شێعرەکانی:**

**ـ١ـ**

ئەڵێن لە ڕۆژهەڵات
ژن لەم دنیا دیلی دەستی دین و پیاوە
لە ئەو دنیاش حۆرییەو
بۆ پیاوەکان خەڵات کراوە
لە ئەورووپاش بەرەڵایە
بۆ تێرکردنی چێژی پیاو
یان شمەکە بۆ فرۆشتن
یا کاڵایە
باش بزانن
لە ووڵاتی من
ژن پێشمەرگەو گەریلایە.

**ـ٢ـ**

کە ماچی لێو بکەم
حەتمەن لەلای من جەژنە
ئەو ڕۆژە
ئەگەر مانگیش نەبینم
هیلالی شەووالە
مانگی ڕووت.

**ـ٣ـ**

من و تۆ پێکەوە
لە دەریای خۆشەویستی مەلەمان کرد
تۆ جێت هێشتم
گەیشتیتە کەناری ئارام
منیش خنکام
خێرخوا هاتن
ڕزگاریان کرد.

**ـ٤ـ**

ئاشقەکەم!
چاک ئەزانم کە زستان ڕۆی
بەهار هەر دێ
دە پێم بڵێ کە تۆ نەیەی
هاتنی بەهار بەچی ئەچی؟!

**ـ٥ـ**

تۆ وێنەیەکیت لە ئەهریمەن
بۆیە منیش گوناهبارم
خۆشم ئەوێی لە ئاهورامەزدا یاخیم
تۆ ئەپەرستم ناچارم.

**ـ٦ـ**

[زامی هەڵەبجە]
لە هیرۆشیمای وڵاتی من
پێنج هەزار پەپوولە فڕین
جێیان هێشت و نەهاتنەوە گوڵزاری ژین
لە شانزەی سی عومەری خاوەر
بە کۆرپەلەی ئامێزیەوە
بەچۆکدادێ و لەگەڵ کۆرپەلە جوانەکەی
ڕووح ئەسپێری
شۆفرلێتە پیکابەکە فریای دەربازبوون
ناکەوێ
لە شانزەی سی کۆڵانەکانی هەڵەبجە
قەپ و قڕن دەنگی باڵندەش نابیسرێ
تەنها و تەنها بۆنی سێو دێ
نەفرەت لە سێو
گەر هەناسەی مەرگی پێ بێ
لە شانزەی سی لاشەی منال
ژن و پیاوو هەرزەکارو
کیژۆڵەی جوان
بێ گیان ماوە، ڕاکشاوە
لێرەو لەوێ ئەم شانزەیە و
هەموو شانزەکان بە نەفرەت بێ
خۆی و سەدان ژمارە سێ.

**ـ٧ـ**

کەی دێیتەوە وەکو شەماڵ
مژدەی بەهار بە رووحم دەی
کەی دێیتەوە خەمی ناخم
گشت بەباکەی
کەی دێیتەوە دەرگای شادیم
بۆ والاکەی
کەی دێیتەوە وێنەی نەونێرگزی بەهار
بەرامەی خۆت بپرژێنی
خەمخانەی دڵ بشێوێنی
شادی لەگەڵ خۆت بهێنی
دەپێم بڵێ ئامۆزا کەی؟!

**ـ٨ـ**

[عەشقی کۆنە]
بزەی سەر لێو یادێکی شیرینی تۆیە
نازەنین ئێستا لێم دووری بۆیە
دڵ پڕ خەمە و چاوەکانیش گۆمی ئەسرین
یادەوەری عەشقی کۆنە
جارنەجارێ دڵ دەخاتە
سەرئارەزوو تا دەم بێنێتە پێکەنین
بێوەفا بووی بەجێتهێشتم
بۆ ئازار و شین و گرین

**ـ٩ـ**

[خەڵوەتگاه]
دەرگای دڵم بۆ والا کە
چونکە دڵت خەڵوەتگاهی منی شەیدای
چاوەکانتە
هەتا ئەمرم لەوێ
من بۆ خۆشەویستی تۆ
هەموو ژیان بە سەر ئەبەم.

**ـ١٠ـ**

[گرەو]
پەنا بێنە بۆ ئامێزم
با شۆڕشێک هەڵگیرسێنین
دژی داب و نەریتی چەوت
بەهەشتی ئەشق بخوڵقێنین
وەرە پێشبرکێی ماچ بکەین
گرنگ نییە ئەنجام چۆن بێ
کێ بدۆڕێ
یاخو کێمان براوە بێ
ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە
پرۆسەی ئەشق
لە نێوانمان بەرێوەچێ
با هەردوکمان
بە شکانی نەریتی چەوت
کۆشکی ئەوین بنیات بنێین
دنیا بکەین بە گوڵزار و
تاسە و ئازار بسڕینەوە
لە بەهەشتی ئاوێزانمان
گرەوی ئەشق ببەینەوە.



# شرۆڤەی چەند وشەیێکی دانسقە

لەیلاخ. خەلیل ئەحمەدی"ڕێبوار لەیلاخی"

دەمانێک خەریکی گەڕان و گەشت و گێڵی ناوچەکانی کوردەواری و وشەی دانسقە و دەگمەن کۆ دەکەمەوە و هەندێ لە وشەکانمان دزراون و لە وشەدانەکانی دەراوسێیەکانمان تۆمار کراون و نووسەرانی ئێمەش بەناوی پەتیخوازیی زمانی ئەو وشانە لە نووسراوەکانیان دوور دەکەنەوە و نازانن زەبری کاریگەر لە بازنەی وشەکانی زمانی کوردی دەدەن،لە ناوچەکانی خوارووی کوردەواری وەک سنە و لەیلاخ و ئەسپەناوا و گەڕووس و چەرداوڕی و کولیایی کاری زۆر لە سەر زمان و وشەکانمان نەکراوە و وشەکانمان کە هی خۆمانە بە ناکوردیی دادەنێن.

لە درێژەدا ئاماژە دەکەم بە چەند وشەی کوردی کە،بە ڕواڵەت ناکوردییە و لە فەرهەنگەکانی زمانە دەراوسێیەکان تۆمار کراوە

❖ وشەی یەدەک یدک

ئەم وشەیە لە ڕواڵەتدا بە عەرەبی دەزانن و لە فەرهەنگە فارسییەکان بە ملکی زمانی فارسی تۆمار کراوە

یەدەک کوردییە و لە دەڤەرەکانی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سنە تا ناوچەی مێهرەوان و گەڕووس و چەرداوڕی و کولیایی لە پاناتیێکی زۆردا گۆیە دەکرێ،

یەدەک:جاران کە کاری کشت و کاڵ پێشکەوتوو نەبووە و کاری کێڵان و گێرە و کێشە بە ئاژەڵی وەکوو مانگا و نێرەگا و ئەسپ ئەنجام دەدرا،هەر ماڵە وەرزێرێک جووتێ گای بۆ جووتکردن و کێڵان بووە و وڵاخ و ئەسپ و هێستریش بۆ بارکێشان،

ئەسپ یان هێسترێک کە لەڕ و لاواز بوو و بەکاری جووت و گێرە و خەرمانکوتان نەدەهات لە ماڵ ڕایاندەگرت ئەگەر ڕۆژێ یەک لە گاجووتەکان نەخۆش بکەوتا و کاری لێ نەهاتایە یەدەکیان دەبەستە کار لەگەڵ ئەوانی دی،لە مانای خوازراودا یەدەک بە مرۆڤی زل و بێکارە و سست دەڵێن، ئەڵبەت ئەم وشەیە لەم ناوچانە بە یەدْەک بێژە دەکرێ،

❖ وشەی شاتر شاتەگەر شاطر:

هەر لەم ناوچانە کە ئاماژەم پێ کرد بەتایبەت ناوچەی لەیلاخ بە نانی لەواش دەڵێن نانی شاتە،نان شاتە و بە کەسێ کە نانی شاتە دروست دەکا دەڵێن شاتەگەر.

ئەم وشە بۆ سانابێژی بووەتە شاتەر،شاتر،دوایی چووتە نێو وشەدانی زمانەکانی تر و ئێمە لێی بێبەریین،

❖ بڵ سەرچاوەی وشەکە،

لە کوردستاندا زۆر شوێن ناوی بڵی لە سەر نراوە،ئەم شوێنانە هەموویان شوێنێکی پڕئاو و زەنوێر و سەوزەڵانییە،لە کتێبی تاریخ جامع ادیان نووسراوەی جان بی ناس هاتووە:

بڵ وشەیێکی عیبرییە بە واتای خاوەن زەوی،هەروەها لە مێژووی یۆنان بڵ ئیلاهەی ئاوە،لە کوردستاندا بڵ لە سەر شوێنەزەنوێرەکان دانراوە،وەکوو بڵ،بڵبەر،بڵەسەن،بڵواناوا،

لە هەزارەکانی پێش زایین حکومەتێ بە ناوی ئاخینەکان لە نێوان سووربەرد و شارەزوور دەسەڵاتیان بووە،کە دواهەمین شای ئەم بنەماڵە بڵ نادین ئاخی بووە،کە وشەی بڵ و ئاخی هەر ئێستا لە سەر دوو شوێن لە ناوچەی لەیلاخ ماوە،

بڵواناوا،ئاخی کەماڵ،کە برێک دەڵێن ئاخی گرماڵ بووە

❖ وێنسار:

لە کتێبی،بیجار در گذر(بیجاڕ لە ڕەوتی ڕۆژگار)هاتووە کە وێنسار وشەیەکی پاڵەیی و لێکدراوە،

وی وێ،=بەگ،بەغ بە مانای خودا

نسار یان نسای بە مانای دەشت و شوێنی حەوانەوە، ،وێنسار،دەشتی خودا،ملکی خودا،

وێنسار شارەدێیکە لە شارستانی قوروەی پارێزگای کوردستانی سنە لە ڕۆژهەڵات شاری قوروە نزیک ملەی هەمەکەسی،

❖ وشەی نگەر نظر.

ئەم وشەی لە ڕواڵەتدا عەرەبییە بەڵام تەعریبە، لە پاڵەییدا نگەرمان هەیە،ئەم وشەیە لە کەڵهوڕیدا نۆڕە،نگـەر،نگەر،

هەر ئێستا برێک لە کوردان دەڵێن بنواڕە،بنۆڕ،بڕوانە،لەوانە وەکوو بۆچوونێک بێ کە ئەم وشەیە کوردییە و تەعریب کراوە بەڵام لەوەی کە عەرەبی نییە دڵنیام

مەرز=وشەیێکی هاوبەشە بەڵام خۆمان لە کوردیدا وشەی کەوشەن،کەوشکەن،سنوور،سەرگا.سەرهەو

ئێمە سەرگامان یەکێکە،

گوندەکانمان هاوکەوشەنە،سەرحەدْمانیش هەیە کە برێک بەهەڵە بە عەرەبیی دەزانن،بەڵام کوردییە واتا سەرهەو،

هەوکردنەوە=گەڕانەو بۆ دواوە،ئەو شوێنە کە گای جووتکردن دەگەڕێتە دواوە،لە کۆتایی زەوییەکەدا،دەڵێن سەرهەو،

❖ هەشەوڵ:هەشەگـڵ،هەشەدۆڵ

شوێنێ کە ورچی هەبێ،دۆڵی کە ورچی هەبێ،کونە ورچ،ڕەنگە وشەی هاشاوڵ لەمە گیرابێ،

❖ نازە:گۆشتی لکاو بە ناخوون(ناخوێن)

نازە لە ناخوێن ناکرێ:وەکوو پەند باوە لە نێو خەڵکی یانێ دوو کەس کە تەنەزای یەکن لە یەک جیا نابنەو،واتا جیابوونەوەیان سەخت و ئەستەمە و ئەگریش بکرێ کارێکی نارەوا و ناپەسندە،

❖ دەما دما

ئەم وشەیە بە واتای پلەی گەرمی کەش و هەوا و گەرمیی لەش بێژە دەکرێ،
ئەم وشەیە کوردیی ڕەسەنە بەڵام وەک زۆرێک لە وشەکانمان لێمان دزراوە و دەرخواردمان دراوەتەو بە نێوی وشەی ناکوردی،
ئێمە بۆ ناسینی وشەیێک سەرێک لە وشەکانی هاوشێوە و هاوچەشنی زمانی خۆمان بدەین بزانین لە ئەدەبیاتی زارەکیماندا هەیە یان نا؟
ئێمە نە ناوەندێکمان بووە و نە وشەکانمان تۆمار کراون ئەوەی هەیە سنگ بەسنگ و پشتاوپشت پاراستوومانە،
دڵنیا بن هەر وشەیێک بە نێوی پاڵەیی یان هەر ناوێکی تر تۆمار کرابێ ئەوە کوردییە و بۆ حاشاکردن لە شوناسی ئەو وشەیە مۆرکی ناکوردی و دەرەکییان لە تەوێڵی داوە،
هەنێ لە دنیای مەجازیش بەناوی بەرگری وپاراستن و پەتیخوازیی زمان ئەو جۆرە وشەگەلە بە ناکوردی هەژمار دەکەن وادەزانن کارێکی گەورەیان کردووە کە چی نازانن زەبر لە زمانی خۆمان دەدەن،

- ❖ دما دەما لە دوو بەش پێک هاتووە،

دەم +ئا،واتا لە دەمەو دەرهاتوو،
#دەم،ئەم وشەیە تەنیا لە نێو کوردان هەیە واتا زار،دەم،
لە گۆرانییەفولکلۆرەکانمانیش هەیە
هاوار نە دەمەی هەناسەی سەردم،
دەما:هەوڵمی هەناسە،
لە بیرمە ماڵە قەرەجێک هەواریان لە گوندەکەی ئێمە خستبوو و کاری ئاسنگەریمان بردووە لایان کاتێ ویستیان ئاگرەکە گەشەو کەن سوای ئاسنگەر بە کوڕەکەی وت بچۆ بیٚدەمەنەو واتا بیدەمنەو،
کەرەستەیێکیان بوو کە ئاوری گەش ئەکردەو کوڕەکە خەریکی دەماندن بوو و ئاگر گەشەو بوو،
دەما،و دەماندن و دەمانن واتا فووکردن و هەوڵمی هەناسەی گەرم،
فارسەکانیش بردوویانە و دما و دمیدن و زۆر وشەیان بەناوی خۆیانەو لە وشەدانەکانیان تۆمار کردووە و برێ لە ئێمەش بۆ سەلماندنی ناکوردیبوونی ئەو وشانە بەڵگەیان تەنیا وشەدانەکانە کە پڕن لە دزینی وشەی ئێمە،

- ❖ جڵەوکێش:جڵەودار،کەسێ کە جڵەوی ولاخ ڕادەکێشێ
- ❖ جڵەوکێش لەواتای خوازراودا بە کەسێ دەیانوت لە کاتی بووکگواستنەوە ئاوێنەی لە پێشی بووک ڕادەگرت تا ماڵی مێرد و مێردیش بڕەپارەیێکی پێ دەدا
- ❖ سارە:بەیانیی زوو،سەرەتای بەیانی،

سارەشەو:سۆزیشەو،شەوسۆشەو،بانانشەو،سبەیشەو

- ❖ گێچکە:خولینەو و هەڵکردنی با، ،گێجەوا

لە مانای خوازراود گێچکەکردن بۆ مرۆڤێ دەکوترێ کە لە شوێنێک هەر دێت و دەچێ و خۆی لە گێجی و نەزانی ئەد

- ❖ نەهانی،نهانی، ،ڕاز،سڕ.

نەهێن
:مەڵێ،ناوی مەهێنە،ئەم وشەیە فارسەکان بردوویانە و بە نهانی بێژەی دەکەن، ،
نەهانی :نەیهێنی،مەڵێ،مەیژە،
داڵ:باڵندەیێکە لە جۆری هەڵۆ،لەڕ و لاواز
داڵگۆشت:لەڕ،لاواز،بێ نز
داڵدان:عاشقبوون،
داڵدان:واتریان و بەهێما قسەکردن و ئاماژەکردن بە بابەتێک بەڵام بە شێوەی ناڕوون

- ❖ کۆزەر:کۆزەروبەربا:

کۆزەر:دەغڵ و پووشی نێو گەنم و جۆی جەزر،
وابزانم کۆزەری بەربا دروست بێ،
کاتێ گەنم و جۆ شەن دەکەن و جەزری دەکەن،دەخڵ و پووشەکە با دەیبا و لە سەر خەرمانەکە دەنیشێ،

- ❖ دەستەواژەی کۆزەروبەریا لە مانای خوازراودا بەواتای لێدانە
- ❖ کۆزەروبەربایێکی گرتەو:واتا تێر لێی دا

کۆزەران:ناوی شارەدێیکە لە بەشی ڕوانسەر

- ❖ کوڵەکۆزەر لە واتای خوازراودا واتای هەیە،

بە پیری ڕەزاگران و ئاکارخراپ دەڵێن،

کۆتایی:لێرەدا کۆتایی بەم بەشە دەهێنم و لە درێژەدا لە زەنجیرەوتاریک زۆرێک لە وشە و دەستەواژەی دەگمەن دەخەمە بەرباس کە داشدەی زمانی کوردییە و بەرەبەرە لەبیر دەکرێ و زۆریشیان وەکوو وشەی نامۆ دەرخواردمان دەدرێتەوە،

## کاژ!



هەولێر. سعداللە نوری

دەزانی بۆ ناگەینەیەک؟!
تەمەن دەڕواو
تۆ بەکاوخۆ  پێ هەڵدەگری
منیش هێشتا لەکۆڵانی نغرۆ لەغەریبی
بەدوای دۆزینەوەی
یاریکردنەکانی منالیم دەسوڕێمەوەو
پەنجەکانم وەک مێروولە
خێرا خێرا ڕێدەکەن و
بۆ بناری مەمکت دێنن
وردە ماچی لەلێو ڕژاو
تۆ پێم ناڵێی
کەنگێ کاژی بێباکیت
لەناخ و
لەبیرت و
لەدڵتدا دادەماڵی؟!

## مەرگەساڵ!

لەمەملەکەتی قات و قڕی و
شەقوەشێنادا
ژیان لەجورعەیی ژەهر دەچی
تۆ یا دەبێ لەئێجەدا
ببیتە ژەمی خۆراک و
یا لاڤاوی باران.. بۆنی خەڵووز
لە نێو جیدا بتخنکێنێ
چ قەدەرێکە خودایە
سی ساڵە هەر کرێوەی مردنە دادەباری
تەنها زریانی نەهاتە هەڵدەکات و
نیشتمانێک لەزەڵکاوی
زوڵم و نادادی دەخنکێ!!

## ون نابی!

بۆلات دێم و تیلەی چاوم
بەبالای ئەو ڕۆیشتنە هەڵدەگەڕی
مشتی حەزی
بەغوربەت بووی بۆ جێهێشتووم!
بۆلات دێم و
تۆ هەر سەراب لەهەنگاوەکانت بەردەبێتەوەو
من  بەدەم کێشانی جگەرەیەکی سۆمەرەوە
پێکی ئازار دەنێم بەلێوی   تامەزرۆی ماچ!
بۆلات دێم و
نەرمە وشە لەسەرەڕێی گەڕانەوەت هەڵدەڕێژم
تا ئەوڕۆژەی پەشیمانی لەڕۆحتدا گەورە دەبێ!

## ڕێبواری شــەو



مەهاباد. شاهۆ موکریانی

ئەی خودا من دڵپڕی تاسە و خەم و دەرد و کوڵم
کێ دەتوانێ هەڵگرێ ئەو بارە قورسەی سەر دڵم

ئەو دڵەم پڕ پڕ لە ئێشەو دەرد و زامە و ئاخ وئۆف
دەست وپێ بەندی گەمارۆی مۆتەم و هەم داوی خۆف

پەرچەمی ڕۆژم بە دەستە و دژ بە شەو هەنگاو ئەنێم
شەرتە تا تولحی بەیانی من نەوەستم بێم و بێم

شەو بەجارێ لێی بڕیوم دەنگی مۆسیقا لە دڵ
چۆن دەبێ ناڵەی نەبێ ئەو قەلبەکەی پڕ ژان وکوڵ

دژ بە من تاپۆ ومژیش هاتوونە هانای ئەو شەوە
هەر دوو  تاریک و دزێون نەخشەیان بۆ من خەوە

شەرتە هەرگیز نەسرەوم تا پەردە لانەدرێ لە سوڕ
بێ وچان هەر ڕێ دەپێوم ژێر وئاژا تێژ بە گوڕ

شەو بە قین دێت و بە تەم دەگرێ بەری ئاسمانی ساو
تا تەپ و مژ بێنە دی و ڕێگایە هەلببڕن لە چاو

شەو دەخوازێ پڕ بە دڵ  تا من لە داوی ئەو کەوم
بسرەوم ڕێگا نەپێوم تا لەداوی خەو کەوم

لورە لوری دەنگی بایەکی ڕەشە گرژەی لە دوور
هەر دەڕۆم و ڕێ دەپێوم من لەسەر ئەو ڕێیە سوور

زایەڵەی هاواری دەنگم پڕ بە دڵ هاوار ئەکا
لەشکری ڕۆژ شەو دەتارێنێ و گەلێ بێدار ئەکا

گەرچی پێم ئێژن کە ڕێگە سەخت ودژوار و گەوە
مەشغەڵی بیرم دەڵێ شاهۆ برۆ ڕێگا هەوە

هەر دەڕۆم ئاسۆم لە پێشە وئاقیبەت هەر پێ دەگەم
تیشکی زێرینی هەتاو هەڵدێ لە ئاسۆی زێدەکەم

**

ماڵی دڵ وێرانە بێ هەردەم لە من یاری دەوێ
یاری ڕازاوەی بەهەستی مەستی هەستیاری دەوێ

ئاخ لە بەر هەستی بزۆزم من بەرەو گرکان دەبا
ئەو لەمن ئامێزی گەرم و ژوانی دڵداری دەوێ

# ئەشکەوت



بانه. ک.د.ئازاد



شەوانە، هەر دووکیان دەهاتنەوە؛
مارەکە بۆ لای چەپ و گورگەکە بۆ لای ڕاستی من!
لە سەر جێگای خۆیان وەردەکەوتن.
منیش لەو مابەینە دا، لە بەینی خۆف و ڕەجا دا دەخەوتم!
دیار بوو من هیچ مەترسییەک بۆ ئەوان نەبووم!

❋❋

زیاتر لە مانگێک بوو پەنام هێنابوو بۆ ئەم ئەشکەوتە!
ئەشکەوتەکە هەر وەکوو دیوێکی گومبەزی گەورە وابوو کە سەربان و سێ لای گیرابن و لایەکیشی ئاوەڵابوو. وەک بەر هەیوانێکی گەورە.
بەرزایی بنمیچی دوو باڵاپیاو زیاتر بوو.
شەوی هەوەڵ، سەر لە ئێوارە و لە بوولێڵ دا گوێم لە خشەخشێک بوو. کە سەیرم کرد مارێکی ڕەشی درێژی ژێر سک سپی، خۆی کرد بە ئەشکەوتەکە دا!
سەر لە هەوەڵ، ئەویش بە دیتنی من سڵەیەکی کرد و سەری بۆ لای من هەڵێنا و تا ماوەیەک بێ جووڵە چاوی لێ کردم!
لە دڵی خۆم دا وتم: ئەوە ماڵی ئەم مارەیە و من وەک میوانێکی ناوەخت و سەربار ماڵەکەم لێ داگیر کردووە!
مارەکە چەنە میترێک لە لای چەپی من ستاری گرت و پاپۆکەی خوارد و سەری لە سەر قەفەکانی خۆی دانا!
ویستم بە کەلێنێک دا دەرباز بم و لە ئەشکەوتەکە بڕۆمە دەرێ!
بەڵام بۆ کوێ بچم؟
دەرەوەی غارەکە پڕ مەترسیتر بوو!
ناچار منیش خۆم کۆ کردەوە و سەرم لە سەر ئەژنۆم دانا و لە کاتێک دا ناو بە ناو سەیری مارەکەم دەکرد خەوم لێ کەوت!
شەو، ڕاشکابوو و لە درگای ئەشکەوتەکەوە چاوم لە گۆشەیەکی ئاسمان بوو کە ئەستێرەکانی دەدرەوشانەوە.
مانگە شەو بوو. ڕەنگدانەوەی تریفەی مانگ تا ڕادەیەک ناو غارەکەشی ڕوون کردبۆوە!
هەستم کرد لە لای ڕاستەوە دەنگی هەناسە هەناسێک دێ!
چاوم بە تاریکی ڕاهاتبوو. کە باش سەرنجم دا جانەوەرێکی تووکاوی پاڵ کەوتووە!
لە پێش دا وام زانی سەگێکە و زۆر دڵم خۆش بوو.
بەڵام سەر و قەپۆزی لە سەگی ماڵی نەدەچوو!
گورگ!
خۆی بوو!
گورگێک هەر وا چەنە میتر لەو لای من پاڵ کەوتبوو و سەری کردبۆ سەر هەر دوو دەستەکانی و بە چاوە زیتەکانی لە منی دەڕوانی!
وەک دیتنی مارەکە، سەر لە هەوەڵ زۆر ترسام! بە ڕادەیەک کە نەمدەتوانی لە ئەشکەوتەکەش بڕۆمە دەرەوە!
منیش چەناگەم لە سەر ئەژنۆکانم دانا و چاوەکانم بڕیە گورگەکە!
نەمزانی کەی خەوتم!
کە بەیانی خەبەرم بۆوە، گورگ و مارەکە لەوێ نەمابوون.
منیش،کۆڵەپشتی و شتەکانم دانا و لە ئەشکەوتەکە وەدەرکەوتم!

❋❋

من و ژۆزیف، دۆستی داغستانیم، بە هێلیکۆپتێری ژۆزێف ویستمان گەڕانێک بکەین و زۆر لە شارەکەی "دەربەند" دوورکەوتینەوە.
ڕوومان کردە شاخ و داخێکی ئەستەم کە لە نەکاو ژۆزێف هاواری کرد: هێلیکۆپتێرەکە ئێرادی پەیدا کردووە!
من هیچم لە لێخوڕین و کاری هێلیکۆپتێر نەدەزانی!
کوت و پڕ باڵەکانی هێلیکۆپتێرەکە لە لێدان کەوتن!
ژۆزێف، زۆری هەوڵ دا بەڵام هێلیکۆپتێرەکە سەر نەوی بەرەو زەوی دەڕۆیشت. ئەویش لەو کێو و هەڵەمووت و بەردەڵانییە!
ژێرەوەی هێلی کۆپتێرەکە لە پلە بەردێک درا و ئیتر دەستی کرد بە خولانەوە.
لەو کاتە دا دووکەڵێکی ڕەش هەم ناو هێلی کۆپتێرەکە هەم دەرەوەی تاریک کردبوو.
لە پڕ زرمەیەکی گەورە هات و هەستم کرد سەرم لە شتێک درا!
نەمزانی چەندە بێهۆش بووم بەڵام کە وەهۆش هاتمەوە ئاسەوارێک لە هێلی کۆپتێرەکە نەبوو. دەستم بە لەشی خۆم دا گێڕا! سەیر بوو هیچ جێیەکم نەشکابوو، تەنیا قاچێکم کەمێک دێشا و ناوچاوانم تۆزێک بریندار بوو!
زیندوو مانەوەم لە موعجیزە دەچوو. خۆشم باوەڕم نەدەکرد!
بە سەر گابەردەکان دا سەر کەوتم. لە دەرووی شاخێک، چاوم بە لاشەی هێلی کۆپتێرەکە کەوت!

ئەو دەروە شاخە بە شێوەیەک بوو کە لە دوورەوە دیار نەبوو.
لێی نیزیک کەوتمەوە.
لە ناو قاپووری هێلی کۆپتێرەکە دا هێندێک کەل و پەلم دۆزیەوە.
هێندێک خواردەمەنی و چەقۆیەک و تەناف و چاکەتێک!
لە ژۆزێف خەبەرێک نەبوو!
ڕەنگە ئەویش وەک من پەڕیبێ و ئێستا لە جێیەک زیندووە!
چەند ڕۆژ لە دووهەم مانگی بەهار تێپەڕیبوو. هەور بە ئاسمانەوە دەیان گرماند.
کە باران دایکرد ناچار پەنام بردە ئەشکەوتێک لەو نیزیکانە، یان باشترە بڵێم ڕەهۆڵی شاخێک!

**

زۆر بە دوای ژۆزێف دا گەڕام. بەڵام هیچ سۆراخێکم دەس نەکەوت!
ئەو شاخ و داخە پڕ بوو لە جڕوجانەوەر و هەر بۆیە ئەشکەوتەکە باشترین شوێنی حەوانەوە بوو.

**

ڕۆژانە کاری من گەڕان بە دوای گژو گیای کێوی و تیر کردنی زگم بوو. زۆر نەمدەوێرا لەو خواردەمەنییەی کە پێم بوو بخۆم. چون نەمدەزانی تا کەی لەو کێو و کوێستانە دەمێنمەوە و کەی دێن بۆ ڕزگار کردنم. ئێشی قاچەکەشم ڕێگەی پێ نەدەدام تا لەو شوێنە دوور کەومەوە.
لە دڵی خۆم دا دەمگوت بەڵکوو بە ون بوونی ئێمە بزانن و هەر نەبێ هێلیکۆپتێرێک یان کەسانێک بە هانامان بێن!

**

شەوێک گورگەکە درەنگ هاتەوە. بە شەلەشەل خۆی بە ژووری داکرد!
گوێ قوڵاخ بووم بزانم چییە و بۆ دەشەلێ!
لە تاریک و ڕوونی ئەشکەوتەکە دا چاوم لێ بوو گورگەکە بە زمانی پەنجەی دەستی ڕاستی دەلستەوە!
پاش ساعەتێک بە خۆم جورئەتم دا تۆزێک لێی چوومە پێش!
وەرگەڕاوە لای من و دیانەکانی لێ چیڕ کردم و مراندی!
ترسام و دانیشتمەوە.
بەڵام تا لای نیوە شەو گورگەکە دەیناڵاند و منیش نەمدەوێرا لێی نیزیک ببمەوە!
قیر و سیا!
هەستام و هێواش هێواش لێی چوومە پێش و لە کاتێک دا دەستێکم بەرز کردبۆوە بە دەنگێکی ئارام وتم: مەترسە دێم یارمەتیت بدەم!
ئەوجا چەند جار وتەوە و لێی چوومە پێش.
وەک ئەوە لە زمانی من حاڵی بووبێ یان لە کردەوە و جووڵەی من پەی بردبێ کە مەترسیم بۆی نییە، چاوە زیتەکانی لە چاوم بڕیبوو و دەنگی نەدەکردا!
چاوم بە پەنجەکانی دەستی ڕاستی کەوت. وەک ئەوە بە شتێکی تیژ بریندار بووبێ و خوێنی پەنجە وقاچی دەڵەمەی بەستبوو!
لە جانتاکەم پارچەیەکم دەرهێناو و بە ئارامی لە پەنای گورگەکە ڕام خست. قاچی گورگەکەم گرت و لە سەر پەرۆکەم دانا و لە دوو لاوە پەرۆکەم هەڵێنا و چەند جار لە پەنجەکەم هاڵاند و دوایی بەستم.

**

بەیانی کە هەستام گورگ و مارەکە ڕۆیشتبوون.
وەک هەمیشە منیش لە ئەشکەوتەکە هاتمە دەر. ئاسمان ساماڵ و هەتاوێکی خۆش دونیای گەرم داهێنابوو.
چوومەوە لای لاشەی هەلیکۆپتەرەکە!
سەیر بوو، بەو هەموو ڕۆژانە کەس نەبوو بۆمان بگەڕێ یان بە هانامانەوە بێن!
من پێم وابوو ژۆزێفیش زیندووە.
بە کەل و پەلی هەلیکۆپتەرەکە و بەرد و دار، لە سەر گۆڕەپانێکی نیزیک لاشەی هەلیکۆپتەرەکە، بە ئینگلیسی وشەی "یارمەتی"م نووسی!
پارچەیەکی سووریشم هێنا و لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە لە پەلی دارێکم بەست. بەو نیازە بووم تا هەر کەس لە دوورەوە چاو لەو شوێنە بکا ئەو پارچەیە ببینێتەوە و بە هانام بێ!
بەڵام ئەو شوێنە ئەوەندە چۆڵ و بێ دانیشتوو بوو کە بێجگە لە جووڵەی جڕو جانەوەران هیچی تری لێ نەبوو!
لە ئاوی شیوێک ئاوم خواردەوە و چەند گیای کوێستانی و هێندێک گەڵای شلکی دارانم چنی و بە شەلەشەل گەڕامەوە بۆ ئەشکەوتەکە!
لە دڵم دا هەرچی دوعا و پاڕانەوە بوو دەمگوت بەڵکوو لەو شوێنە ڕزگارم بێ!
لە بەر کەم خۆراکی هەستم بە لاوازی دەکرد. بەڵام هیچ چارەیەکم نەبوو.

**

چەند ڕۆژی تر تێپەڕی بەڵام هیچ خەبەرێک نەبوو.
گورگەکە، چاک ببۆوە.
شەوانە تا درەنگان چاوی لێ دەکردم و تا من نەدەخەوتم ئەو چاوی نەدەترووکاند!
مارەکە، هێلکەی کردبوو. ئەوەم کاتێک زانی کە ڕۆژێک سەردانی جێی مارەکەم کرد.
هێلکەکەنی لە ژێر گڵ و خۆڵی شوێنی حەوانەوەی دا شاردبوونەوە!
حیسابی ڕۆژ و حەوتوو لە دەستم دەرچووبوو. بەڵام هومێدم بەرنەدابوو.

شەوانە سارد بوو و منیش هەرچی کەل و پەلی پێم بوو لە خۆم وەردەگرت و دەخەوتم.
بەیانییەک هەستم کرد ناتوانم وەک جاران بجووڵێم.
ئەو ڕۆژە لە جێگا دا مامەوە و نەچوومە دەر.
ئێوارە کە مار و گورگەکە هاتنەوە، حاڵم باش نەبوو.
هەم مارەکە و هەم گورگەکە هەستیان بە نەخۆشی من کردبوو. هەر دووکیان تا درەنگانێک هەر چاویان تێبڕیبووم و بێ جووڵە و هەست بوون.
نەم دەتوانی زۆر بجووڵێم.
شەوانە دەمناڵاند و هەموو جارێ هەستم دەکرد مارەکە و گورگەکە بۆم بە پەرۆشن، چون ئەوانیش نەدەخەوتن!
لە دڵی خۆم دا دەمگوت ئەگەر مردم با ئەوانە بمخۆن. بەس نییە وەک هاوماڵ، هەم منیان تا ئێرە پاراستووە و هەم هیچ زیانیان بۆم نەبووە.
بە دەم ئەو خەیاڵانەوە خەوم لێ دەکەوت.
نازانم خەوم لێ کەوت یان لە بێ هێزی خۆم بی هۆش بووم!
جارێک کە وەهۆش هاتمەوە، دیتم کە گورگەکە بە سەر سەرمەوە ڕاوەستاوە!
دیسان بێهۆش بوومەوە.

❋❋

گوێم لێ بوو کەسێک بانگی دەکردم!
- ئاران... ئاران!
دنگەکە ئاشنابوو.
دەنگی ڕیحان ژنی ژۆزێفی هاوڕێم.
چاوم کردەوە. ڕیحان بە سەر سەرمەوە ڕاوەستابوو.
چاوم گێرا، پیاوێکیترم دی کە لیباسی سپی لە بەردابوو. دوایی زانیم دوکتۆرە.
ژوورێکی سپی و نوێن و بانێکی نەرم و نیان. هەوایەکی فێنک و خۆش.

❋❋

ڕیحان گێڕایەوە:
کاتێ ئێوە نەهاتنەوە. سەردانی هەموو شوێنێکم کرد. فریاگوزاری...پۆلیس...خەستەخانەکان!
کەتێک لە هەموویان ناهومێد بووین، تیمێکی گەڕانمان پێک هێنا و دەستمان کرد بە گەڕان. بەڵام تا زیاتر دەگەڕان، ناهومێدتر دەبوون.
تا دە ڕۆژان گەڕان بەردەوام بوو.
دوایی وازیان هێنا.
پۆلیسی داغستان پێی وابوو کە بۆ وڵاتێکیتر چوون و پەناهیندەی وڵاتێکی تر بوون.
بەڵام ئاخر بۆ؟
خۆ ژۆزێف هیچ گرفتێکی نەبوو. تۆش هەروەها.
بۆیە قسەی پۆلیسم قەبوڵ نەکرد و خۆم دەستم کرد بە گەڕان. دڵم دەیگوت کە لەو کەژ و کێوانە کەوتوونە خوارێ. لەو شوێنەی کە هەلیکۆپتێرەکەی ئێوە کەوتبوو خوارەوە،لەم کۆتاییانە دا چاوم بە وشەی یارمەتی(HELP) کەوت.
بۆیە دوای چل ڕۆژ، تیمێکی شاخەوانیم پێک هێنا و تا داوێنی کوێستان بە ماشێن و دوایی بە پێ بست بە بستی کوێستانەکە گەڕاین.
ڕۆژی سێهەم، لە دوورەوە پارچەیەکی سوورمان چاو پێ کەوت!
کە نیزیک بووینەوە، تۆمان لە ئەشکەوتێکی بەردەم ئاوەڵا دا بە نیوە گیانی دۆزیەوە!
لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە گورگێکی لێ بوو کە هەرچەند لە بەر ئێمە دوورکەوتبۆوە بەڵام تا لەشی نیوە گیانی تۆمان لە داوێنی چیا، سواری ماشێن نەکرد، دوراودوور هەر بە دوامانەوە بوو!
- ئەی چ خەبەر لە ژۆزێف؟
ڕیحان ئاخێکی هەڵکێشا و وتی:
زۆر دوور لەو شوێنەی تۆ، لە ناو دەڕەیەک دا دۆزیمانەوە! بەڵام بە داخەوە دڕندەی کێوی خواربوویان و تەنیا چەند ئێسقان و چەند لەت و کوت لە لیباسەکەی مابوون!
لێرە دا ڕیحان دەستی کرد بە گریان.
منیش لەوپەڕی بێ هێزی دا گریام.

❋❋

لەو ماجەرایە زیاتر لە دە ساڵ تێدەپەڕی. هەر کات بتوانم دەچم بۆ داغستان و سەردانی ژنی هاوڕێکم و منداڵەکانی دەکەم!
کاتێ باسی ئەشکەوتەکە بۆ دۆستانم دەگێڕمەوە، چاوم لێیە بە دزیەوە لە یەکتر دەڕوانن. ڕەنگە پێیان وایە من لە ترسان ئەو شتانەم هاتوونە بەر چاوم.



کرماشان.  تالب خودامورادی

بەهاری چاوەکانی تۆیە

شێعر

لە تەنیشت دەلاقەی کراوەی
بەرامبەر بە دیوار
ڕێبوارەکان
هەموو ڕۆژێک
دار بە دار
و لق بە لق
دێنە سەری
لە گەڵا بە گەڵای ڕوانینت
نوقمی دەریای خەونەکانت
دەلاقە دائەخەی
حەسرەت دێت و ئەنیشێ
لە ئامێزی ساردی ساتەکان
بەهار تەواو ئەبێت
کۆڵان تەواو
دیوار بەرز
بیری تۆ بەڵام دیسان
گوڵ ئەکا
لە کەشوهەوای شەقامەکان

## بێژە تۆ مانگ لە کوێیە



شاعر: محمدصالح علا

وەرگێر: سەلاحەددین ئاشتی



❋بێژە تۆ مانگ لە کوێیە، ونە لێم؟❋
بێژە تۆ مانگ لەکوێیە، ونە لێم؟
تۆ وەرە و بمبەوە ماڵ
دڵی من نابینێ،
هەتەرێکی ناکا!
بێژە تۆ تامی چییە ئاخوداخ؟
بێژە تۆ بۆچی دەبارێنێ هەور؟
با چ سترانێ دەچرپێنێ بە گوێی دار و دەوەندا
لە نەهێن؟
سەروی شیرازێ لەبۆ ئازادە؟
درکەزی بۆچی دەمی پڕ لە گڕی هاوارە؟
ئێرە کام شارە، نەکا ئێرە بێ ئەو جابڵقا؟
ئێمە ونبووین لەکوێ؟
کوێرەکۆڵان لەبەرچی بنەکەی بزرە لە چاو؟
بێژە تۆ مانگ لە کوێیە، ونە لێم؟
تۆ وەرە و بمبەوە ماڵ
دڵی من نابینێ
هەتەرێکی ناکا!

## کوانووی عەشق



هەولێر. ڕەمەزانی ئەحمەد میرزا "بێدەر"

ئێش و ئازاری ئەڤینێ، ناڵە ناڵی بۆچییە
دڵ نەتاوێتۆ لەعیشقێ، سەر خەیاڵی بۆچییە
عاشقی وەک مەم نەسووتی بانەیێتە کۆڕی مە
ئەم کوانووی عیشقە، داری کرچ و کاڵی بۆچییە
بۆ دەپرسی تۆ لەحاڵی عاشق و سەودا سەران
گیانەکەم مەجنوونی لەیلا، ماڵ و حاڵی بۆچییە
هەر لەپەنجەی پێتەوە تا مووییی سەر نایابی تۆ
گەردنت، گەردانە، گۆزینگت، خرخاڵی بۆچییە
سینەوو پرچت دەلەرزن، کاتی ڕێ دەبری بەناز
بۆ لەرەی دڵگیری زولف و مەم شەماڵی بۆچییە
تۆ کەڕوخسارت تروسکەی پەممەیی دێ هەردەمێ
ئیکە گوفتاری گوژالکی وڕولکی تاڵی بۆچییە
ئەوڕووەی گوڵڕەنگی پەریاسات سروشتی تێکمەدە
تۆ بەمن ناڵێی ڕوخی تۆ، ڕەنگی ئاڵی بۆچییە...

## جانتای بەتاڵ

بانە. حسێن بەگ



بابانوئێل!
نە جانتاکەی کۆڵت ماوە
نە ئاسکەکەی سواری ئەبووی
لەوەتەی من بەبیرم دێ
هەرکە،سەری ساڵی نوێ دێ
جانتای بەتاڵ!
ئەکەیتە شان
بێ ناو نیشان
بۆگەلانی دوور لە شادی!
قەت،نەدهێناوە، ئازادی!



# پێڵاوەکانی باوکم

بانه. ناسر جەعفەری

ڕۆژێکی هاوین بوو، هەندێک پیاو له بەردەم مزگەوتەکه ڕاوەستابون، پۆلێک لەناو مزگەوتەکەدا، هەندێکیش له خەڵکی ئاوایی له قەبرستان، دەنگی قورئان له بڵیندگۆی مزگەوتەکه ئەبیسترا.

ئەرێ، قەبرەکەی حازر بوو؟!!

کوڕەکەی لەسەر هەیوانی مزگەوتەکه چاوی به بەردێکی پان کەوت، پان به درێژایی میتریک، چاوی تێبڕی، زۆر کات لەگەڵ باوکی هاتبوو بۆ مزگەوت، بەڵام نەیدیبوو، له ناوڕاستی بەردەکەیا دانیشت، دەستی خستە ئەم لاولاوە، جێگایەکی باش بوو بۆ بینینی خەڵک، خەڵکانێک که ئەهاتن و ئەڕۆیشتن، بەڵام ئەو هاتووچۆی خەڵکەکەی بەلاوە گرینگ نەبوو، ئەو چاوی لەسەر پێڵاوەکانی باوکی بوو، پێڵاوە ڕەشه دڕاوەکانی، که له لای سەرووییەوە قۆپچەیەکی شینی پێوە بوو، زۆر کات پێیان ئەگوت، ئەوە چییه بۆ لێی ناکەیتەوە؟ ئەو به گاڵتەوە ئەیگوت :" ئێوە نازانن، ئەوە هێمای به ساڵاچوونه، ڕەمزی ڕۆشتنه!

من له خۆمم ئەپرسی، ئەگەر باوکم مردووه پێڵاوەکانی بۆ لێرەیه؟ بۆ گەیشتۆته بەر هەیوانی مزگەوت؟ چۆن چۆنی ئەو پێڵاوانه هاتوونته ئێرە؟ ڕەنگه باوکم به پێی خۆی هاتووە بۆ مزگەوت، لەوێ گیانی داوە، به دارمەیت بردوویانه بۆ ماڵەوە و لەبیریان چووە پێڵاوەکانی بەرنەوە. باشه کێ ئەو پێڵاوە ڕەشه،دڕاوە، قۆپچەدارانەی ئەوێت؟ ئەی باشه بۆ فڕێیان نەداوە؟

دایکم به باوەشێک دار خۆی کرد به ژوورەکەدا، وتی:" ئا بڕوو باوەشێک چیلکەم بۆ بێنه، با ئەو کووره داره نێڵ بەم، سەرما زۆری هێناوە. "

وتم : دایکه گیان بەم هاوینه ئاوری کووره دارت بۆ چییه؟

به لاچاوێک تێی ڕوانیم، چووە دەر، به بۆڵەوە توند دەرگاکەی پێوە دا، له دەریشەوە بۆڵه بۆڵەکەی هەر ئەبیسترا!

دایکم ڕاستی ئەگوت، نازانم بۆ بەو هاوینه لەرز دایگرتم؟ ڕووم کردە باوکم، عەرزم کرد :"بابه گیان سەرمات نییه؟"

وتی:" بڕۆ بۆ بەر مزگەوت بزانه پێڵاوەکانم لەوێ ماون؟ ناونیشانەکەی قۆپچەیەکی شینه، به لاسەرووییەوە. له پێش ڕۆیشتندا، بڕوو چیلکەم بۆ بێنه، با ئەو کووره داره نێڵ بەم، سەرما زۆری هێناوە."

که له ماڵ چوومه دەر، کڕیوەی ئەکرد، دایکمم بینی، تەلیسێک کای به کۆڵیا دابوو، سەتڵێک ئاویشی به دەستیەوە، وتی:" بۆ کوێ ئەچی؟"

وتم :" ئەچم بۆ مزگەوت بزانم پێڵاوەکانی باوکم لەوێ ماون؟ من فریا ناکەوم تۆ چیلکه بۆ باوکم بەرە ژوورەوە، باکوورەکه وەگەشێنێ. "

مامم له تەنیشت دەرگاکه چاوەڕوانی ئەکردم وتی:" وەرە با بڕۆین."

وتم:"بۆ کوێ؟ من ئەبێ بچم پێڵاوەکانی باوکم له بەر مزگەوت وەدۆزم، باوکم چاوەڕوانمه."وتی:" پێویست ناکات، خۆم ئەیدۆزمەوە و ئەشیبەمەوە بۆ ماڵەوە."

به تۆی کراسێک هاتبوومه دەر، چاوەڕوانم نەئەکرد کڕیوەیەکی ئاوا، سەر و گوێلاکم پڕ کا له بەفر، هاوکات بەفر ئەچووە ناو چەکمه هەڵقلێشاوەکانم، قاچم تەزی بوو، زۆریش سەرمام بوو.

هەندێک پیاو له بەردەم ڕێگەی مزگەوتەکه ڕاوەستابون، دانێک لەوانه که ڕیشێکی سپی بوو و به ڕواڵەت له باوکم ئەچوو، هاته پێشێ و وتی:"ئەرێ کوڕەکه نانت خواردووە؟ وتم:" من هاتوم بۆ پێڵاوەکانی باوکم، چاوەڕوانمه. "

دەستێکی به سەر و گوێلاکما هێنا و بەفرەکانی لێ سڕیەوە و وتی:" ئەوە کلاوێکت نەبوو لەسەری کەی؟ بۆچی به تۆی کراسێک هاتوویته دەرەوە؟ ئەو چەکمه هەڵقلێشاوانه چییه؟ ڕۆڵه گیان زستانه، زستان!

وتم:" پێڵاوەکان، باوکم چاوەڕوانمه."وتی:" تۆ چەنده کوڕێکی ژیر و باشی، بەڵێنەکەت به باوکت له بیر نەبردۆتەوە."

وتم:" با زوو بڕۆم، کات درەنگ بووە." وتی:" زۆر بێتاقەتت دەبم، کەی دێیتەوە بۆ دیدارم؟ "

وتم:" ئەی پێڵاوەکان، باوکم چاوەڕوانمه. "وتی:" دایکت چۆنه؟ بڵێی مانگا بەڵەگ زابێ؟ ئیمساڵ دەغڵ و دان چۆن بوو؟ کێ جووتی بۆ کردن و نوکەکەی لەگەڵ ڕنینەوە؟ کێ گێرەی بۆ کردن؟...

پرسیارەکانی زۆر ئاشنا بوو، چۆن چۆنی ئەو هەموو زانیارییەی لەسەر ئێمه بو؟ له کوێ ئەیزانی مانگا بەڵەک ئاوسه؟ چۆن ئاگاداری دەغڵ و دانی ئێمه بوو و ئەیزانی نۆکمان داچاندووە؟ ئەو پرسیارانەی زۆر سەیر بوو، نازانم بۆ چی، بەڵام به پەله خۆم له دەستی ڕزگار کرد و هەڵاتم.

گەیشتمه لای مزگەوتەکه، چوومه بەر هەیوانەکه، هەر وەک جاران پێڵاوە ڕەشه دڕاوەکانی قۆپچه شین، له وێ بوو، به پەله هەڵم گرت و بەرەو ماڵ ڕێکەوتم. چوومه ژوورەوە.

ـ باوکه گیان ئەوە چی ئەکەی لەو پێڵاوانەی ناو دەستت؟

+ قوبچەیان لێ ئەدەم.

ـ ئەی ئەمانه؟

+ پێویست ناکا، ئەوانه ئێتر کۆن بوون، دڕاون، ئەبێ پێڵاوی نوێ له پێ کەم، ڕێگاکەم دوور و درێژە، بەوانه بڕ ناکەم. ببوره کوڕه شیرینەکەم، ببوره، ئاگات له دایکت بێ. مانگا بەڵەک بەم زووانه ئەزێ، وریابه زۆر نازداره جێگاکەی با خاوێن بێت، دەغڵ و دانەکەشت له بیر نەچێ، تۆ تازه بووی به پیاو.

ـ باوکه گیان جارێ مەڕۆ زووە، زۆر زووە، من کارم پێته.

له بڵیندگۆی مزگەوتەکه دەنگێک بیسترا که ئەیوت :" ڕەحمەتی خواتان لێبێت خەڵکی ئاوایی با بچین ئەو مردووە وەشارین، قەبرەکەی حازر بووە. "

مامم هاته بەردەمم، وتی:" وەرە کوڕەکەم با بڕۆین باوکت به خاک بسپێرین." هەستامه سەر پێ، ئارەقێکی سارد به ڕوومەتما هاته خوار، هێزی ڕۆیشتنم نەمابوو، مامم دەستی گرتم و وتی :" وەرە با بڕۆین تۆ تازه بووی به پیاو، پیاو.... "



## هەمیشە بیرت بێت، وەها بژی کە کۆتا ساتی ژیانتە

ساحێب. دەریا ئازەرپوور

چۆمان قامکێکی نەبوو،زکووما بوو.قامکە دۆشاومژەی دەستی چەپی نەبوو.
بنەماڵەیێکی تا بڵێی تایبەت و پڕ لە شادی و خۆشی، لە قوتابخانەیێکی تایبەت دەرسی دەخوێند، زۆر دەگەڕا و سەفەری زۆر دەکرد. چووە زانکۆ بوو بە ئەندازیار.
بەڵام...قامکێکی نەبوو .هەمان ئەو دەرد و ئێشی نەبوونە لە ناخی مایەوە!
دەردی گرانتر و قورستر ئەوە بوو،ئەو کچەی خۆشیدەویست و تامەزرۆی ویسالی بوو، بە هۆی هەمان ئەو شتە جوابی نەی پێدایەوە و دەستی خۆشەویستی وی نەگووشا. ئا ڕێک لێرەدا بوو کە چۆمان بە تەواوەتی ڕووخا و تێک شکا.. ..
ماوەیێک تێپەڕی و چۆمان ژیانی هاوبەشی پێکهێنا لەگەڵ کچێکی جوان، ناسک و لە بەر دڵان.. ..
چۆمان ژیانەکەی پێ درووست بوو و کچەی بە دڵ بوو چوونک چۆمانی بە نەبوونی ئەو قامکەوە پەسەند کردبوو.
دوای تێپەڕینی چەن ساڵێک، چۆمان زانی خەمی ئەو عیشقە نەگەشتووە و دڵشکانەکەیشی یەکجار گەورە نەبووە کە ئەم هێند خەم و خەفەتی بۆی دەخوارد!!
بەڵام خەمی گەورەتر ئەوە بووکە چۆمان هێشتا دوای تێپەڕینی چەندین ساڵ لە ژیانی هاوبەشی منداڵی نەبوو. ئەم دوکتۆر و ئەو دوکتۆر.
ئەم شار و ئەو شار. هەر لەم ماوە کە چۆمان بە دوای دەوا و دەرماندا بوو، دایکی فەوتی کرد.
لێرەدا بوو کە چۆمان زانی دەرد و ئێش و ژانێک گەورەتر لە نەبوونی دایک، بوونی نییە.
منداڵی نەدەبوو بەڵام ئێستا گرینگ ئەوە بوو کە دایکی نەبوو و گەورەترین ئازار لە لای ئەونەبوونی دایکی و مەرگی دایکی بوو.
بەڵام لە سەرئەنجام دا خوا کچێکی جوانی سالمی پێدان. هەمان جاری یەکەم کە منداڵەکەی بینی پێش لە هەموو شت سەیری قامکی منداڵەکەی کرد. کە نەوەک ئەویش وەک خۆی قامکێکی نەبێت.
منداڵەکە گەورە بوو. باوکی چۆمان مرد. خێزانی نەخۆش کەوت. چۆمان پیر بوو. بەڵام لە دوایین ساتەکانی ژیانی کچەکەی بانگ کردە لای خۆی پێی وت : گیانە، ئێمەی مرۆڤ هەموو کات وا بیر ئەکەینەوە کە شتێکمان نییە و شتێکمان کەمە.. ..
وا بیر ئەکەینەوە خانووەکانمان بچووکن.. ..ماشینەکەمان چاک نییە.. ..کەش و هەوا نالەبارە و ناخۆشە.. ..ئەو کەسەی کە ویستوومانە ڕۆشتووە....ئازیزانمان مردوون....و هەزاران هەزار شتیتر
ئەوەندەی لە ژیانمان بیر لە ئەو شتانە ئەکەینەوە کە نیمانە لە بیرمان دەچێ چیمان هەیە و کێمان هەیە.. ..
ئەوەندە حەسێب و کتێبی دڵ و بیر و هۆش و عەقڵمان هەڵەیە کە چاو هەڵدێنین و چاو باز ئەکەین
ئەبینین وا لە سەرە ڕۆی مەرگین و دوایین ساتەکانی ژیانمانە و بەڵام سەد مەخابن ئەو ژیانەی کە ئەبوو بۆی بژین و کەیفمان پێی هاتبا نەمان بوو و نەمان کرد.. ..
خۆزگەی هەر ١٠ قامکەکەمم نەدەبوو بەڵام هێند ئاخم هەڵنەکێشابا و هێند خۆزگەم نەدەخواست و حەسرەتم نەدەخوارد.. .
ئەو کات هەموو ڕۆژێکم مەرگێ نەبوو.ئەو کات ئەمزانی ساتەکانم هەمووی تاک بە تاکی و چرکە بە چرکەی تایبەتن و ئەبێ من ژیان و هەستی خۆشی لێ بچۆڕێنم.. ..
بژی بۆ ژیان لە پێناوی هەموو ئەو شتانەی هەن و نین.

## دەمەوێ بژیم



سنە. گوڵاڵە سەڵواتی"گوڵیار"

دەمەوێ بژیم بە قەد هەستی ئەویندارى بەقەد ئەو بیرە وا ئەفڕێ بەرەو یارى
بەرادەی سەرخۆشی دوور لە خەمی دڵ چریکەی وێڵی باڵدارێ لەسەر چڵ
گەشەکەم هەر بژیم بە دەم کەنینێ بەقەد دڵخۆشی و دوور لە خەمینێ
بەقەد بیرێ کە مەستم کات لە یاران گوڵی ڕۆخسارەکەی کۆنە هەواران
کەچۆن تێکەڵ ئەبێ فرمێسک وباران لەبۆ یادی ئەوین و عشقی جاران
بەقەد خاترجەمی سەربەست ژیانم لەمتمانەی هەبوونی ژین لە گیانم
بژیم و پشت بکەم لە ئەم خەمانە کەتا هەم ویستمە شادی زەمانە
بەقەدئەو باوشەی دایە بە لانکە بە لۆرکێ ئەیجوێنێ کلکی بێشکە
بەعشقی ئەیخلەتێنێ بە کایە لەبۆ نووستنی کۆرپە بە لایە
بژیم وڕق بە شۆڕش دۆژمنانم وەکووپێشمەرگ دیاری کەم گیانم
بەقەد ڕنجی دڵی شۆڕشگەرانم بەقەد پارێزەرانی نیشتمانم
کەچۆن خۆڕاگرن هاوکات بە دۆژمن ئەژین و هەر ئەمێنن لە دڵی من

# مێژووی فۆتۆگرافی(عکاسی)لە شاری سەردەشت



مەهاباد. محەممەد فازڵ شەوکەتی




خەڵکی سەردەشت بە هۆی سروشتی جوان و مرۆڤە زیندووەکانییەوە لە کۆنەوە حەزیان لە هونەر بە تایبەت هونەری فۆتۆگرافیە، شاری سەردەشت ناوەندی چالاکیی هونەرمەندانی دڵسۆز و بە سەلیقە بووە. دانیشتوانی ئەم ناوچەیە هەمیشە حەزێکی زۆریان بە مۆسیقا و نیگارکێشی و خەتنووسی و فۆتۆگرافی هەبووە و ئەم حەزە بۆتە هۆی دروستکردنی بەرهەمی نایاب لەلایەن هونەرمەندانەوە وەک سەرماییەیێکی بەنرخ بۆ نەوەی داهاتوو.




لەم کورتە نووسراوەدا نامهەوێ باسی مێژووی فۆتۆگرافی لە جیهاندا بکەم، بەڵکو بە دوای یەکەمین وێنەی گیراوکان لە شاری سەردەشت دەگەڕێن کە دەستمان کەوتووە و یەکەم فۆتۆگرافەرەکان کە لە سەردەشت کامێرایان هەبووە و وێنەی مێژوویان بۆ ئێمە بەجێهێشتووە.

بە پێ بڵگە مێژووییەکان یەکەمین فۆتۆگرافەران کە هاتنە ناوچەی کوردستان و وێنەی ناوچە کوردستانیان گرت: بە ئاماژەدان بە کتێبی مێژوو یی و سەفەرنامەی گەڕیدەکان کە بەرهەمی نووسراوەیان لە دوای خۆیان بەجێهێشتوە، دەتوانین ئاماژە بە ژاک دومۆرگانی فەرەنسی بکەین کە ڕەنگە کۆنترین وێنەی شاری سەردەشت لە ساڵی ١٢٨٦ی هەتاوی کە لە کاتی گەشتێکی گەشتیاریدا سەردانی شاری سەردەشتی کرد بۆ ئێمە بە یادگار بەجێ هێشتبێت بێت کە لە بەرگی دووهەمی کتێبی جوگرافیای ڕۆژئاوای ئێران لە لاپەڕەی ٤٤ی دا چاپ کراوە.



سردشت درکتاب جغرافیای غرب ایران الرژاک دمورگان فرانسوی(جلد 2،ص 44)در سال 1276هجری شمسی

پێش ئەو ئەلبومەکەی عەلی خانی والی کە چەند هەزار وێنەیەک لە خۆ دەگرێت و لە سەردەمی حکوومەتی ناسر الدین شا و موزەفەرەدین شای قاجار بەو ناوچانەدا گەڕاوە ئەو وێنانەی گرتوونی لە ئارشیوی زانکۆی هاروارد ئەمریکادا هەڵگیراون، کە لە سەردەمی حوکمرانی پاشاکانی قاجاردا ساڵانی ١٢٨١بۆ ناوچەی سەردەشت گەشتی کردووە چەند وێنەی سەردەشت و گوندەکانی سەردەشتی گرتوە. عەلیخان لە سالی ١٣٩٧ هەتاوی حوکمڕانی سابڵاغێ بووە کە لە سەردەمی عەلیخانی والی بە گەشت کردن بۆ ناوچە جیاجیاکان وێنەیەکی زۆری لە گووند و ڕێوڕەسمەکانی ناوچە موکری گرتوون.



الکساندر ایاس کونسوڵی ڕووسیا لە ئێران زیاتر لە ٨٠ وێنەی ناوچە جیاجیاکانی ئێران و بە تایبەت بەشە کوردییەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئازەربایجانی لە نێوان ساڵانی ١٢٧٩تا ١٢٩٢ی هەتاوی تۆمار کردووە تاقمێکیای وێنەی سەردەشتن.

تا ئێستا بە وردی نازانرێت کەی کامێرا هاتۆتە دەڤەری سەردەشت و کێ یەکەم فۆتۆگرافەر بووە کە لە شاری سەردەشت دەستی بە کارکردن کردووە، بەڵام فۆتۆگرافەرانی ئەمڕۆی سەردەشت پێیان وایە یەکەم فۆتۆگرافەر کە بە فەرمی لە شاری سەردەشت کاری کردووە، محەممەد ئاغای حەقیقی بووە کە لە دیوێکی بچووکدا لە گۆڕەپانی سەرچاوێ سەرقاڵی وێنەگرتن بوو. چەند ساڵێک دوای ئەو، کاک لاوە مەهابادی زاوای بنەماڵەی شەمامییەکانی سەردەشت کە ئێستا لە ژیاندایە و دانیشتووی شاری مەهابادە، خەریکی فۆتۆگرافی بووە.

فۆتۆگرافی ئاریا کە خاوەنەکەی ئەرمەنییەک بوو بەناوی(ناوەکەم بۆ ڕوون نەنۆوە)، ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی فۆتۆگرافی لە شاری سەردەشت بوو.یەکێ لە وێنەگرەکان کە لە وێنەگەری ئاریاوە دەستی پێکردوە عەلی ڕەشید ئەقدەم(عەلی کوڕی محەممەد ئاژان)ی بوو. ساڵانێکی زۆر عەلی بەشیریان پێش شۆڕشی گەلانی ئیران کە فرۆشگای هەبوو جگە لە کاری فرۆشتن، لە شاری سەردەشت سەرقاڵی فۆتۆگرافی بوو، حاج ئەحمەدی عەککاس (ئەحمەد قادرزادە) ماوەیەکی زۆرە وەک پیشە خەریکی فۆتۆگرافی بووە، ئەرشیفێکی زۆر بەنرخیشی لێ بەجێماوە، کە ئێستا لەبەردەستی منداڵەکانیدایە. بەداخەوە نەخراوەتە بەردەست توێژەران.

وێنەگری پەیمان لە کۆڵانی دادگای کۆن کە کوڕەکانی قالە مام ئاغای کاری فوتوگرفیان دەکرد. کاک کامبیز یا هەمان ئاغا ناسراو بە قالەی مام ئاغای، عەبدوڵلا مەعرووفی و خالید مەعرووفی لە کەسە کۆنەکانی شاری سەردەشت بوون، چەند ساڵ پێش ئینقلاب ئەوان دووکانی وێنەگریان هەبوو، ئەو سێ برایە وێرای وێنە گرتن ڕووتووشی وێنەکانیان دەکرد و هاوکات هەم خەتتات بوون و هەمیش وێنەییان دەکێشایەوە، ئێستا هەر سێ برایەکە ئاغا، عەوڵا و خالید مەعرووفی لە دەرەوەی وڵات دەژین(م.ر.ک)

دوای ئەو عەلی مەحبوبی و دوای ئەویش حاج سابیر خزری لە فۆتۆگرافەرە کۆنەکانی شاری سەردەشت ئەژمار دەکرێن. دوای حاج سابیر خزری کاک ناسر ئەمینی وێنەگری دانا.

دوای شۆڕش، ژمارەیەک فۆتۆگرافەری لە پارکی شاری سەردەشت خەریکی وێنەگرتن بوون بەناوەکانی: حەسەن بەیگ، سابیر....کە لە پارکەکانی سەردەشت وێنەی خەڵکیان دەگرت.

لەم نێوەندەدا ئەلبوومی بنەماڵە کۆنەکانی سەردەشتیش پڕە لە وێنەی مێژوویی و هونەری ڕابردووی ئەم وڵاتە، کە بە کامێرای کەسی گیراون، کە ڕێنوێنییەکن بۆ توێژەران و هۆکارێکی باشن بۆ ڕووداوەکانی ڕابردووی سەردەشت، و دەتوانرێت بۆ مەبەستی مێژوویی بەکاربهێنرێن.و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت.هیوادارم ئەم ئەلبوومانە لەلایەن خێزانەکانەوە بپارێزرێن و ئەرشیف بکرێن و لەبەردەستی هاوڕێیانی هونەر و قەڵەمدا بەجێبهێڵرێن.

لە دە بیست ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەک فۆتۆگرافەری لاو هاتوونەتە ناو مەیدان، و شاکارە هونەرییەکانیان لە مێژوو و سروشت و بەرهەمە مێژوویی و کۆنەکانی سەردەشت و ناوچەکە تۆمار کردووە و هەندێکجاریش لەسەر ئاستی جیهان درەوشاونەتەوە. و ئەمە دەکرێ بە

وەرچەرخانێک لە مێژووی فۆتۆگرافی لەم شارەدا هەژمار بکرێت، لێرە بەدواوە فۆتۆگرافی جێگایەکی تایبەت و پرۆفیشناڵی دۆزیوەتەوە و لاپەڕەیەکی دیکە لە هونەری فۆتۆگرافی لە شاری سەردەشت دروست بووە.
لەم نێوەندەدا دەتوانین ئاماژە بەو هونەرمەندە وەستایانە بکەین کە ئێستا لە بواری فۆتۆگرافیدا دەرەوشاونەتەوە و شوێنێکی تایبەتیان دۆزیوەتەوە و هەندێکجاریش لە ئاستی جیهانیدا شتێکیان هەیە بیڵێن و لاپەڕەیەکی نوێیان لە هونەری فۆتۆگرافیدا کردووەتەوە: هونەرمەندانی گەورەی وەک :کاک ڕەحیم سەباغی، ئومێد فەرۆخ، خالد شێخزادە، خالد ئیسماعیلی، حوسێن پوری، بەڕێز.... ڕۆستەمپوور.
بەڵام ئەوانەی هاوچەرخن و بەرهەمی هونەرییان دروست کردووە، دەتوانرێت ئاماژە بەم فۆتۆگرافەرانە بکرێت:
ڕەحیم سەباغی: سەردەشتی فۆتۆگرافەر هونەرمەندی وێنەکێش لەسەر سروشت و فۆلکلۆری چڕبۆتەوە، خالید شێخزادە: ( لەسەر سروشت و فۆلکلۆری شاری سەردەشت و دەوروبەری چڕبۆتەوە)، هادی ئیبراهیم پوور: لەسەر سروشتی شاری سەردەشت چڕبۆتەوە)، ئیدریس مەحمودی:لە سەر وێنەی خەبەری و دۆکیۆمێنتاری چڕبۆتەوە، هیرش محمد نژاد: لە سەر وێنەی خەبەری چڕبۆتەوە، ئومێد فەڕووخ: لەوێنەی سروشتی جوانی شاری سەردەشت چڕبۆتەوە)، خالد ئیسماعیلی: لەسەر سروشت و فۆلکلۆری شاری چڕبۆتەوە.

❖ **ناوی ژمارەیەک هوونەرمەندی وێنەگری هاوچەرخی سەردەشتی:**

یەعقووب ڕەسوولپوور، عومەر عومەرزادە، حەسەن بەڕری، محەممەد سووره، ڕزگار بەرزگەر، ئیدریس مەحمودی، عەبدوڵلا ئیلاهی، هۆشیاریەگانە، خالید محەممەدیار، خالید کاسب، کەمال سەردەشتی، ڕەحیم ئەحمەدزادە، عەلی ئازەرنیا، ڕەحمەت حوسێنی فەرد، بەهمەن ڕەشیدی، سەعید عەبدوڵلاهی، محەمەد ڕۆژ، یوسف ئیبراهیمی، کەریم ڕەمەزانی، بێهرووز...، بێهزادیەگانە، خالید سەباغی، سولێمان محەمەدی، ڕەحمان عەزیزپوور، سەلیم ئیسحاقی، خەلیل مەحمودی، سیروان عەلیپوور، کەریم ئیسماعیلی، عەبدوڵلا عەبدوڵلاهی، عەبدوڵلای دارمەکەونی، حەسەن بەڕری، حوسێن حەسەنزادە، مورادکاوە، ئەحمەد قادری، عەبدوڵلای نیکروش، ڕەحمان بیۆرانی، حەمزە کاسب، سیروان عەلیپوور، عەلی ئازەرنیا، سەعید عەبدوڵلاهی، ڕەحیم خزری، حەسەن خەلیلی(شاخەوان)، بەختیار بەهەرمەن، کامەران حوسێنی (بەزۆری بە مۆبایل وێنە دەگرێت) و... موحەمەدیار.

❖ **ئەو ئەلبۆمانەی کە سەبارەت بە مێژووی سەردەشت بۆ ئێمە بەیادگار ماون:**

- ئەلبوومی وێنەی سەرتیپ سەیفی ئەفشاری قاسملو لە ساڵی ١٣٠٨ی هەتاوی کە لە کاتی ماموورییەتی نیزامی لە باشووری ئازەربایجان رۆژئاوا. کە لە موزەی میللی ئێران ئارشیڤ کراون.
- ئەلبومی وێنەی کەسیی محمد سالح نەقیبی سەردەشت و مستەفا نەقیبی سەردەشت.
- ئەلبومی وێنەی کەسیی عەباس ئەیوبیان مەرکەزی مەهابادی.
- ئەرشیڤی وێنەکان لە مۆزەخانەی کۆشکی گوڵێستان.
- ئەرشیڤی وێنەکان لە مۆزەخانەی میللی ئێران.

❖ **ئەو لاپەڕانەی تائێستا وێنەی مێژوویی سەردەشت لەسەر فەزای مەجازی بڵاو دەکەنەوە:**

- سەردەشتنامە
- سەردەشت لە ئاوێنەی بەڵگەنامە مێژووییەکاندا (سردشت در آئینه اسناد تاریخی).
- مەهاباد لە ئاوێنەی بەڵگەنامە مێژووییەکاندا (مهاباد در آئینه اسناد تاریخی).
- مەکۆی، وێنە گرانی سەردەشت(انجمن عکاسان سردشت).
- وێنەی مێژوویی شاری سەردەشت (عکسهای تاریخی سردشت)
- یک آسمان آبی (ئاسمانێکی شین) (کۆمەڵێک وێنەی سروشتی جوانی شاری سەردەشت).
- وێنەکانی سەردەشتی ڕابردوو.
- سەردەشتنامە - محەممەد فازڵ شەوکەتی - خەزەڵوەری ساڵی ١٤٠٠، مەهاباد



**سەقز. عەتا ساڵح پوور**

بووکی پاییز، پێچەوانەی بیری گشتی ئەو کەسەم
من لە تۆدا پێ ئەگا ئاوات و ئەشق و هەندەسەم

تۆ نە تەنیا دێوی مەرگ و دابڕان نیت بۆ زەمەن
خودی مانی بۆ جوانی، بەو قژە زەردەت قەسەم



**مەریوان. محەمەد محەمەد پوور**

نەخۆشی بەر دەرگا کەتم، بە هەناسەت تیمارم کە
ژیانەوەم لە تۆ ئەوێ، بە ڕۆحی خۆت عیلاجم کە
گەرمی هەناسەی تۆیە کە، شەقام و شار خاوێن ئەکا
من دڵنیام لەم گەردونە، کەس وەکو تۆ یادم ناکا
وەک گوڵێکی نەپشکاوم، هەناسەی گەرمت ئەمپشکۆێنێ
گەر لێوت لەسەر لێوم بێت، هەناسەت ئەم مرێنێ و ئەم ژیێنێ
هەناسەی تۆ بۆ ڕۆحی من، وەک شەماڵ بۆ چیاکانی کوردستانە
کە لە بەین پەردەی لێوت دێتەدەر، زۆر دڵرفێن و ئارامە
دەق و دێری شێعرەکانم، هاوسەنگ لەگەڵ هەناسەتە
گەلاوێژی تەمەنی من، لە مێژە دڵم بەتاسەتە
ڕاستە پەروانەی دەوری شەمعی ژورەکەتم، لەبەر تۆیە من وا ئەدوێم
بە هەناسەت نەیکوژێنیتەوە، من پێم خۆشە کە بسوتێم

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا



# گوندی "بڵەسەن"ی بانە، لە ئاوێنەی مێژوودا

بانە. حەمید رفاعی



گەلێک زیندووە، کە بتوانێت مێژووەکەی بەزیندوویی ڕاگرێت.
لاپەڕەیەک لەمێژووی رابوردووی ئازایەتی خوالێخۆشبوو "کوێخا هەباسی بڵەسەن"ی بانە، لە سەردەمی رەزاشادا

گوندی "بڵەسەن"، یەکێک لە گوندە دێرینەکانە لەرۆژئاوایشاری بانە و لە دامێنی چیا بەرزە بەنێوبانگەکەی کێوی گاکڕ، هەڵکەوتووە. سەبارەت بەناساوی بڵەسەن(وجەتسمیە)بۆچوونەکان جیاوازن، بێ ئەوەی ئاماژە بەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو کرابێ. بەشێک لە خەڵکانی ناوچەکە، باوەڕیان بەوەیە کە:«دوو برابوون بەناوەکانی برایم(بلە) و حەسەن، کە پێکەوە بوونەتە وشە و ناوی "بڵەسەن".»ئەوەش جێگەی باوەڕنییە. تەنانت ناسناوی باوکی مێژوونووسی کورد، خاتوو مەستوورەی ئەردەڵان،"بولحەسەن "بووە، کەهۆی بەکاربردنی ئەو وشەش، کەلەکوێوەسەرچاوەی گرتووە، پشتراست نەکراوەتەوە.

هێرشی نیزامیی ئیمپڕاتوورییەکانی رووم، عوسمانی، مەغۆل و عەرەبەکان، تەنیاهێرشی نیزامی نەبووە، بەڵکوو، وروژمی فەرهەنگی بەدووی خۆیداهێناوە، بۆسڕینەوەی فەرهەنگی کوردی وداسەپاندنی کەلتووری خۆیان. ئەوان کاتی داگیرکردنی وڵاتان، زۆربەی ناوی گوند وکێو و، تەنانەت ناوی بەشێک لەشارەکانیان گۆڕیوە و لە جێی، وشەی ناحەز و قێزەونیان، بۆ ناوی ئەو شوێنانە داناوە. وەک ناوی گوندی "سیچان" لەبانە، کەلەزمانی تورکیدا، بەمانای مشک و، گوندی "سونج"ی بانە، بەناوی یەکێک لەسەردارانی ئەبووسەعیدبەهادورخان. "قەرەکەند"بەمانای، رەشەدێ، "قەرەداغ" بەمانای کێوەڕەش.ناوی شاری"سونقوڕ"، ناوی یەکێکەلەسەردارانی مەغۆل. عەرەبەکانیش، بەشدار بوون لەگۆڕینی ناوەکوردیەکان. ناوی"کرماشان"یان کردبوو بە(قرمیسین)، شاری "کەنگاڤەر"یان کردبووبە(قصرالصوص)، بەمانای کۆشکی دزەکان. کێوی "بابۆس"ی بانە، بەناوی یەکێک لەسەردارانی "یۆنان"ەوەیە(کتیبی مێژوی بانە، لاپەڕەی ٢٤٦و٢٤٧)، نووسینی "رئووف تەوەکولی".

گوندەکانی، زەڵێ، کیوەرۆ، ماڵتە، ئەنجێنە، بەردەبووک، ماڵەدۆم، چۆمان، گەورەدار، قوڕنێ وزەربەنێ، وەک بازنەیەک، "بڵەسەن"یان لەئامێزگرتووە. ئەودڤەرە، هاوسنوورەلەگەڵ ناوچەی ئالانی باشووری کوردستان، کەگوندەکانی، مەروێ، شانەخسێ، سوورەدزێ، ئاوکورتە، بێرێی خواروو و سەروو، درگاشێ وسیرێ، دەگرێتەوە. زۆربەی خەڵکانی ئەم ناوچە، لەنێویەکدا، بە هۆی ژن وژن خوازییەوە، پێوەندی و خزمایەتییان بەستووە. تەنانەت گوندەدراوسێکانی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، هەرچەن روباری چۆمان وەک هێڵی سنووری لێکیان جیادەکاتەوە، بەڵام دانیشتووانی ئەو گوندانە، هێندەلێک نزیکن، هەر دەرفەتیان هەبێ، لەنێویەکدا، پێکەوە شەوگەڕی و ماڵەوماڵ دەکەن. کێوی سەربەرزی"گاکڕ"، لەکوردستانی رۆژهەڵات، لەداوێنی "بڵەسەن" و، چیای بەرز و ناوداری کوردستانی باشوور (گمۆ و هەزارکانیان)، وەک دوو کێوی دستەخوشک، ئەڕواننەیەکتری و، پەیامی یەکبوون و برایەتی بۆیەکتر ئەنێرن.

ئەوکێوە سەربەرزانە(گاکڕ و گمۆ و هەزارکانیان)، هەرچەن بەپەرۆشن و دەرونیان پڕەلەقسەوبەسەرهاتەکانی سەردەمی دەسەڵات و ئیمپڕاتۆڕیەکانی عوسمانی، ئەسکەندەری رۆمی، رژیمی سەدام، مەغۆل وعەرەبەکان و...بەڵاموادیارە بەداخەوە لێمان تۆراون و، باس و بەسەرهاتەکانی خۆیانمان بۆ ناگێڕنەوە، هەتاکوو مێژوونووسانمان بیانکەنەچیرۆک و ڕومان و، تۆماری بکەن لەمێژووی کوردەواریدا.

گوندی بڵەسەن شوێنێکی شاخاوی وهەڵەتاوییە. خاوەنی دارستانێکی چڕ و شێخەڵاویە و زەویوزاری کەمەو گونجاو نییە بۆ کشتوکاڵ. بەڵام دەوڵەمەندە بەباخی میوە، لەجۆری، ترێ، هەنجیر، هەرمێ، گوێز، هەنار، مێوژە مام برایمەو... "مێوژەمام برایمە" یەکێکەلەو بەرهەم و کاڵا هەناردانەی، کەبەپلەی یەکەم دەژمێردرێت، بۆگەشتیارانێک کەلەشارەکانی ئێرانەوەدێن بۆبانە. خاکێکی بە پیت وبەرەکەتەبۆباخداری. خاکەکەی پڕەلەو مادده بڕیقەدارە کانزاییانەی، کە لەوێوە هەتا دەگاتە دەڤەری شارۆچکەی "ئارمردە"، دەگرێتەوە.بەپێی بەراوردی کارناسانی خاک ناسی، ئەوخاکە بە تایبەت، تێکەڵە بە ماددەی سیلیس(دەڵقی نەسوز). بەشێکی هەرەگرنگ لەژیان و گوزەرانی ئەوگوندە، لەرێگەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەشێوەی نافەرمی، لەسنووری باشووری کوردستانەوە دابین دەکرێت.

گوندی بڵەسەن، لەمێژەمەکۆی پەروەردەکردنی ماموستایانی ئایینی بووە. زۆرێک لە ماموستایانی شاروئاواییەکانی بانە، سەردشت، سەقز، دیواندەرەوتەنانت ئیمام جومعەی بەشی سوننی مەزەبی بیجاڕ، لەوەپێش، فێربوو و ڕاهاتوو، یاکوو خۆیان، خەڵکی ئەودڤەرەبوون.

یەکێکلەخەباتە بەرهەڵستکاریەکان، دژی ژاندارمەکانی رەزاشا، خەباتی چەکداری "مەلاخەلیل گۆڕەمەڕی"، "میراوێ"ی"سەردەشت"ە، کە بەهاوکاری هۆزەکانی مەنگوروسوێسنایەتی، شۆڕشێک، دژی داسەپانی جلوبەرگی زۆرەملی رەزاشا، کەوەک دیارییەک لەلایەن کەماڵ ئەتاتورکەوە، بە مەبەستی سڕینەوەی ئاسەواری فەرهەنگیی کوردی، هینابووی بۆکوردستان، بەرپا کرا.ئەوخەباتەبەناوی"شەڕی کڵاو"(کڵاوی پەهلەوی)دەنگی داوە، کە خەباتکاران، هەتا ناوچەی مهابادژاندارمەکانیان ڕاماڵی.

سەبارەت بە ژیری و بوێری وئازایەتی "کوێخاهەباس"ی بڵەسەن دژی زوڵم وزۆرداری ژاندارمەکانی رەزاشا:

ئەوکات، ژاندارمەکانی ئەوسەردەمەبەسواری ئەسپەوە، بە نێو شار و دێهاتەکاندا لەجەولەدابوون. بەتایبەت لەگوندەکان، بەبیانووی جۆراوجۆر، تەنگیان بەخەڵک هەڵچنیبوو. بۆهەردێیەک دەچوون، شەولەوێ دەمانەوە و هەتاکوو بەرەبەیاندەبوا بەخواردەمەنی تایبەت بەخۆیان، خزمەت و میوانداریان لێ بکردنایە. کاتێک بەیانی ئەڕۆشتن، بەخاوەن ماڵەکەیان دەگوت:«ئەم ئەسپەی من سەدهێلکەی کردووە، سەدهێڵکەم لێت دەوی.»مەبەستیان ئەوەبوو، دەبێ سەدهێلکەلەئاوایی کۆبکەنەوەوبۆمان بێنن. کابرای خاوەن ماڵ ئەکەوتەئاوایی و ماڵ بەماڵ دەگەڕا، هەتاسەدهێلکەیان بۆپەیدابکات."جاجم"، کەدەستکردێکی خۆماڵییە، لەهەرماڵێک بیاندیبایە، بیانوویان پێدەگرت:«ئەوەتووتنی

قاچاخی عێراقی تێدابووە.»ئەوانەی کە پێوە دەبوون، پاش دانی بڕەپارەیەک رزگاریان دەبوو لەدەستیان. غەوارەیان بدیبایە، پێیان دەگوت:«تۆ سیخوڕی(جاسوس)» و پاشان بە دانی پارە ئازادیان دەکردن. بەم شێوەو زۆر شێوەی جۆراوجۆرئەزێت وئازاری خەڵکیان دەدا. زۆر جار خەڵک، ناچار دەبوون ماڵ وحاڵی خۆیان، جێبهێڵنبەرەو عێراق. بۆوێنە"مام حەمەیوسف" خەڵکی گوندی "بەلوە"، بەرەوئیراق رۆشت وسوێندی خوارد:«هەتارەزاشالەسەرتەختی پاشایەتی بێ، ناگەرێمەوەبۆئێران.»

"کوێخاهەباس"ی بلەسەن، پیاوێکی خۆڕاگرووبوێربوو. هەربۆیەش، لەبەرامبەرئەوهەموو زوڵم و ناحەقیەدا کە لە ناوچەی بانەوسەردەشت لە خەڵکی دەکرا، کاسەی سەبری سەرڕێژبووو بۆی تەحەمول نەکرا. ئەو کاتی خۆی، بۆ بەرهەڵستی و دەربڕینی ناڕەزایەتی، لەبلەسەنەوە ڕێدەکەوێت بەرەوکۆشکی رەزاشا. لەوسەرمەدا،ماشێن بۆ هاتوچۆ، بەدەگمەنپەیدادەبوو. ئاوایی "سەبەتڵوو" سەرڕێگە بوو. هەر رێبوارێک، چ لەسەقزوچ لەبانەوە بهاتبایە، ناچارلەسەبەتڵوو ئەمایەوەو دەچووە دیوەخانەکەی "حاجی قادری حەکیم"."کوێخاهەباس"یش، لەو سەفەرەیدا سەرەتا دەچێتەسەبەتڵوو و دیوەخانەکەیحاجی قادر. حاجی لێی ئەپرسێت:«هەباس بۆکوێ دەچی؟» کوێخا ئەڵێ: «بەرەوهەمەدان ئەچم، بۆکڕینی کەلوپەل.» کوێخا، رازی دڵی خۆی بەکەس ناڵێت و بەنهێنی خۆی دەگەیێنێتەکۆشکی رەزاشا. ماوەی نزیکەی مانگێک، لەبەردەم کۆشکی رەزاشادەمێنێتەوە. پاسەوانەکانی رەزاشا، هەرچی دووری دەخەنەوە، دەستبەردار نابێ. پێی ئەڵێن:«کارەکەت چییە، بەئێمەی بڵێ؟» پێمل نابێ. خەبەر ئەدەن بەرەزاشا: «کوردێک هاتووە و دەست بەردارنابێ، ئەڵێ هاتووم بۆدیداری رەزاشا.» رەزاشائیزن دەدا ڕێگەی بدەن بابێتەژوور. کاتێک دووقۆڵی لەگەڵ رەزاشا دەست دەکەن بە وتووێژ، پێی رادەگەیێنیت: « بەهۆی زوڵم و زۆرداری ژاندارمەکانی تۆ، لە کوردستان، خەڵکەکەی بەرەو عێراق کۆچ دەکەن.» رەزاشاسەری سووڕ دەمێنی. کوێخاهەباس بەرەزاشا دەڵی:«ئەگەر بەڕێزت فەرمان بدەیت، لەکوردستان لەترسی تۆخۆیان کۆدەکەنەوە. ئێستاش بۆیە هاتوومە لات، کەسێک کە جێمتمانەی خۆتەلەگەڵ من بینیرە،بابەچاوی خۆی بیبینێت.» ئەفسەرێکی پلەبەرز، بەجلوبەرگی کۆنەوە، لەگەڵ کوێخاهەباس، بەرەوبانەوەڕێدەکەون. شەوخوان، دێنەسەبەتڵوو. دەچنە دیوەخانەکەی حاجی قادر.حاجی قادر لێی دەپرسێ: «هەباس ئەوەکێیەلەگەڵت؟» جوابی دەداتەوە:«ئەوەکاسب کارەو کەشک و مازوو دەکڕێ.» کوێخا لەوێشئاشکرای ناکا کەئەوە کێیە. ڕێئەکەونبەرەوبلەسەن. لەگوندی"زەرواو"ی خواروو، تووشیان بەتووشی تاقمێک ژاندارمەوە دەبێت. بێئەوەی بزانن ئەوەئەفسەری راسپاردەی نهێنی رەزاشایە، پێی ئەڵێن:«تۆسیخوڕی.» پاش لێدانێک، بەپێنج تمەنی ئەوسەردمە و بەتکای کوێخاهەباس ئازادی دەکەن. لەگوندی "یاکووباوا"، هەربەوشێوەتووشی دەستەیەکی دیکەی ژاندارم دەبن.لەوێش بەدانی بڕێ پارە نەجاتیان دەبێ. کاتێک ئەگەنە گوندی بلەسەن، لەوێ ئەفسەرەکە کوتەککاری دەکەن.

ئەفسەرەکەی رەزاشا، پاشگەڕانەوەی،بۆ تاران، سەرجەم راپۆرتەکەی بەرەزاشارائەگەیێنێت. رەزاشا فەرمانی دەستبەسەرکردنی گشت ژاندارمەکانی بانە دەدات. پاش ماوەیەک رەزاشا فەرمانی دا:«بیانبەن بۆجێگەیەکی نادیار و،تەفروتوونایانکەن.» بەوجۆرەکەباسیان لێدەکرد، بەفڕوکەیەک، بردوویانن بەرەو دوورگەیەکی خەلیجی فارس و،سەرجەم ژاندارمەکانیان نوقمی دەریا کردووە. پاشان دستەیەک ژاندارمی دیکەرەوانەی بانەدەکەن و بانە،بۆ ماوەیەک ئەکەوێتە ئاسایش.

کوێخاهەباس، خاوەنی دیوەخانێکی رازاوەبووە، بۆجێگەی حەوانەوەی میوانەکانی کوردستانی باشووروودەڤەری بانە. پیاوێکی خۆشناو،میوانگر و بەخزمەت و ئازاوبوێربووە. شێوەی چالاکیَ کوێخا هەباس، بەشێوەیدانوستان بووەلەگەڵ رەزاشاو،دەرگاشی هەمیشە کراوە بووە بۆدانوستان و لێک حاڵیبوون لەگەڵ خەڵکی.

مێژووی کورد، پڕە لەبیرەوەری و بەسەرهاتی سەیر و سەمەرە. بەداخەوەبەهۆی ئەوەکەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکان بەشێوەی شەفاهی بوون و گوێ بە گوێ و سنگ بەسنگ، هەتا گێشتوونەتەدەست نەوەینوێ،زۆربەیان فەوتاون. هەزار جار حەیف، کە بەشێوەی نووسراوەنەبووە تابمێنێتەوە. نەتەوەکانی دیکە کەسانێکیان وەک "حاتەمی تایی"هەبووە، کەشانازی پێوەدەکەن و زۆر وتاروکتێبیان لەبارەوە نووسیوە. ئێمەی کورد، خاوەنی دەیان حاتەمی تایین، بەڵام بەداخەوە بەهۆی کەم تەرخەمی لەنووسیندا،زۆربەیان، بەرەو فەوتان چوون.



سەقز.فەریدەکاکی

وا هەستم کرد
تۆ لە نەتەوەی بەهاری
هرچی وشەی جوان بو هەڵمگرت و
لەسەر خاکی خۆشەویستی
دامچەند
دڵۆپ دڵۆپ
بارانی شێعرم داوەراند
بەڵام ئەوین سەوز نەبوو..
ئەمجار زانیم
تۆ لە خێڵی شەختەبەندی
نا بە ئەشق و نابە شێعریش
ناتوییتەوە
لە ڕێبندانی نێگاتدا

سەهۆڵی بەست ترپەی دڵم
سەرماوەز بوو زەردەخەنەت
کاتی ماچی شێعرەکانم
بێ هەناسە چاویان نووقاند
یەکەیەکە
بەسەر لاپەڕەی بێ هەستی
گیانیان دەرچوو
ئێستا هەرکات بیرت ئەکەم
پێنووس خۆی ئەخاتە
ئامێزی لاپەڕەی بێدەنگەوە و
وشە وشە
شێعری دڵتنگی ئەبارێنن..

## حەوت سەرسووڕهێنەرەکەی جیهان



وەرگێڕ:هێرش بێتووشی - سەردەشت

❖ **یەکەم: پەرسگەی ئارتمیس درافسوس(تورکیه)**



پەرسگەی ئارتمیس درافسوس لە (تورکیە) یەکێ لە جوانترین خانووبەرەکانی سەردەمی رابردوو بووە. ئەو خانووە بە ١٠٠ ئەستوندەکی مەڕمەڕی جوانیەوەکە بەرزایی هەرکامیان بە ١٥ مەترگەیشتووە بە یەکێ لە حەوت سەرسووڕهێنەرەکەی جیهان دەژمێردرێت. ئەو پەرستگەیە پانتاییەکی داگرتووە کە نزیک بە چەند بەرابەری ئاکروپلیس لە ئاتن بووە. دەتوانین بڵێین کە پەرسگەی ئارتمیس گەلێ تێشکان و سەرکەوتنی لە ماوەی چەند سەدەیەکدا بە خۆیەوە بینیوە. ئەوخانووە ٦٠٠ ساڵ بەر لە زایین دروستکراوە و ٥٥٠ ساڵ بەر لە زایین لە ئاگردا سووتاوە. دوای ئەوە هەمیسان بە شێوەیەکی زۆر جوانتر وگەورەتر نۆژەن کراوەتەوە. ئەو خانووە بۆ دووهەمین جار هەمیسان سووتاوەتەوە، لەڕاستیدا ئەم جارەیان بە دەستی ئەنقەست و بە هۆی کەسێکەوە بە ناوی هروستراسوس کە بۆ ناوداركردنی خۆی ئەوکارەی کردووە، ڕووی داوە. بەڵام ئەو پەرستگەیە دووبارە بە قاسێکی گەورەتر و زۆر باشتر لە پێشتری دروست کراوەتەوە. ئەو پەرستگە فرە جوانە ناو ژوورەکەی بە کۆتەڵ و پەیکەری بێ هاوتا ڕازێنراوەتەوە. ئەو پەرسگەیە وەکوو خۆی ماوە تا زەمانێک کە بە هۆی پەلاماری بەربەرەکان لە ٢٦٢ ی بەر لە زایین تێکدراوە و بۆ تاهەتایە لە سەر لاپەڕی مێژوو سڕدراوەتەوە و ئیتر دروست نەکراوەتەوە. ئەوەی کە لەو پەرستگەیەش جێ ماوە بە هۆی بوومەلەرزەکانەوە بە تەواوی تێدا چووە.



❖ **دووهەم: پەیکەری زئوس**نزیک بە سێ هەزار ساڵ لەمەوپێش، ((ئولەمپیاد))، ناوەندی ئایینی لە باشووری ڕۆژاوای یۆنان بووە. دانیشتوانی یۆنانی کەونارا زئوس پاشای خواکانیان پەرستووە و لە هەندێ کاتی دیاریکراودا بۆ ڕێزگرتن لەو پاشایە جەژنیان گرتووە. لەو جەژنانەدا کێ بەرکێی یاریش کراون. لە ڕوانگەی خەڵکی دنیای قەدیمدا ئەو یاریانە گەلێک گرنگ بوون، تا ئەو ڕادەیەکە لە کاتی بەڕێوەبردنی کێ بەرکێیەکاندا، جەژنەکان ڕاگیراون تا بەشداران و بینەران بتوانن بە ئاسانی خۆیان بە شوێنی کێ بەرکێیەکان بگەیەنن.

کۆتەڵی زئوس خوای یۆنان لە ئۆلەمپیادا یەکێ لە گەورەترین پەیکەرەکانی جیهانە. ئەو مەنەرە ٤٥٠ ساڵ بەر لە زایین لە لایەن پەیکەرتاشێکی بە ناوبانگ بە ناوی فیدیاس دروست کراوە. ئەو هونەرمەندە هەمان کەس بووە کە کۆتەڵی خوای (ئاتنا)شی بۆ پەرسگەی پارتنون لە ئاتن دروست کردووە. بەرزایی کۆتەڵی زئوس نزیک بە سەد و بیست مەتر بووە. جەستەی ئەوکۆتەڵەیان لە شفرەی فیل و ئاودامان و مووەکانی ڕیش و لەشیان لە ئاڵتوون دروست کردووە. بەرزایی ئەو مەنەرە بە ڕادەیەک بووە کە وە میچی پەرستگەکە کەوتووە. فیدیاس بەو کارەی ویستوویەتی هێز و دەسەڵاتی زئوس پیشان بدات.کۆتەڵی زئوس لە پەرسگەی زئوس دا بووەکە درێژاییەکەی بە ٦٤ مەترگەیشتووە. ٧٢ ئەستووندەکی دەرەوەی ئەو پەرستگەیەکە لە سەر شێوازی نژیاروانی قەدیمی یۆنان بوون ئەو پەرستگەیان سەرنجڕاکێشتر کردووە. بەرد ڕێژی تەختەکەشی بە کۆمەڵە وێنەیەکی بێ وێنە ڕازێنراوەتەوە. کۆتەڵی زئوس نزیک بە ٨٥٠ ساڵ لەو پەرستگەیەدا بووە تا کاتێک کە هەندێ لە یۆنانیەکان بۆ ئەستەنبووڵیان ڕاگواستووە. لە ڕاستیدا ئەوەش زۆری نەخایاندووە؛ چونکە جێگا تازەکەشی لە گڕەپیچەکانی ئاگردا سووتاوە و ئەوکۆتەڵە بۆ تاهەتایە لە بەین چووە.



❖ **سێهەم: گۆڕخانەی هالیکارناسوس لە تورکیە**

گۆڕخانەی هالیکارناسوس لە چوار سەدەی بەر لە زایینەوە نە تەنیا لەوپەڕی بە سام و شکۆیی دابووە، بەڵکوو بە شێوەیەکی تا بڵێی جوان بە ئەستووندەک و کۆتەڵان خەملێنراوە. میچی ئەوگۆڕخانەیە بەکۆمەڵەکۆتەڵێکی ئەسپان ڕازێنراوەتەوە، ئەو ئەسپانەی کە کالیسکەی شا ماسالوس و ئارتمیسیای شاژنیان ڕاکێشاوە.

بەرزایی ئەوگۆڕخانە مەڕمەڕکارییە بە قەد خانووبەرەیەکی ١٤ قات بووە. لە ڕوانگەی ستراتیژیکییەوە بناری کێوەکە دروست بە سەر هالیکارناسوس و کەنداوەکەیدا ڕوانیوە. شاژن ئارتمیسیا ٣٥٣ ساڵ بەر لە زایین دەستووری دروستکردنی ئەوگۆڕخانەیەی لە هالیکارناسوس بۆ هاوسەرەکەی داوە. شاژن ئەو خانوەی بۆ ڕێزدانان لە هاوسەرەکەی دروست کردووە و بۆ ئەو مەبەستەش باشترین هونەرمەند وکۆتەڵسازانی ئەو سەردەمەی کۆکردۆتەوە. شا ماسالوس تەنیا فەرمانڕەوای هەرێمێکی ئاسایی ناو ئیمپراتۆرە گەورەکانی ئێران لە ٢٣٠٠ ساڵی بەر لە زاییندا بووە. شاژن ئارتمیسیا دوو ساڵ دوای هاوسەرەکەی، شا ماسالوس کە براشی بووە کۆچی دوایی کردووە. ئەویش لە تەنیشت شا وگۆڕخانەی هالیکارناسوسدا نێژراوە. ئەو خانووە نزیک بە ١٧ سەدە ئاوەدان بووە و ١٤٠٠ ساڵ دوای زایین بە هۆی بوومەلەرزەوە تێکڕووخاوە.



❖ **چوارەم: فانۆسی ئەلکساندریا**

فانۆسی ئەلکساندریا یەکی لە گەورەترین شاکارەکانی سەردەمی کەونارایە. بڵندایی ئەو خانووە لانی کەم بە قەد خانووبەرەیەکی ٤٠ قاتی ئەمڕۆیی بووە و بۆ ماوەی ١٦ سەدە خۆی گرتووە. بە پیچەوانەی ٦

سەرسووڕهێنەرەکەی تر ، فانۆسی ئەلکساندریا گەلێک کەڵکی بە کردەوەی لێ وەرگیراوە. ئەو خانووە یارمەتی گەمیەکانی دەریاوانی داوەکە بە خۆشی لەنگەرگایەکان بدۆزنەوە و بێ مەترسی بچنە ناویانەوە. چونکە بەرتەنگە ترسێنەرەکان دروست لە دەرەوەی لەنگەرگایەکان بوون. سپاش لەو فانۆسە بۆ دۆزینەوەی پاپۆڕەکانی دوژمن کەڵکی وەرگرتووە. ئەو خانووە لە ڕواڵەتدا پێکهاتەیەکی بەستووی هەبووە و بۆماوەی ١٦٠٠ ساڵ خۆی گرتووە، بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی تۆفانە دەریاییەکانی زستان و بوومەلەرزە زۆرەکانەوە لە ناو چووە. فانۆسی ئەلکساندریا دوو جۆر بورجی پاسەوانی هەبووەکە لە سەر بستووەکەی چێ کراون. ئەو فانۆسە سێ هێمای خانووبەرەیی هەبووە:
ئەستووندەکی لاکێشەیی شکڵ، پاژی هەشت پاڵووی ناوەند و بەشی سەرەوەی کە لوولەکی بووە و بورجەکانی ئێشکگریشی لە وێندەرێ بوون. لە سەریەک بڵندایی ئەو سێ بەشە بە ١١٠ تا ١٨٠ مەترگەیشتووە. بێ لە هەرەمی میسر تا ئەو دەمەی کە بورجی ئێفێل لە ١٨٨٩ ی زایینیدا دروست کراوە، فانۆسی ئەلکساندریا بەرزترین خانووی جیهان بووە.



❖ **پێنجەم: کۆتەڵە زەبەلاحەکەی ڕودس لە یۆنان**

بڵندایی کۆتەڵە لۆزەندەرەکەی ڕودس بە پایەکەیەوە بە قەد خانوویەکی ١٥ قاتی ئەمرۆیی بووە. ئەو پەیکەرە شاکارێکی دیاری نۆیاروانییەکە لە سەر دورگەی ڕودس نزیک بە ٢٨٠ ساڵ بەر لە زایین دروست کراوە. هیچ کەس بە دروستی نازانێ کە ئەو پەیکەرە وەکوو چ شتێک چووە یان لە کوێ هەڵکەوتووە. بۆچوونی زۆر سەرنجراکێش ئەوەیەکە کۆتەڵی ڕودس لە سەر دەرگانەی لەنگەرگایەکدا دروست کراوە و ئەستووندەکانی ئەم بەراوبەر دانراون، بە شێوەیەک کە گەمیەکان بە ناو پایەکانیدا تێپەڕیون. لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونە زۆر ڕێی تێدەچێت. ئەو خانووە باس لە ئاستەنگی و دژواریەکانی ٣ سەدە بەر لە زایین دەکات. هەروەها بازرگانی لەو بەندەرگەیەدا لەکاتی دروستکردنی ئەو کۆتەڵە دابەزیوە و ئەو لەنگەرگایە لە برەوی ئابووری کەوتووە. ئەو کۆتەڵە بە یەکێ لە حەوت سەرسووڕهێنەرەکەی جیهان دەژمێردرێت کە بۆ ماوەیەکی کورت و نزیک بە ٥٣ ساڵ هەبووە.



❖ **شەشەم: باغە ئاوێزانەکانی بابل لە عێراق**

لە عێراقدا باغە ئاوێزانەکانی بابل بە یەکێ لە حەوت سەرسووڕهێنەرەکەی جیهان دەژمێردرێن کە باس و دوانێکی زۆر هەڵدەگرن، چونکە تا ئێستاش هەندێ لە دێرینەناسان لە مەڕ بوونیانەوە بەگومانن. دوای دەسکەوتنی بەڵگە سەرەکییەکان وەکلاوە جێ ماوەکانی ئەو سەردەمە هەبوونیان سەلمێنراوە، ئەویش لە پێوەرێکی کەمتر لەوەکە چاوەڕوان دەکرا. لەونێوەدا پرسیارێک دێتەگۆڕێ کە ئەو باغە ئاوێزانانە بۆچی دروست کراون؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەتوانین بڵێین کە باوەڕپێکراوترین بەڵگە بریتی لەوەیەکە شانبوچاد نزاری دووهەم کە بەکەسێکی ئیماندار ناسراوە، ئەو دامەزراوە سەرسووڕهێنەرەی بۆ خۆشحاڵکردنی هاوسەرەکەی ٦ سەدە بەر لە زایین دروست کردووە، چونکە هاوسەرەکەی بە دیتنی دیمەنی چۆڵگەیەکی وەک بابیلۆن بۆ شوێنی ژیانی خۆی دڵتەنگ و بە پەرۆش بووە؛ شوێنێک کە ڕازاوە بە چیا زەنوێر و لێرەوارە سەوزەکان بووە. بەو بۆنەوە بە فەرمانی شا ئەو تەپۆلکە دەسکردە سەوز و پاراوە دروست کراوەکە هەموو جۆرە دار وگوڵ وگیایەکی جوانی تێدا بووە. هێندێک دەڵێن کە شاژنێکی ئاشووری دەسڕۆیشتوو ئەو باغانەی بۆ سەیران و سەرگەرمی خۆی دروست کردووە و هەندێکی تر لە سەر ئەو بڕوایەن کە ئەو باغانە بە دەستووری شایەکی ئاشووری دروست کراون.







❖ **حەوتەم: ئەهرامی میسر(هەرەم(قووچەک)ی خوفو)**

هەرەمی خوفوگەورەترین هەرەمی ناو ئەهرامەکانی میسرە. ئەو خانووە کە کۆنترین وگەورەترین خانوو لە ناو حەوت سەرسووڕهێنەرەکەی جیهان دایە؛ تەنیا خانوویەکە،کە تا ئێستا هەر ماوە. هەرەمی خوفو ٢٦٠٠ ساڵ بەر لە زایین دروست کراوە. ئەو هەرەمە لە ٤٤٠٠ ساڵ بەر لە زایینەوە تا ساڵی ١٨٨٩ کە بورجی ئێڤل بە بەرزایی ٣٠٠ مەتر دروست کراوە؛ بەرزترین خانووی دروستکراوی دەستی مرۆڤ بووە. سنوور وکەوشەنی ئەو هەرەمە بە قەد ٦ پارچە زەوی گەورەی ناو شار دەبێت. زۆربەی ئەو بەردانەی کە لەو خانووەدا دەکار کراون بە ڕادەیەک گەورەن کە هەر بە لۆری دەگوازرێنەوە. ڕووبەری نارێکی دەرەوەی ئەو هەرەمە کە ئێمە ئەمرۆ دەیبینین، گۆڕخانەی فیرعەونێک بە ناوی خوفو بووەکە لەوکاتەدا بە بەردی قسڵینی چوار پاڵووی ڕێک داپۆشراوە. فەرمانڕەوایانی دوای ئەو، پاشان ئەو بەردە بە نرخانەیان بۆ دروستکردنی گۆڕخانەی خۆیان دزیونەتەوە. ئەو کردەوە بووەتە هۆی ئەوەکە لە بەرزایی هەرەم لە سەدا پێنج کەم بێتەوە و بە بەرزایی ئێستای کە ١٣٨ مەترە بگات. هەرەمی خوفو لە سێ ژووری تەرم ناشتن پێکهاتووە. ژووری یەکەم شوێنی ناشتنی شا، ژووری دووهەم شوێنی ناشتنی شاژن و ژووری سێهەم کە بۆ شوێنەونی دزانی هەرەم بووە.

**سەرچاوە: ویکی پێدیا**



## مەرۆ

**مەهاباد. سووتاو**

سورە گوڵ نێو دڵەکەم پڕ غەم و شەیدایە، مەرۆ
زۆر بەرینە خەفەتم هەر وەکوو دەریایە، مەرۆ

شێتم  و دەربەدەرم، من وەڕەز و دێوانەم
بەرهەمی ئەو سەفەرەت، ماتەمە غەوغایە، مەرۆ

خۆت  ئەزانی نیە کەس چارەیی چارم بێ گوڵم
ڕۆژی من ئێستە، لە ژێر ماتەم و تەم دایە، مەرۆ

مە یلی تۆ ئاوری خستۆتە دڵی سەر شێتم
بۆیە پڕ گرفەیە، وەک ئاگر و گڕ وایە، مەرۆ

من لە سوێت وەختە دڵم، لەت لەت و سەدپارە ببێ
نەفەست بۆ منی دێوانە مەسیحایە، مەرۆ

بەسە ئەو ڕێگەیە مەبڕە گوڵی بێ وێنە وەرە
تۆ دەڕۆی بۆیە، دڵم وا دژی ڕێگایە، مەرۆ

وەختێ ساتێکی بە ساڵێکە کە لێم دوور دەکەوی
مردنە چارەیی ئەو شاعیرە ڕیسوایە، مەرۆ

بێ سنوورە غەمی من کاتێ دەچی بۆ سەفەرێ
ژینی "سووتاو"ی ئەوینت لە دەسی دایە، مەرۆ

## دەڕۆم

**مەهاباد. سووتاو**

من دەزانم دڵی تۆ هەر وەکوو دەریایە، دەڕۆم
دوور کەوم ئێستە دڵت هەر لە دڵم دایە، دەڕۆم

ڕاستە دووری گەلێ تاڵە خەفەتە بۆ دڵەکەم
بێ بزەم  وا گڕی عیشقت لە دڵی دایە، دەڕۆم

تا نەیە کاتی جودایی ،نیە نرخی عاشق
من دەزانم کە دڵت عاشق  و شەیدایە، دەڕۆم

سەفەری بێ تۆ گەلێ تاڵە هەمووی دەرد و خەمە
بەرهەمی دەردی جودایی غەزەلێ وایە، دەڕۆم

بۆ ئەوەی کۆزی ئەوینت پڕی گرفە و گڕبێ
گەرچی بێتۆ هەموو ڕۆژم وەکو شەو وایە، دەڕۆم

تا نەچم بۆ سەفەرێ کوانێ بڵێسەی شێعرت؟
بۆ ئەوەی شێعری ئەوینت ببێ پڕ مایە، دەڕۆم

باش ئەزانم کە چلۆن هانی بدەم هەستی تۆ
باش ئەزانم کە بڕۆم،چێت لە دڵی دایە، دەڕۆم

تا نەچم بۆ سەفەرێ ژانی شێعر ناچێژی
دوور لە من شێعری تەڕت مەحشەرە غەوغایە دەڕۆم



## زستان

**مەهاباد. ئارگەش**

هەست بە وەرزی زستان ناکەم
هەر چوار وەرزی ساڵ بەهارم
پڕ لە گوڵ و زێ و رووبارم
شەختە باشاری من ناکا
سەد ئەوەندەش بەستەڵەک بێ
سەر هەڵدەبڕم لە ژێر خاکا
چون ئەوینێکی گەرم و گوڕ
لە دڵمی کردۆ هێلانە
بە پانتای ئەم نیشتمانە.



## وابزانم

**پاوە. ئوسمان ڕەحیمی هەجێجی**

وابزانم بووبەعێبرەت ئەمزەمانەی چەندەساڵم
منلەعەمرم تابەئەمرۆ هەرفەریبەو خەمخەیاڵم
ڕۆژگارم هەرلەتاوەو وەکتەنووری پڕلەئاگر
خەمئەباریو خەمژمارم وابەهاوار هەرئەناڵم
خەمژماری ئەمووەڵاتەو زامەکانی هەژارانم
ئەوبرینەم هەربەسۆیەو والەبیرم خاڵبەخاڵم
ساڵبەساڵم منلەدەستی جەورەکانی ئەمزەمانەم
دڵشکاڤوو پڕلەزامی چەرخەکۆنەی سەربەقاڵم
کاتبەکاتی ئەمژیانەم گەردەلوولو پڕلەژانبوو
ناسرەونقەدە زامەکانم هەربەکارەو ناڵەناڵم
بەسیەتاکەیهەرلەخەوبین بازکەچاوت بیکەعێبرەت
هەرکەسێکهات بووبەلایێک والەدەستی ئەوئەناڵم

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا



# مەزرای ئاژەڵان و ڕۆڵگێڕانی




دێولان. ڕەنجبەر

ڕۆمانی "مەزرای ئاژەڵان " نووسراوی " جۆرج ئۆروێڵ " جۆرێک ڕۆمانی گاڵتەجارییە کە ڕەوتی بەسەرهاتگەلێک دەگێڕێتەوە کە لە نێوان ئاژەڵانی مەزرایەک بە ناوی "مانێر" و خاوەنەکانیان ڕوو دەدا.

ئەم ڕۆمانە، ئەکۆشێت دەسەڵاتە پاوانخوازەکان بکاتە ئامانجی گاڵتەجاریی و سۆکایەتییان پێ بکات.




جۆرج ئۆروێڵ ئەم کتێبەی بۆ ئەم مەبەستەی نووسی تا خەڵکی جیهان لە بارەی گەشەی حکومەتە ئێستالنینیستییەکانەوە وشیار بکاتەوە،

هەرکام لەو ڕۆڵگێڕ و کارەکتەرانەی کە لەو ڕۆمانە کورتەدا بەشدارن، نموونەی کەسایەتی یان دامەزراوەییەکی تایبەتن، کە لە ڕووداوەکانی مێژوویی جەنگی جیهانی دووەم دێنە ئەژمار،

لەوانە (کارڵ مارکس / مەیجەر)، (ولادمیر لنین / مەیجەر)، (لیئۆن ترۆتیسکی / سنووباڵ)، ( ژۆزێف ئێستالین / ناپلیئۆن )، ئادلیف هیتلەر / فردریک )، ( هێزەکانی هاودەنگ / پیێل کنیگتۆن )، (وەرزێرەکان / بۆسەر)، زیرەکەکان / مۆلی ) و (کڵێسا / مۆسز ).

لێچوویی هەنێک لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەش، پێشهاتەکانی سۆڤییەتی پێشوو پیشان ئەدات، بۆ نموونە : پێوەندی سنووباڵ و ناپلیئۆن، وەک پێوەندی و ڕکابەرایەتیی نێوان ترۆتسکی و ئێستالین بۆ گەیشتن بە دەسەلات و حکومەتی سۆڤیەت دێنێتە بەر چاو.

## ❖ پێشەکی ڕۆمانی مەزرای ئاژەڵان

*خاوەنی مەزرای "مانێر کە کەسێک بە ناوی مستەر "جۆنز"ە، نموونەی سەرۆک و بەڕێوەبەرێکی شکستخواردووە کە ناتوانێ سوود لە کێڵگەیەکی بە بەرهەم و گرینگ وەربگرێت، بە جۆرێک کەمترین خزمەت بە گیاندارانی مەزراکە ئەکات، زۆرترین ئازار و ئەشکەنجەیان دەدات و ناتوانێت کێڵگەکە نوێ بکاتەوە و سیستمێکی پێشکەوتوو بۆ بەڕێوەبردنی بەکار بێنێت، کێڵگەکە هیچ نییە جگە لە شوێنێک بۆ ئازاردانی گیانداران و دەرفەتێک بۆ تەقینەوەی تۆڕەییان و کۆک کردنی سازی شۆڕش و خۆ بەڕێوەبەرییان.

نۆسەر شارەزایانە کەشوهەوای کێڵگەکە وەک سیمبوڵ بۆ ناسینی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤیش بەکار ئەهێنێت، پاشان کارەکتەری ئاژەڵەکان بۆ چین و توێژەکان دەنەخشێنێت.

* مێجەر، بەرازێکی دانا و بیرمەندە، سنووباڵ بەرازێکی خاوەن هەڵگری بەر پرسیاریەتییە کە دواتر ئەبێت بە ئەندازیار و دیزاینەری شۆڕش و ڕاپەڕینی گیانداران، کە ئاماژەیە بەسەرکردەیەکی ڕاستگۆ و بە وەفا لە گەڵ بەڵێنەکانی پێش شۆڕش.

* ناپلێۆن، کە دیسان بەرازێکە، هەڵگری هەموو ڕەگەزەکانی خراپەکارانەیە و یەکێکە لە ڕابەرانی شۆڕش بە مێشکێکی پوت و بۆشەوە، بەڵام بە لێزانین و لێوەشاوەییەکی بێ وێنەوە لە فریودان و لێخوڕینی ئاژەڵانی چینەکانی خوارەوە، بە شەڕەنگێزی و بە بەکارهێنانی کارتەکان جڵەوی شۆڕش دەگرێت و ئەبێتە خاوەن دەرەنجامی ماندووبوونی گیانداران کە ئاشکرایە ئەمیش نوێنەرایەتی سەرکردە و ڕابەرێکی ساختەکاری شۆڕش ئەکات، ئەوانەی کە هەرگیز دوودڵنابن بە دزینی کردەی شۆڕش، کە دەستگرتن بە سەر حێزب و دامودەزگاکانی حکومەت و دامەزراوەکانیدا.

* بوکسەر، کە ئەسپێکی ماندووە بەڵام بە هێزە، سادە و سەرخۆیە، بە پلانێکی ناپلێۆن و بەرازەکان فریو ئەخوات و خۆی و هاوڕێیە خۆشباوەڕەکانی ئەبنە قوربانی گەمژەیی خۆیان، نوێنەرایەتی چینی کرێکار و هەژاران و زەحمەتکێشە بێدەرەتانەکان ئەکات کە، تێکەڵەییەکە لە مرۆڤی قوربانیدەر و قارەمان و ڕەنجدەر و ڕەنجدیتوو، لە گەڵ دڵسافی و داماویی فریودراو.

*کلۆڤەر، ماینێکی هاوڕێ بۆکسەرە، بێ بڕوایە بە دەسەڵاتی بەرازەکان و تێگەیشتووە لە فێڵ و لەف پلانەکانیان ،بەڵام ناتوانێت ڕووبەڕوویان ببێتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو مرۆڤانەی کە توانای قسەکردنیان نییە و بێهەڵوێستن و ئێرادەی وتنی ڕاستییەکانیان نییە لە ژێر چەندین پاساودا.

*مۆسز ، قەلەڕەشێکی ناشیرین بەدکرداری دارەدەستی مستەر جۆنزە، قسەکەرێکی زرەنگ و هەڵخەڵەتێنەرە، خەریکی بڵاوکردنەوەی ئەفسانە و خورافیاتە، بانگەشەی ئەوە ئەکات کە ئاگاداری وڵاتێکە بە ناوی چیای " نەبات" لە چیای نەبات هەر حەوت ڕۆژ یەکشەممەیە واتە پشوویە، تەواو ساڵ وەرزی وێنجەیە!

گشت ئاژەڵەکان ڕقیان لە مۆسز بوو چونکە بڕوایان بە بانگەشەکانی نەبوو، بەڵام نەیشیان دەتوانی بەڵێن و بانگەشەکانیشی وەدرۆ بخەنەوە و فەرامۆشی بکەن، مۆسز نوێنەرایەتی چەواشەکاران و خەڵکانی خۆ پارێز و هەنێ لە پیاوی ئایینی ئەکەن، کە پەیوەستن بە دەسەڵاتی ڕۆژگارەوە و بە گوێرەی گۆڕانی ڕووداوەکان،توانای گونجاندنی گوتارەکانیان هەیە.

*بنجامین، گوێدرێژێکی پیرە کە خۆی بە تەمەنترین ئاژەڵی کێڵگەکە ئەزانێت، کەمترین گۆڕانکاری لە هەلسوکەوتی ئەم گیاندارە ڕوو نادات، لە پاش شۆڕش بە هەمان دڵگەرمی سەردەمی جۆنز کارەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، هاوڕێ نزیکی بوکسەری ئەسپە، بە بێ بیرکردنەوە کار ئەکات، بنیامین ئاماژەیە بە ئەو مرۆڤانە کەمزان و بێئاگا و هەمیشە خەریکی کارکردن و کەمترین ڕەخنە و گلەییان لە دەسەڵاتە.

تەنانەت خۆیان ڕاهێناوە کە گلەیی بێهۆدەیە، تەمەن و ئەزموونی ئەو تاقیگەیەکی باشە تا بە بێ هیچ جۆرە ناتەباییەک کار بکەن.

*ماینی ماس، بەرازێکی چەنەبازە، بەهرەمەندە بە دانانی ئاواز و نووسینی هونراوە، بۆ ملکەچ کردن و ملدان بە ئاژەڵەکان لە بەرانبەر ناپلێۆندا. ئەمەش ئاماژەیە بە شاعێری دەربار و نووسەرە قەڵەم فرۆش و هونەرمندە شایەرەکان.

*سکویلەر، دیسان بەرازێکی قەڵەوی قسەزانە و خاوەنی ئەفسوونی زمانپاراویی و هونەرمەندی پاساوهێنانەوە بوو بۆ کارە دزێوەکانی ناپلئۆن، تا ئەوەی ڕەشی ئەکرد بە سپی و سپیی بە ڕەش، ئەمەش ئاماژەیە بۆ مێدیای پاوانکراو لە دنیای حیزبیی تاقمیی و دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا.

* پشیلە، گیاندارێکی هەلپەرەستە و پەیوەست بە ڕووداوەکانی ڕۆژە، کاراکتەرێک کە تەنیا تماشای ڕووداوەکان ئەکات، تەنانەت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گیانداران کاتێک پرسێک ئەخرایە دەنگدانەوە کە بە بەڵێ یان نەخێر ئەبوو دەنگ بدرێت،تێبینی ئەکرا تەنیا پشیلە لە هەردوو باردا دەنگی بە بەڵێ و بە نەخێر دابووا! ئەمەش ئاماژەیە بەو مرۆڤانە کە زۆر بێهەڵویستانە لە گەل ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژدا هەنگاو هەڵئەگرن، ئەمانە وەک گوڵە بەڕۆژە بە دەم قازانجی کات و ساتیانەوە وەرچەرخان ئەکەن.

*مۆلی، جوانەماینێکە کە هەر خەریکی خۆڕازاندنەوەی خۆیەتی، بالاپۆشێکی سووری لە یاڵ و پەچەکەی ئاڵاندووە و لە ئاو و گۆمەکاندا لە جوانی خۆی ڕادەمێنێ، گرنگی بە کەسیەتی فەرمانڕەوا نادات، لە بنەڕەتدا سەردەمی جۆنز بۆ ئەو خۆشتر بوو.
مۆلی گوزارشت لەو مرۆڤانەیە کە ئامادەی هەر جۆرە کویلایەتییەکن، خۆش بژیوی و کار و باری ڕۆژانەیان بڕواتە پێشەوە و بەس.

* بەرازەکان، ئەمانەش بە گشتی نوێنەرایەتی چینی پلەباڵای کۆمەڵگەن، مەبەست لێی بەرپرسانی حیزب و شۆڕشەکەیە، ئەمانەش دوو بەرەن، یەکێکیان بیرمەند و تئۆریزەری شۆڕشەکات، چاکەخوازە و خاوەنی بیرۆکەی جوانە بۆ بەڕێوەبردنی کێڵگەکە و ئەویتریان، شەڕەنگێز و پلانگێڕ و هەلپەرەسە و ماستاوچی و شایەری گەورەکانیانن ،لە ڕۆمانەکەدا ئەمانە لە هەمووان وشیارترن، بەڵام کەمترین ماندوو بوون بە خویانەوە ئەبینن، هەر ئەمانەش دواجار شۆڕش بەلاڕێدا دەبەن و دۆخی کێڵگەکە لە پێش شۆڕش وێرانتر ئەکەن.

* مەڕەکان، ئەمان بێکارترین و بێ مێشکترین و بێهەڵویسترینی مەزراکەن کە لە بنەڕەتدا توانای شیکردنەوەی ڕووداوەکانیان نییە، هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە ناتوانن ڕێنمایی و ڕێساکان لە بەر بکەن، بەڵام لە بری هەموو شتێک کۆپلەیەک لە مارشی ئاژەلانی ئینگلەندیان لە بەر کردووە، زۆر جار بە باع باع، چوارپێ باشە و دوو پێ خراپە ئەوتەوە.
مەڕەکان ئاماژەن بە زۆرینەی خەڵک، خەڵکی ڕەش و ڕووت بە بێ هیچ ڕوانگەیەک کۆمەڵێک دروشمی پێی دەوترێتەوە.

*سەگەکان، نۆ تووتک بوون، لە سەردەمی شۆڕشدا لە دایک ببوونەوە، ناپلئۆن لە دایکیان وەریان ئەگرێت و لە شوێنێکی پەنهاندا دوور لە چاوی گیاندارانی دیکە پەروەدەیان ئەکات، لە پاش شۆڕش لە کێشە ناوخۆییەکاندا، ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕن لە ڕاوەدونانی نەیارانی ناپلئۆندا.
سەگەکان ئاماژەن بۆ هێزی دەستەمۆ و ڕامکراوی سەرکردەکان، کەسانێک کە کەمترین ڕۆڵیان لە کێشەکانی دەرەوەدا بینیوە، بەڵام چەپۆکێکی ئاسنینیان هەیە بۆ لە ناوبردنی نەیارێکی ناوخویی.

کۆترەکان، پیامبەری ژوورە تاریکە سواخدراوەکانی شۆڕشن، کە بە پۆل لە کێڵگەی ماینرەوە پەیامی ئازادیی و سەربەستی بە کێڵگەکانی تردا ڕادەگەینن، ڕۆڵی کۆترەکان لێرەدا واتە دیپلۆماسییەت و دنیای پڕ لە ڕواڵەتسازی و دیسیپلین و تەشریفات، لە ڕاستیدا پەیامی حکومەتەکەیەتی کە پڕە لە چەواشەکاریی و ساختەگەریی و دوورە لە ڕاستیی ڕەوتی ڕووداوەکان.

**

( ئێریک ئارتۆربلێر)، کە بە ناوی خوازراوی " جۆرج ئۆروێڵ " ناسراوە لە ساڵی ١٩٠٣زاییینیدا لە شاری موتیهاری لە هێندوستان، لە باوکێکی ئەنگلیزیی و دایکیکی هێندی لە دایک بووە، سەر باری ژیانی پڕ لە چەرمەسەریی و نەخۆشی و هەژاریی و لە دەمێکی تا ڕادەیەک زوو مردنیمدا بەڵام وەک یەکێک لە دەرەوشاوەترین چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگری ئەدەبیی و سیاسیی بیرتیژ و شاعێر و دواجار ڕۆماننووس لە یادەوەریی مرۆڤایەتیدا دەمێنێتەوە، ئەو لە دەیەی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، بە تەواوی وەک ڕۆماننووسێکی گەورە بەناوبانگی دەرکرد، لە ساڵی ١٩٤٥دا ڕۆمانی مەزرای ئاژەڵان و لە ساڵ ١٩٨٤دا، ڕۆمانی بەناوبانگی " چەوساوەکانی پاریس و لەندەن " ی بڵاو کردەوە کە وەک کتێبی ساڵ و سەدەی بیستەم هەڵبژردرا،
جۆرج چەندین کتێبی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا نووسی و یەکێ لە نووسەرە بەناوبانگەکانی جیهانییە.
جۆرج لە گەرمەی مشتومڕ و فیدباکی ڕەخنەگرانیدا نەخۆشی سێل زۆری بۆ هێنا و مەودای نەدا پەیامەشاراوەکانی زیاتر مانیفست و بانگەشە بکات و لە ساڵی ١٩٥٠کۆچی دوایی کرد.
ئۆروێڵ لە نووسینیدا بوارێکی پڕ گرێ و کوڵ و مەترسیداری هەڕەشە ئامێزی بۆ سەر ژیانی هەڵبژاردبوو، ئەویش کایەی سیاسی بوو، خاوەنی ڕێباز و شێوەیەکی تایبەت بە خۆیەتی، تا ئەو ئاستەی بە ئەدەبیاتی " ئۆروێڵ " بناسرێت، لە بەر گرنگی و پیرۆزی بەرهەمەکانی پاش زیاتر لە نیو سەدە دوای مەرگی، لە لەندەن پایتەختی، دەسەڵاتدارانی ئینگلیز خەڵاتێکیان تەرخان کرد بە ناوی ئۆروێڵەوە بۆ کتێبی سیاسی.
ڕۆمانی مەزرای ئاژەڵان ساڵی ـ١٩٤٥دا و لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا نووسرا، کاتێ ئۆروێل لە نووسینی ڕۆمانەکە دەبێتەوە، هەناسەی ئاسوودەیی سەرکەوتن هەڵدەمژێت و خوازیارە بە خێرایی لە چاپی بدا، بەڵام چاپخانەکانی بەریتانیا داواکەی ڕەد دەکەنەوە، لە بەر ئەوەی دەیانزانی نووسەر لە ڕێگای ڕۆمانەکەیەوە ڕەخنەی توند لە ئاکامەکانی شۆڕشیئۆکتۆبری ١٩١٧ی و ئێستالین و یەکیەتی سۆڤیەت ئەگرێت، بەڵام دواجار دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە لە لەندەن بڕیاری بڵاو کردنەوەیدا و کەوتە بازاڕەوە کە دیسان ئەمەش بە بێ باج سەرکەشی نەبوو، چۆن خەێزانی خاوەنی چاپخانەکە هەڕەشەی لێکرد هاتو ئەو ڕۆمانەکە دژ بە یەکیەتی سۆڤیەت و ئێستالینە بڵاو بکاتەوە لێی جودا ئەبێتەوە، بەڵام خاوەنی چاپخانەکە ئەوەی بە هەند وەر نەگرت و بە تیراژی ٤٥٠٠دانەی لێ چاپ و لە ماوەی چەند ڕۆژدا بڵاوی کردەوە و هەمووی فرۆشرا.

**لە فەیسبووک یارمەتیم وەرگرتووە**



## دێوەرە و کەر

عەبدوڵلا پەشێو

دێوەرەیەک بە سواری کەر
ڕێیەکی دووری گرتە بەر
نەیهێڵا کەر بدا بێنێ
تا ڕێیان کەوتە بژوێنێ
کەر کە بینی وا لەو ناوە
گیاوگۆڵ سەری پێوەناوە
میوانی گەورەی سروشتە
نە خێو، نە باری لە پشتە!
بە زەڕەزەڕ، بە غارەغار
دنیای هەموو کردە بەهار
لەپڕ خاوەن کەری زۆرزان
هەستی کرد وا لەودیو تەلان
هەرا و هۆریا و دەنگەدەنگە
ئیتر زانی کاری لەنگە!
گوتی: "کەرە گیان، گوێ گرە
ئەوە دەنگە دەنگی ڕێگرە!
هەتا زووە با بارت کەم
لە ڕێگران ڕزگارت کەم"
کەر دایە قاقای پێکەنین...
گوتی: "قوربان، هاوڕێی شیرین!
بارەکەی من لە خۆت بار کە
هەتا زووە خۆت ڕزگار کە.
کە من کەر بم، بارەبەر بم
کورتان لە پشت، هەشبەسەر بم
فەرقی چییە؟ دەرد هەر دەردە
کەری تۆ بم، یا هی جەردە!"



## The peddler and the donkey

By Kurdish poet: Abdullah Pashew
Translated by Kurdish poet and
translator: Saeed Salimi Babamiri



A peddler on a donkey,
Wishing in sale to be lucky,
He set out on a so long way,
He drove the donkey for a day!
They reached a very grassy land,
Donkey with nature hand in hand!
With no load and owner on back,
The donkey brayed having no lack,
Grazing well with kicks of fun,
It was all over run and run,
Then suddenly the owner found;
From far a tone of strange sound,
So in no time full of fear,
He started to say "Oh dear!"
He said "Listen! Donkey…dear!
The soft sound of thieves I hear!
Let me load you now we have time,
Let me save you out of this crime."

The donkey brust into laughter:
"My sweet friend than wool softer!
No no! Load it on your own back,
Save yourself and your dear pack,
I'm a donkey, I carry loads,
Wearing saddles on many roads,
'Tis all the same, no difference be…
…be your donkey or thieves' donkey!"



## ژیانی سەگانە

ڕەحیم خان. نادر مستە فازادە

دایە لەبیرمە کە هەرلەمنداڵیەوە، باسی چیرۆکی مردن و ئاوری جەحەندەم و مار و دووپشکی ناو گۆڕ و ڕۆاڵەتی ترس هێنەری مردنت بۆ دەکردم.
بەڵام کاتێ پێم نایە مەڵبەندی ژیان، تێگەیشتم و بۆم دەرکەوت کە جگە لە مردن لەژیانیش دا هەرمردووم.
دایم،من ئێستا لەناو ئاورێک بە ناوی ژیان دا دەژیم، دایکی بەڕێزم، خوشکی خۆشەویست و براکان و ئاواڵە دڵسۆزەکانم، ئێوە بڵێن ئاخر ئاور لەوە بەتینتر ومردن لەوە ناخۆشتر هەیە بۆکەسێکی بێ ئاڵا و ناو ونیشان؟!
بەڵێ من لەژیان دامردووم لەناو جەحەندەمێک بەناوی ژیان دا دەژیم و دێم ودەچم. ئەدی تاوانم چیە کەدەبێ لەمردنیش دابمرم ؟!
دایە پێم بڵێ ئایا ژیان لای ئێوە هەربەمانای نەفەس کێشان وجوڵانەوەیە؟!
ئایا ژیان ئەوەیەکە وەک بووکە شووشەی کۆک کراو, یا تووتی هەرچی پێمان بڵێن دوو پاتی کەینەوە و بەس و بۆ خۆمان مافی هیچ بڕیارێکمان نەبێ ؟
ئەگەر ڕاستەقینەی ژیان لاتان بەومانایانەیە برواو پێ بکەن ئازیزان ئەوژینە ژینی سەگانەیە.



# قاسپەی دەنگێکی هەورامانی

(کورتە گوزەرێک بە ڕووبەرە هونەرییەکەی مامە بەخشەدا)

پاوە. هۆمەر نۆریاوی





یەکەم:هەورامان،مەکۆی ڕەسەنەنترین نەغمە کوردییەکانە؛مێژووی هونەری کورد ئەمەمان پێ دەڵێت. ناخی هەر مرۆیەکی هەورامانی و بگرە خودی باڵندە و شاخ و داخی ئەم دەڤەرە لێوانلێو لە مێلۆدی و ئاوازی هەرە کۆن و ڕەسەنە و هێشتاکە هونەرمەندان(سترانبێژ و ژەنیار)وەک پێویست نەیانتوانیوە ئەم سامانە هەرە زەنگین و دەوڵەمەندە بە ئەرشیف بکەن و بیخەنە سەر گەنجینەی هونەری کوردی.

دووەیەم:لە خەیاڵدان و یادگەی گشت مرۆڤێکی هەورامانیدا سووچێک دانراوە بۆ گۆرانیبێژێک کە سۆزی ناخەکەی ڕاست لە دەنگی ژەرەژ و کەوی سەربەرزاییەکانی نیشتمان دەچێت. کە دەستریت ،هەموو هەورامان خۆی دەبێتە مێلۆدی و گۆرانیی کوردیت دە هێندە لە لا شیرینتر و لەبەردڵانتر دەبێت.

ئەم دەنگە خاوەنی ڕابردوویەکی گەشە و لە هەر شار و شارۆچکە و گوند و شاخ و پێدەشتێکی هەوراماندا زایەڵەی بڵند و جێ پەنجەی خزمەتی دیارە.

"جەهانبەخش غەففووری"یان هەمان "مامە بەخشە"ی لای هەورامانییەکان،بە یەک لە دەنگە شاز و ڕەسەنەکانی سترانی هەورامی دادەنرێت و شانبەشانی کەڵە هونەرمەندانی وەک ئۆسمان هەورامی((١٩٣٥،شەفیع کەیمنەیی((١٩٤٢، حەمەحسێن کەیمنەیی((١٩٣٣،جەمیل نەوسوویی((١٩٤٦و سەباح هەورامی((١٩٦٢،ڕابردوویەکی پرشنگداریان بۆ گۆرانی هەورامی دروست کردووە و ئەمڕۆکە بە سەدان هونەرمەندی دی،درێژەپێدەری ڕێباز و ڕێچکە هونەرییەکەی ئەم گۆرانیبێژانەن.

هونەرمەند بەخشە،بە یەک لە ئەستووندەکە سەرەکییەکانی ئاواز و مێلۆدی ڕەسەنی کوردی دادەنرێت کە لە هەورامانی سەرکەشەوە دەنگی بە هەموو نیشتماندا بلاو دبێتەوە. هەفتا((٧٠ساڵ ڕاژە و خزمەت بە گۆرانی هەورامی بۆ خۆی بەڵگەیەکی هەرە ڕوونە بۆ سەلماندنی هەمان ڕاستی. ئۆسمان کەیمنەیی،جەمیل نەوسوویی و فەتحوڵلا جوانڕۆیی((١٩٥٢،لە هاوڕێ هەرە نزیکەکانی ئەم هونەرمەندە دێنە ئەژمار کە پێکەوە دەیان گۆرانییان تۆمار کردووە.

زۆر جار مرۆ کە گوێی لە گۆرانییەکی بەخشە دەبێت،لە کوێی ئەم گەردوونە بەرینە بێت،ڕاست خودی هەورامانی بیر دەکەوێتەوە چونکە ئاواز و مێلۆدی ئەم بەشەی نیشتمان لە سترانیدا خۆ دەردەخات. ڕاستە ئۆسمان کەیمنەیی بە "پاشای سیاچەمانە" دادەنرێت بەڵام بەخشەیش یەک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیاچەمانەیە.

سێیەم: لەو نێوانەدا ئەوەی بەخشە لە گۆرانیبێژانی دی جیا دەکاتەوە،ڕووی لە وردە بەزم یان هەمان بەزمی چەپڵەیە لە نێو گۆرانیی هەورامیدا کە داهێنەرەکەی خودی ئەم هونەرمەندەیە و مۆرکی خودی خۆی پێوەیە. بۆیە بەخشەی هونەرمەند لە نێو گۆرانی هەورامیدا بە سەرتۆپی بەزمی چەپڵە لە قەڵەم دەدرێت.

چوارەم: بەخشەی هونەرمەند ڕاستە خەڵکی گوندی "شۆشمێ"ی سەر بە شارۆچکەی دڵبزوێنی "نەوسوو"ە بەڵام هەر لە تەمەنی گەنجییەوە ڕوو لە شاری جوانڕۆ دەکات و بەشی زۆری تەمەنی لە قەڵای جوانڕۆدا وەپشت سەر دەنێت. هەر لەم ڕێگەیشەوە پێوەندییەکی پتەو لە نێوان دەڤەری جافایەتی بە ناوەندێتی جوانڕۆ و نەوسوو دروست دەکات و هەر لە ڕێی ئەم هونەرمەندەوە بە سەدان لاوی گۆرانیبێژی ئەم ناوەی نیشتمان،شوێن ڕێچکەکەی دەکەون و بە هەورامی دەسترن.

بەخشە بەدرێژایی تەمەنی، ٥٠گۆرانی بە گوڵجاڕی سترانی کوردی دەبەخشێت. کرمان کرمانە،ئەی کەڵی ملبەرز ،نەهیەی خاڵماوی،عەجەب فەڕ بەخشەن،گوڵە وەحاجی مریەم و ئاوەدان جوانڕۆ ،لە سترانە دیارەکانی مام بەخشە دێنە ئەژمار کە بۆ هەمیشە لە یادگەی مرۆی ئەم دەڤەرەدا دەمێننەوە.

پێنجەم:هونەرمەند مامە بەخشە، یەکەم کەسیش دەبێت کە ئامێری دەف دێنێتە نێو گۆرانیی هەورامی و سۆزی نێو ئامێری دەف لە نێو تەکیە و خانەقا و مزگەوتەوە بۆ دنیای گۆرانی کوردی دەگوێزێتەوە و هەر لەم ڕێگەیشەوە دەنگی گۆرانی و ئامێر ئاوێتەی یەکدی دەبن. ئیدی لێرە بەدواوە سترانی هەورامی پێ دەنێتە نێو قۆناخێکی دی و زۆر خێراتریش بە هەر هەموو کوردستاندا بلاو دەبێتەوە.

جێی ئاماژەپێدانە هونەرمەند جەهانبەخش غەففووری(بەخشە)ساڵی ١٣١٦(١٩٣٦ی هەتاوی)لە گوندی "شۆشمێ"ی نێزیک شارۆچکەی "نەوسوو"ی سەر بە شاری "پاوە"ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک دەبێت و سەرەنجامیش ڕۆژی ١٢ی گەلاڕێزانی (٢٠٢٣)٢٧٢٣لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا لە شاری جوانڕۆدا کۆچی دوایی دەکات و خاکی ئەم ناوەی نیشتمان دەبێتە دوا هەواری.

ژێدەر:
١ ـ کەڵی ملبەرزوو هەورامانی،ماڵپەڕی فراتANF،نۆڤمبەری ٢٠٢٣
٢ ـ خاڵۆی ڕێبواری هونەر و جوانی،عوسمانی نووری(ڕێبین)،گوتاری نوێ
٣ ـ به احترام مامۆ بەخشە و برای هنرمندان جوان،دکتر محمد یعقوبی،دەنگی نۆریاو
٤ ـ باوەڕین ئەو ساز شیوەن سەدایێ،پەیامی ئەنجوومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبیی مەریوان بۆ کۆچی تاهەتایی هونەرمەند بەخشە
٥ ـ دەنگێک بە قووڵایی و پانتایی هەورامان،دەنگی نۆریاو

## بەرزەفڕ



ئیلام. رودوس فەیلی"مستەفا بیگی"

ئەی باڵ درێژ پەڕ دە موولەق
پاشای پەشێو ئاسمان ئەی
کاسەو بییە زار و زەو ژە قیرەت
هەر وەڵنگی پەڕی ژە تێژباڵت
لافاو؛ تکی ژە ئەسر شوورت
دنیا جگی بی دە قوڕن چاوت
خەیلێگە دە ئی شار خەریوە
تەنیام؛ ژیان من هە هووڵە
هووڵ خوەت و ئەو کێوەیل بەرزە
دڵ داین خوەت وە ئەو وڵاتە
سۆک قەفەسە نە جیگەی ئیوەس
ئی شارە ئەڕا م هەم قەفەس بی
ئێسە من و تو کوور و کز و مات
کەفتیمنە دەی خەریوییە کز
دڵ دڵ نەکە بەوروەو ئەڵفریمن
هەم باڵ دە باڵ ئەوور واران
ژەی سەردە هناسییە، هەی ئەڵ هەی
ئازادتر و لەچەرتر ئەژ وا
ئەڵفر فرە دە خەم و ورینە
کوومڕ سەر کوومڕ ئەڵنەکیشە
ئەی باڵ درێژ و دڕ، تەمەن کوڵ
وەردە تونم ئەی دە هووڵ موولەق
خوەت خوەت نەخوە ئەی لفانەگەی خومە

چنگیر دە ئەور و سەر دە موولەق
ئەی داڵ دە دیل دام ئەری هەی
کەڕ کردگە ئاسمانە قیژەت
هەر دار بەڕۆ سۆکی ژە ماڵت
ئەرژن؛ خش نەخش پای مەپوورت
گردی گری بی دە نام خاوت
ئاپارتمان شیک و لیوە
هوولی ک هە بار بان کووڵە
هووڵ خوەت و ئەو سنووره مەرزە
ئەو دڵبەری ئەو خاسە خلاتە
ئاز نەفەسەیلە گرت بیکەس
دۆد و تەم و توز و هەر هەوەس بی
بێدەستر و بێکەستر و کشمات
دامایمنە دەی ئەسیرییە کز
ها ئی قەفەسەیلە ئەڵدریمن
هەم چەم دە چەم هەڵۆ دە بەرزان
ژەی مردە ملاسییە، وەی ئەڵ وەی
جاماڵ قەفەس بشیونیما
ئی وێم و پەژارەیلە ورینە
دەی سۆکییە بێدەس ئەونەنیشە
ئەی دیلی دەرد سەرد و واوڵ
فێشتر ژە م سەردە مردە دڵڕەق
هووکارە نەکەی منیش کەمکەم

**

ئاوێنەگە وەرەو هەر کوو ک بنووری
ژنی دە نام م تووری
هیکەی دۆەتی ک بژنەوی
فیییییکەگەی کوڕ یەکی کوشی
مووشەکە
بومبەگە
یا چووزانم گولەی ولی
لە پەڕ ئی خاوەرمیانە
ک خوەمە
هێمان

## ئەزموونێک



بانە. قادر خدرزادە

مێشێک کـەوتـە جام بۆ قومێ شەڕاو
منداڵێـــک گرتی ڕێـــگەی لـە پڕتـاو

مێش بۆ شیرناییەک خۆی خستە نێو چاڵ
لە قــەفەس کرا هــەرزەی کرچ و کاڵ

ئــەو کە وای بیـنــی قــەراری نەما
لــە ئــاست ئــەم فێـڵە چ چاری‌نەما

کاتـێکی زانـی ئــەسیر ودیـــلە
ویـــستی وەدۆزێ ڕێـــچارەو حیـلە

کــە بەدیــنەکــرد بوارێک بۆ ژین
بـــۆ دەربـــاز بوونی دەلاقەی نەدین

لە خـۆی دەنـووسا وەکوو شێت وهار
بـۆ دار و دیـوار دەیـبرد پـەلامار

بە هەموو هێزی دەیویست ئەم جارەش
ڕزگـــاری ببـــێ لە چـنگ ڕۆژی ڕەش

تازە زانیــبووی نــرخی ئـــازادی
کـــاتــێک کە چـــێژتی تـــامی بێدادی

**

بـــەبێ ئازادی ئـەو بـاش دەیـــزانی
قـــۆشــێک ناهـێـــنن ژیان و گیانی

دوای هــــەوڵێکی زۆر گیانی بەخت کرد
هێنـد تەقەلای کردهـــەتاوەکـوو مرد

ئـەگــەر لە زیـندان بەسەر بەرین ژین
واچـاکە مــەرگ لە ئــامێز بگریـــن

شای پێوەند لە دەست کۆیـلەو گـەدایە
مـرۆڤی ئـازاد بێ تاجیــش شـــایە



# پوورە پیرۆز

سابیر بێتووشی گووندی دوولکانی ناوچەی ئالانی سەردەشت



بەر لە بیست سی ساڵێک لەمەو بەر و سەردەمانی نەبوونی ئامێرە وزەییەکانی بە حیساب پێشکەوتووی وەک ئەمڕۆ و بگرە نەبوونی ماشین و گوێزەرەوەی ئاسان، گووندی کووردستان هەمووی هەر وەک ماڵێکلە خێزانێکی گەورە و یەک دڵ گیان و سادە و دوور لە فرت و فێڵ و بێ لێک لە بەهانە بوون، کۆمەڵگەیەک کە کەسەکان لە ناوی دا بە ئاسوودەیی و هەست کردن بە ئۆخژنی ژیانیان دەکرد، لەو دۆخ و کۆمەڵگەیە دا کەسانی وا لە ژن و پیاو هەڵدەکەووتن کە لە مەزنی و خدە و ئاکاری کۆمەڵایەتی دا دەبوونە سەرگووڵی مێژووی سەردەمی خۆیان و بۆ دوای خۆشیان خۆشترین ناوبانگیان جێ دێڵا.

پوور پیرۆزێ کاحەمەدی دوولکان لە ناوچەی ئالانی سەردەشت، یەک لەو گەورەژنەکەم هەڵکەوتوانەیە کە لە دێیەکەی خۆی و دێیەکانی دەورە و بەری نیزیک بە دوولکان بە تێکڕای ژن و پیاوەوە بە ڕێزێکی تایبەت تەماشای دەکەن و زۆرێک بە دایە پیرۆژ ناوی دێنن.

ژیانی پوورە پیرۆز لە سەرەتاوە بە مەینەت و بێ بابی و هەتیوی دەست پێ دەکات، وەک بۆخۆی دەگێڕیتەوە ئەو لە بەر ممکان بوە کە بابی لە دەست داوە و لە دنیای فەقیری ئەو سەردەم دا بێ برا لە گەڵ دوو خووشکی دیکەی بە سەر دایکی کەساس دا بجێ دەمێنی، مامی پیرۆز نەخوازراو دەچێتە لای دایکی پیرۆز و پێی دەڵێ من مارەت دەکەمەوە، ئەویش پەنا بۆ مامەکانی داوا دەکا کە لەو تەنگژەیە ڕزگاری بکەن، بە ناچار تاقانە براکەی،بەیانیەکی زوو دایکی پیرۆز دەباتەوە لای خۆی کە حاجی مەلا عەلی دوولکانی یا مەلا عەلی خانەقایە بوە کە ئەویش لە سەرەتای مەلایەتی دا دوای ئەوە لە گەلاڵەی شینکایەتی سەر بە کووردستانی باشوور بەڵگەنامەی مەلایەتی وەردەگری لە گووندێکی نیزیک لە گەلاڵێ و لە گووندی سەفرەی شینکایەتی دەبێتە پێشنوێژ و وتار خوێن کە ئێستا هاوسەرگیری نەکردوە. دواتر کە پیرۆز لە خەو هەڵدەستی دایکی دەوێ بەڵام دایک زۆر دوور براوە بۆ کووردستانی باشوور، دایکی پیرۆز ڕۆژانە لە بەر خۆوە هەر فرمێسکان دەبارێنی، براکەی دەڵێ بۆچی دەگری دەڵێ بۆ کچەکانم لای ئامۆژن و مامانیانن و بێ ناز و لانە شێواو، دوانیان باشترن بەڵام پیرۆز زۆر منداڵ و دایی دایبە، زەمانی هەژاری دەبێت ئەویش مەلایەکی تازەمەلای ئەو سەردەم، بە زەیی بە خووشکی دادێتەوە پیاوێک دەنێریتە دوولکان تا کچەکە بۆ پیرۆز بێنن، پیاوێکی بە پێ و خۆشڕە و بە ناوی ڕەشید، پیرۆز بە کۆڵ دادەدا و دەیباتە سەفەرە، ئەوە خۆشیەکی زۆر دەبێ بۆ دایکی، مامی پیرۆز بەڵێنی دەدا کە ئەو کچە هەر بۆ خاڵی بێت و بۆ خۆی بە مێردی بدات، دەبێتە کچی خاڵی، دوای نیزیک دوو ساڵ حاجی مەلا محەممەدی بێژوێ کە ژنی نامێنی پیاوان دەنێریتە سەفرە بۆ خوازبێنی دایکی پیرۆز بەڵام دەڵێ منداڵم هەن دەڵێ مێردی ناکەم، دوای گەڕانەوەی خوازوێنیکەرەکان حاجی مەلا بۆ خۆی دەچێتە سەفرە و داوای دەکات، دایکی پیرۆز هەر وڵامی پێشدای دەبێت، بەڵام حاجی مەلا دەڵێ منداڵت بۆ بەخێو دەکەم، بەو بەڵێنیە مێردی پێ دەکات، ڕۆژێک کۆمەڵێک سوار لە بێژوێ ڕا دەچن بۆ سەفرە بووک بۆ حاجی مەلا بەرن بۆ بێژوێ، لە کانی کچۆڵەی هاوەڵی بە پیرۆز دەڵێن دایکت دەبن بە بووک، شەوی کە جلکان لە بەر دایکی دەکەن، پیرۆز ترسی ڕۆیشتنی دایکی بۆ درووست دەبێ و شەو لای دایکی دەنویت، بە نیازی ئەوە کە دایکی جێی نەهێڵی لکی دەسماڵەکەی لە قامکی داڵێنی و بە دایکی دەڵێ دایە دەمبەی؟ دایکی دەڵێ ئا دەتبەم، تا خەوی لێ دەکەوی ئەو وتە چەن پاتە دەکاتەوە،خەوی لێ دەکەوی، بەیانی کە پیرۆز لە خەو هەڵدەستی نە دایک و نە میوان و نە ئێستر هیچیان لەو نێوە نەماوون، پیرۆز ڕادەپەڕی و دەڵێ کوا دایکم؟ کوا دایکم؟دەڵێن لە کانیەیە، دەچێتە کانیە دایک نابێ، دەڵێن لە ماڵی مام عەولایە، ڕادەکا لە وێ نابێت، دەڵێن لە ماڵی فەقێ مەحموودیە، دەچێت لەوێش نابێت، زۆر دەگری و دەبارێنی، خاڵی کە مەلا عەلیە لە کۆڵی دەکات و دوور دەیباتە شوێنێک تا گریانەکەی بیر بچیتەوە.

ئیدی پیرۆز لە ماڵێ مەلا عەلی گەورە دەبێت، مەلا مەلا عەلی دێننەوە دوولکان، پیرۆز کە زۆر هۆگری دایکی دەبێت، خاڵی هەموو مانگی دوو جار دەینێریتە لای دایکی بەڵام مامی بێ پرس بە خاڵی و بە پیرۆز نەخوازراو بە مێردی دەدا، لە ژیانی هاوسەری دا دەبێتە خاوەنی شەش کچ و پێنج کووڕ، کە کچێکیانی بە منداڵی لە دەست دەدا و دەمری، دواتر کە منداڵەکانی گەورە دەبن یەک لە کچەکانی لای مێردی کە چەند منداڵی دەبن جوانە مەرگ دەبێ و پوور پیرۆز داخداری لە دەستدانی دەبێت، دیسان دوای ئەو کچە کوڕێکی لاوی جوان چاکی بە ناوی قادر بە کارەساتێکی دڵتەزێن شەهید دەبیت، جارێکی دیکە و بۆ سێهەمین جار پوور پیرۆز کچێکی دیکەی لە ماڵێ مێردی بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکا، واتە لە تەمەنی دا سێ لە ڕۆڵەکانی بە لاوی و یەک بە منداڵی لە دەست دەدا و جەرگی هەڵدەقرچێت.

لە زەمانی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە ڕژێمی حەمەڕەزا شا و لە سەردەمی شۆڕش و دوای شۆڕشیش تاکوو ناوچەکە کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی ئێران، ماڵێ پوور پیرۆزێ هاوێنان دەچوونە ماڵە ڕەز لە ساکاوێی مووچەکانی دوولکان، بۆیە بە هۆی خۆشڕووی و نان بدەیی و مێوانخۆشەویستی پوور پیرۆز و ماندوونەناسی ئەو ماڵیان بە شەو و ڕۆژ کوونجی حەوانەوەی ڕێبوار و کاروانچی و قاچاخچی و لێقەوماوانبوە، لە گەڵ ئەوە دا کە پوور پیرۆز هەر بە لاوی بە بەرکەوتە لە سێ بەندەی ڕان و حەوزی لاقی دا ناتەواوی زۆری هەیە و لە ڕۆیشتن دا بە شەلی و خواری و بە هاوکاری دوو دار بە ڕێ دا دەڕوا، بەڵام ئەو ناتەواویە ڕێگر نەبوە لە چاکەکاریەکان و بە دم داوای خەڵکیەوە چوون و سەردانی نەخۆش و جیران و کەسان. بە گێڕانەوەی زۆر لەو کەسانەی لە نیزیکەوە قسەیان بۆ کردووم، دەیانگووت کە کەتری پوورە پیرۆز زۆربەی دمژمێرەکانی شەو و ڕۆژ لە سەر کووچکاورە بوە و بێ میوان نەبوون، هەرگیز کەس بۆ جارێکیش نەیدیوە کە پوورە پیرۆز نێوچاوانی لە کەس تێک نابێت، بە قسەی خۆی سەردەمی ساڵەکانی هەزار و سێسەد و چل بۆ پەنجا پێشمەرگەی ئەو سەردم زۆرتر لە لای پوور پیرۆز دەحەوانەوە بە تایبەت شۆڕەسواری نەمر شەهید مەلا ئاوارە کە یەکێک لەو جێیانەی کە لێی دەحەوایەوە ماڵێ پوور پیرۆزێ بوو، ئێستاکەش کە من وەک نووسەری ئەم دەقە هاوسێی ماڵێ پوورە پیرۆزم قەت ماڵیان چۆل نابێت، هەرکات کچەکانی و نەوەکانی نانیان بۆ دەکەن پوور پیرۆز بە زەحمەتی زۆر خۆ دەگەیەنیتە سەر تەندوور و نووردوە نانان جێ جێ دەکات و بۆو جیران و بۆ

ماڵی ئەم و بۆ ماڵی ئەو نان دەبەشیتەوە، هەموو کاتیش بە کچەکانی دەڵێت کە لێرە نەبووم نابێ هەرگیز خێرم ببڕن، پوورە پیرۆز لە ڕووحی خۆی دا خۆ بە دایکی هەموو کەس دەزانی و بۆ هەموو کەس سۆزی هەیە و قەت لە لای پوورە پیرۆز پاشەملە باسی کەس نەکراوە چوونکە بە گێڕانەوە خۆشەکانی نەیهێشتوە خەراپەی لا بگووترێت. بە وتەی پێشینیان کە باسیان لە گەورایەتی ژنێک بکردایە دەیانگووت ئەو ژنە لە ڕیزی پیاوان دایە جا بە ڕاستی پوورە پیرۆز لە ڕیزی پیاوان دایە.

لە هەر گووند و شوێنێک ڕا خەڵکی چ ژن چ پیاو کە دێن بۆ سەردانی خزمەکانی خۆیان بێ گوومانە سەردانێکی پوورپیرۆز دەکەن، چوونکە خۆشەویستی هەموو خەڵکانە.

پوور پیرۆز بە گیانی بەخشندەیی و لێبووردەیی لە نێو دڵی هەموو تاکەکانی دەورە و بەری دا بە خۆشەویستیەکی زۆرەوە جێی خۆی کردۆتەوە، ئەو تاکەکانی کۆمەڵی دەورەی خۆی بە خووشک و برا و ڕۆڵەی خۆ دەزانی، پوورە پیرۆز بە گیانی خۆی سەلماندوە کە گیانی دایکایەتی بۆ هەمووان لە ناخی دایە.



## خولە پیزە

هەولێر. موحیب مەهابادی

وێنەیەکی دەگمەن و مێژوویی لە وڵاتی کوردستان، ساڵی ١٩٤٧ی زایینی، گوندێکی نزیک پێنجوێن، لە ڕاستەوە: تێکۆشەری قارەمانی کورد شەهید مەحموود محەممەدئەمین "خولە پیزە" و هاوڕێی شەهید جانەی حەمەدەمین، کورتەیەک دەربارەی هەندێک لایەنی شاراوەی ژیانی ئەم قارەمانە: تێکۆشەری کورد ناوی مەحمود محەمەد ئەمینە "خولە پیزە" و وەک باس دەکرێت لە بنەڕەتدا خەڵکی چەمیاڵە سەر بەشارباژێر نزیک گوندی نۆرک بووە لە دەور و بەری وڵیاوا خێزانکی هەژار و دەستکورت بوون ژیانێکی کوڵەمەرگیان بە سەر بردووەو بە کشت و کاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریک بوون و بەهۆی مردنی باوکیەوە ئەرکی بەخێو کردنی خێزانەکەیانی لەئەستۆدا بووە، کاتێک مەفرەزەی پۆلیس لە چوارتاوە ئەچن بۆ گرتنی بەهۆی دواکەوتنی خزمەتی سەربازی بۆ ڕژێمێک کە پەیوەندی بە کوردەوە نەبووە، خۆی ئەشارێتەوە لە ماڵەکەیان و دایکیشی کەناوی پیزەیە بەقورئانێکەوە ئەچێتە پێشوازی پۆلیسەکان و داوایان لێ دەکات واز لە خولەی کوڕی بهێنن و نەیگرن بە سەرباز چونکە کەسیان نیە بە خێویان بکات پۆلیسەکانیش زۆر بێ ڕێزی پێ دەکەن و پاڵی پێوەئەنێن و قورئانەکەی لە دەست ئەپەڕێت کاتێک خولە پیزە ئەو بێڕێزیە ئەبینێت کە بەرامبەر بە دایکی و قورئانەکە کراوە خۆی پێ ناگیرێت بەو تفەنگە کۆنەی کە هەیان بووە کە ئەوسا زۆرتر تفەنگی ماهێر و سێ تیر و یانزە تیر بووەو لە شوێنی خۆ حەشار دانەکەیەوە تەقە لە پۆلیسەکان دەکات و سەردەستەکەیان کە ئازاری دایکی دابوو بە ناوی حەمە ئەمین بانی شاری دەکوژرێت و ئەوانی تریش وەک کۆمەڵەی گزگل لە ترسا ڕادەکەن و خولە پیزەش قاچاغ دەبێت و ئەچێتە شاخ و هەمیشە کۆمەڵێک خەڵکی ئازای لەگەڵ بووە کەناو بەناو کەم و زیادیان کردووە حوکمەتی ئەوسای عێراقیش لە ساڵانی سیەکان و چلەکاندا هەمیشە بە هێزی سەربازی و پۆلیس و جاش کە پێیان ئەوترا غیر نیزامی لە هەوڵی لە ناوبردنیدا بوون بەڵام بەهۆی ئازایەتی و لێهاتووی خۆی هەم پارێزگاری لە خۆی کردووە هەم دژایەتی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێرانی کردووە کە بە هاوکاری یەکتر هەوڵی لە ناوبردنیان داوە و لە دەیان شەڕدا توانیویەتی خۆی دەرباز بکات، لە شەڕێکی سەختدا لە شاخی بەردەبەکۆزی نزیک سورکێو تاهیری برای کە لەگەڵدا بووە بریندار دەبێت و بە برینداری ئەیبەنە گوندی چەمپاراوی ئێران نزیک گوندی سیاگوێز لە ناحیەی گەرمک لە ماڵێک دای ئەنێن و تەداوی دەکرێت بەڵام بە داخەوە لە لایەن خۆفرۆشێکەوە خەبەری لێ ئەدرێت و هێزێکی زۆری جاش و پۆلیس ئەچنە چەمپاراو و دەوری ماڵەکە دەگرن و پاش گەڕان بە برینداری دەست گیری دەکەن و ئێوارە درەنگ هێنرایە مەخفەری پۆلیسی گۆڵێ لەبەر درەنگی کات و لە ترسی پەلاماری خولەی برای ئەو شەوە نەبرایە پێنجوێن و لە مەخفەری گۆڵێ هێڵرایەوەو پۆلیسێکی زۆر ئێشکی مەخفەرەکەیان گرتبوو لەترسی پەلاماری خولەی برای ئەو شەوە لەلایەن خەڵکی گۆڵێوە خواردن و جل وبەرگی زۆری بۆ برا بەڵام ڕێگە چارە و دەستەڵاتێک نەبوو بۆ ئازاد کردنی و بە داخەوە ڕۆژی دواتر برایە پێنجوێن و دواتر سلێمانی و دوای دادگایی کرانی لە لایەن دادوەرێکەوە بە ناوی حاکم عەبدولباقی ناوێک لە بەر دەم سەرای سلێمانی فەرمانی کوشتنی جێ بە جێ کرا و لەو سنوورەدا تا ئێستاش وەک گۆرانی کارەساتی بریندار بوون و گرتنەکەی وەک گۆرانی ماوە و ئەوترێتەوە وەکو: (تابووتی بۆ بکەن لە تولی لاولاو/ تایەری تێکەن بەرەو چەمپاراو) یان (ماشێنێک هاتووە شینی قەزوانی/ تایەریان تێکرد بۆ سلێمانی) و لەم بابەتانە، خولە پیزە نەیهێشت خوێنی تاهیری برای بەفیرۆ بڕوات جگە لەوەی کە چەندین کەسی لە پیاوانی ڕژێم کوشت بڕیاری دا تۆڵە لەو حاکمەش بکاتەوە کە فەرمانی کوشتنی تاهیری برای دەرکردبوو بۆیە لە کاتێکدا حاکم عبدولباقی بۆ دەوام لە سلێمانیەوە ئەهاتە پێنجوێن لە سەر پردەکەی ناڵبارێزی ئێستا بۆسەی بۆ دا ئەنێت کاتێک حاکم عەبدولباقی دەگاتە ئەو شوێنە تەقەی لێ دەکات و لە تۆڵەی تایەری برای دا دەیکوژێت دوای ئەوە ماوەیەکی تر بەردەوام بوو لە شاخەو شاخ و گوند بە گوند و ڕژێمی ئەوسای عێراقیش هەم هەوڵەکانی چڕتر کردبووەوە و هەم هێزەکانیشی زیاد کردبوو بە مەبەستی لە ناو بردنی تا سەرئەنجام لە شەڕێکی دەستەو یەخەی قارەمانەدا لە شاخی کەتوو ئەکوژرێت و کۆتایی بە ژیانی دێت بەڵام تا ئێستا ناوی لەسەر زاران و لە ناو ناواندا هەر ماوە. خولە پیزە قارەمانێکی کورد بووە کە ستەمی پێ قبوڵ نەکراو دژی ئەو ڕژێمە چووە شاخ و چەکی کردەشان بۆ پارستنی خۆی بەڵام پیاوانی ڕژێم شەو و ڕۆژ لەشاخ و ئەشکەوت و دەشت و دۆڵەکاندا بە دوایەوە بوون بۆ کوشتنی ئەویش بۆ بەرگری لە گیانی خۆی ناچار بوو ئەوانە بکوژێت کە هەوڵی کوشتنیان دەدا هەمیشە لایەنگری هەژاران و زوڵم لێکراوان بووە و دژی زۆرداران و و غەدداران و خوێن مژان بووە تا ئەو ڕۆژەی شەهید کراوە، ڕووحیان شاد و یادیان هەرمان بێت. . .



سنە. ئیلاهە زەمانی"هوما"

چاوەکەم
چاوەکانم بۆ گریان دڵتەنگن و
ناوم بۆ بانگ کردنت...
بە کامە خۆشەویستی تەزیوی
تامەزرۆی کامە نیشانە
لە نادۆست. ..؟

دابڕین..
کۆچی خەیاڵ!
بەڵێنێکی پەپوولەسۆز
گەمەی بزە سەرشێتەکان...
ئاااخ.... لە دارِشتنی هەنگاوەکان
شەکەت دەباری و
لە ماچی خوڵەمێش
ستران هەڵدەقوڵێ...!

**

خار شەکەت باڵای گوڵەو
من شەکەت حوسن و کەماڵ
پیاسەی بیر و حەز خۆشە
تا سەما برژێ خەیاڵ سارێژە
باڵای یەڵداییت
باڵ دەکا هزر و تەوێ
سێوی مێخەک ڕێژی شیرین
تاقی بێ ستوونی دەوێ

**

دامشارە!.
بمشارەوە لە چاوەکانتدا
ماندووتر لە وشەکانم. ..
مژارێک
لە لێواری لێوە برژاوەکان
لە دڵی گەشە
وادەی بزە ڕێژ
لە سەر سفرەی ماچ...
لە تۆماری دەمارەکانی دڵت
بمنووسەوە
کەچی جارێکی تر
لە بربرەی هەڵمی قاوەیێکی تاڵ
تا دوو کەسێکی تاک
بیرم کەی...!



سەقز مریەم یەتیمی

ئەگەر کانییەک
گۆرانی بۆ چیا بڵێ
ڕەشەبا
دەنگی ئەقرتێنێ
ئەگەر باران لە گۆنای
هەورێک برژێ
چی شەقامە چەتر
فیزی لێ ئەرژێ
ئەگەر قەڵەمەکەی مریەم
شێعرێکی عاشقانە بنۆشێ
چی پاییزە جلەخۆاوییەکانی
لە بەر پەنجەرەکەت
دائەتەکێنێ
ئەگەر قەڵەمەکەم
لە پاڵ شەپۆلی شێعرێک
پەلکەی خەیاڵ بگرێتەوە
کافیە
هەرتاڵێکی ئەم قافیە وشەی
ئەکاتە
ئەوین و نیشتمان
پاییز ڕەش هەڵدەگەڕێ
وشە دەدانەکانی و
پەیژە لاقەکانی هەڵدەوەرێ!
باوان
پەپوولەم و
خەڵکی دارستان

## ئازیزم ئیتر وایە



هەولێر. بێگەرد عزالدین خالد

ئازیزم شیعر دەوایە
تۆ نەبیت لەم شارە
شیعر کەی ڕەوایە
لەمن وایە ئازیزم
دونیا هەمووی وایە
یەک پێناسەی وەفایە
یەک باوەشی میهرەبانیە
یەک دونیایی جوانییە
یەک کردار، مەردایەتیە
یەک وشە، ئازایەتییە
یەک و ڕاستی، ئارامییە
بێ دەنگی و سەرفرازیە
زۆربڵێی شەرمەزاریە
خراپە لەهەرچوار دەورایە
هەمووی تا سەر بەرژاوەندییە



## کورتە چیرۆکی ترسنۆک

سنە. زاهێد مەجیدی

شاڵگەردنێکی کاموایی بە دەور دەم و چاو و ملی ئاڵاندبوو. ساردی کەش و هەوا لە تاقەتدا نەبوو. چەکی نالەبار و قورس و قۆڵی ژ ـ ٣بە شانیەوە بوو. تاو نە تاوێک، دەسکێشەکانی دەرئەهێنا و دەسە ڕچیاوەکانی ئەگرت بە بەر دەمیەوە و بە هاڵاوی هەناسەی، گەرمیانی ئەکردەوە؛ هەڵبەت سمێڵە چەنگیزیە کوڵکراوەکەی و مژۆڵەکانی، توێیەکی ناسکی سەهۆڵ بە سەریانەوە توێکی بەستبوو، ئەوانیشی ئەسریەوە و لە بەر خۆیەوە ئەیبۆڵاند:" دەک بە قوڕڕم گرت لەم هەوا ساردە! دەی خوا هەڵئەگرێ من بخەنە ئەم شاخ و دۆڵە بەفراویە بۆ سەربازی؟" بیری لە پیاوە پیرەکە ئەکردەوە کە دوێکە چەن کارتۆن چایی بە کۆڵەوە بوو و گۆچانێکیشی بە دەستیەوە؛ زۆر بە سەختی هەنگاوی لە ناو ئەو بەفرە قورس و تەڕە هەڵئەهێنا! کاتێ کە سەرپەلی بنکە ئەمری پێ کرد کە بە تاقیتەنیا بچێ بۆ ئەو شیو و دۆڵەی خوار بنکەکە بۆ بەرگری لە هات و چۆی قاچاخچیەکان، زۆر خۆشحاڵ بوو. بە خۆی بەڵێنی دابوو کە لە هیچ کۆڵبەرێک تەقە نەکات. کاتێ کە لە بەر دەم کابرای پیر، وەک دار چنار، قیت و قنج، حازر ببوو، دەستی بردبوو بۆ گیرفانی و ئەسکەناسێکی هەزار تمەنی دەرهێنابوو و ڕوو بە ئەم گرتبووی و وتبووی:

هاا باوکەکەم! هەر ئەوە شک ئەبەم!

ـ : بیخە گیرفانت، باوکە گیان! ئەوە چ کارێکە تۆ ئەیکەیت؟ کێ داوەی پووڵی لێت کردە؟"

ـ : ئەی خوات لێ ڕازی بێ! عەمر درێژ بی،ڕۆڵەی گیان.

لە پاش شانزە مانگ سەربازی لە پارێزگای کوردستان، زمانی کوردی فێر ببوو. هەستی ئەکرد کە لە زمانی گیلەکی خۆیان، زۆر نزیکە.

دووایی کە هاتبووەوە بۆ بنکە و چبووە ژوورەکەیانەوە، بیووک (هاو ئوتاقیەکەی)، پچاندبووی بە گوێیدا:" وەک شتێ ئەمڕۆیش تەقەت لە کەس نەکرد، ترسنۆک! " و... ڕۆییشتبووە دەرەوە! تومەز لە شوێنێکەوە، ئاگای لەم بووە کە پیرەپیاوەکەی ڕەد کردووە.

ئەڵبەت خۆی نەیئەزانی لە چی ئەترسێ!... دەی ئەو بێڕوحمە لە کوێ ئەیزانی؟

"هەی ڕووی ئەوە ڕەش بێ وا گۆجی کردی، ناجسنەی لاعینە! " لە بەر خۆیەوە بە سەر بادان، ئەمەی وتبوو و پاش دەرهاوردنی کاپشێن و کلاوەکەی، لە سەر تەختەکەی ڕاکشابوو و هەتا کاتی نانی نیوەڕۆ، واق و وڕ، بە گازێنەی پشتدا پاڵ کەوتبوو و... وەختەو مێشکی بتەقێ لە خەم و خەفەتی ئەو هەژارانە کە بەو تۆف و سەرما، بۆ بژێوی ژیانیان، لەو کوێستانە، بە کۆڵەبارێکی قورس و ناپارەوە، هات و چۆیان ئەکرد و لە ئەنجامیشدا کەسێکیتر پارە "لە بار"ەکەی وە دەس ئەکەوت. ئەو بێڕوحمە عادەتی وا بوو کە بۆ هەر کۆڵبەرێک ـ کە بە تاقی تەنیا ئەهات ـ تەنیا یەک فیشەک خەسار بکات؛ ئەگەر نەیپێکاندایەت، بۆی ئەچووە پێشەوە و بە زەبر و زۆری قۆناغە چەک، بە دەم هەڕەشە و جنێودانەوە، کابرای بە ناو ئەو بەفرە، سەر ئەخست بۆ ناو بنکە. هەرچی ئامۆژگاری ئەو نەگبەتەی ئەکرد، حیچ کاریگەرییەکی نەبوو؛

ئەتوت یاسین بە گوێی کەر ئەخوێنێت.

چەن ڕۆژێک تێپەڕ بوو. مانگی ڕێبەندان بوو. سەر پەلی بنکەکە، بیووکی هەناردبوو بۆ چاودێری کوێرە ڕێگەکەی خوارەوە. ئەمیش کێشکچی لای ژوورەوە بوو. نزیک نیوەڕۆ بوو. تیشکی خۆر کە ئەیدا لە بەفرەکە، هەڵئەگەڕایەوە و هەموو شوێنێکی زۆر ڕۆشنتر لە کاتی هەور، پیشان ئەدا و دیمەنێکی جوانی پێکهێنابوو، گەرچی چاوی ئەخستە زەحمەت. بێدەنگی دەستی داگرتبوو بە سەر ئەو کوێستانە سارد و سپیەدا؛ تەنانەت پەلەوەرێکیش بە ئاسمانەوە نەبوو.

بە دەنگی تەقەی فیشەکێک، ئەو دیمەنە لە بەر چاوی ئاڵۆز بوو. زانی کە بیووک، کرمی خۆی ڕشتووە! دڵەوریزەیەکی ناغاری تووش بوو؛ پاش چەن خولەکێک، دەنگی بۆڵە و جنێودانێکی شپرز و شێواو هاتە گوێی. وردە وردە دەنگەکە نزیکتر ئەبووەوە و. .. زوڵاڵتریش، وەک دیمەنی چۆمێک پاش بارانی زۆر، کە هەرچی کات تێپەڕ ئەبێ، ئاوی چۆمەکە زوڵاڵتر ئەبێ. خۆی پێنەگیرا و هات بەرەو خوار. بیووک زەلامێکی دابووە بەر قۆناغەتفەنگ و هانیئەدا بەرەو بنکەکە؛ کابرایش دوو کارتۆنی گەورەی بە سەر پشتەوە بوو و بە ئەستەم هەنگاوی هەڵئەبڕی. بە مێشکیدا هات:" دەی کابرای تەماحکار! مەجبووری ئەم هەمووە بە جارێ هەڵبگری؟" کابرای کۆڵبەر تەواو پشتی کۆمەوە کردبوو و جارجاریش ئەژنۆی ئەچەقاندە ناو بەفرەکە و وچانێکی ئەگرت، ئاگای لێ بوو کە بە نقەنق وتی:" خوا هەڵینەگرێ لێت! ئاخر ئەو هێسترە بەستەزمانەت بۆچی کوشت؟ ئەمانەتی بوو!"

بیووکیش بە توندی وەڵامی دایەوە: من فیشەکم لە خۆت هاویشت؛ شوکری خوا بکە نەتپێکا، پیرەی داڕزیوە!"

"من دانەڕزاوم ؛ بەڵام تۆیش پیر ئەبی و. ..!" تومەز ئەم زەلامە، هەر پیاوە پیرەکەی ئەو ڕۆژە بوو کە وەڵامی ئەو لاعینەی دایەوە.



ئاردیتا جاترو



لە یۆنانییەوە: ئومێد قەرەنی هەولێر

## دوایین ستران

ئانا،
ئاگات لێمبێ
بە پەنجە باریکەکانت پرچم دابێنە
گۆرانیەکم بۆ ئافراندووی.
وەرە بمشۆرە بۆ دواییجار
لێمخۆشبە خۆشەویستم
وەک چۆن لە باوبۆران خۆشدەبی
کە بێ مەرام گەڵایان دەخەنە سنگی زەوی
لە ناو  چەکمەجەکە پەڕەی نۆتەیەک هەیە،
بیکەرەوە بە هێواشی سترانەکە بێژە.
وەک دانپێدانانێکی پاک لێمی وەرگرە
پاشان پێم بێژە ئەگەر شتێکی
مابوو بۆ تەواو بوون

ئانا،
لەسەر مێزەکە سێوێک هەیە
چاوەڕێی پاککردنە،
خۆت پاکیبکەرەوە!
لەنێو گوڵدانەکە
گوڵێک هەیە تێنووی دڵۆپێک ئاوە
خۆت ئاوی بدە
ئەو شاڵە سپیەی کە بۆ دوو زستانە ناپۆشرێ
تۆ بیپۆشە
ئەزیزم، ئەمێستا پەنجەرەکە بکەرەوە
دەبا لەززەت  لە ئاوازی دارستان ببەی
کە چۆن لەم وەرزەدا رووت دەبێتەوە.

ئای لە سەرمدا چ بێدەنگیەک زاڵە.
هەست بە لەرزین و تامەزرۆیی هەوادەکەیت؟
ئەوە رۆحی پیرۆزە.
لە رووخسارتدا وێنەی ئەو دەبینم
ئەمن بەبێ تۆ ونبووم ئانا
کوێرێکی سەرلێشێواو،
کەڕ و سەمەرەم.
ئانا،
سەگەکە لە حەوشە دەگری
هەست بە کۆچی رۆح دەکا،
بەڵام چی لەو دیو دارستانەوەیە؟
ئانا...

## ونبوونی منداڵێ

منداڵێ ونبووە
ساڵی " "١٩٧٢لەدایکبووە
تەمەنی چل و پێنج ساڵە
لەڕۆژی پێنج شەممەدا،
کات: دیارنیە.
بە قژێکی ئاڵ و واڵاوە تا شانەکانی،
باڵای مەترێک و حەفتایە.
دەمی ونبوونی پاڵتۆیەکی سووری
دووگمە دارینی لەبەردابوو
پاپوچێکی سپی،
ڕەنگی جانتاکەی بێجیە.
تکایە،
هەر کەسێک دۆزییەوە
بیبا بۆ مەیدانی یاری
لەلای شەقامی ئێلباسان،
تەنیشت کۆنە کارگەکەی قوماش
دایکی لەوێ چاوەڕێی دەکا.

واژوو: ئەمە تکایەکە
بۆ دۆزینەوەی منداڵێک
کە بۆ هەتا هەتایە ونبووە.

## پێڵاوی پاژنەبەرز

ئیدی پێڵاوی پاژنە بەرز لەپێ ناکەم.
بە کچەکەمم گوت، بۆ خۆت بیانبە.
پێم گوت، هەست بە ئازاری جوانی بکە
کاتێک دەڕۆیت کەمێک ژاوەژاو دروستبکە
چونکە ڕۆژێ دێ چیتر تۆش ئەوانەت ناوێ
ئەو ڕۆژەی کە تێدەگەی لە نێو زگی زەویدا
ئێمە بە پێی پەتیەوە هاتن و چوون دەکەین.

((باڵکێشە شیعرەکانت بە زمانێکی دیکە جیا لە زمانی زگماکیت ببینیت هەستێکە نابێت بەوشە و نایەتە زوان، بەکوردی کردنیشیان بەهایەکە لەکنم هاوتای نییە.
ئومێد، من بە زمانی ئەلبانیایی دەنووسم لەگەڵ ئەوەش خۆم شیعرەکانم وەردەگێڕم بۆ یۆنانی سی و سێ ساڵە لە یۆنان دەژیم و پیربووم لێرە، ئاخر چیرۆکی مرۆڤەکان کتێب گەلێکن کە بەبێدەنگی دەنوسرێنەوە. لە هەموو ئەمانە جوانتر لەبۆم ئەوەیە کە تۆ ئەم کارە لە پێناو خودی شیعر دەکەیت.))

ئاردیتا جاترو یەکێکە لە شاعیرە هاوچەرخ و نایابەکانی ئەلبانیا چوار کۆمەڵە شیعر و رۆمانێکی هەیە، ساڵی ٢٠١٧ کۆمەڵە شیعریەکەی بەناوی "٦٦ کیلۆ تەنیای" لە وەشانخانەی "ترانسێدەنت زیرۆ" لە ئەمەریکا چاپ و بڵاوکرایەوە شیعرەکانی ئاردیتا بەردەوام لەبڵاوکراوە ئەدەبیە نێودەوڵەتیەکان و ئەنتۆلۆژیایی شیعری جیهانیدا بڵاودەکرێنەوە، لە ساڵی ١٩٩٠ تا بە ئێستا لە (یۆنان_ساڵۆنیکی) دەژی

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا



# حوجرە

سنە. هیمن عارفی

مێژو شاهیدە وە خەڵک دیویتی و دەبینی کە حوجرەکانی کوردوشتان بە درێژایی چەند سەدە هەر وەکو فێرگەی دین وە سەرنگەری پارێزگاری لە ئایین بوو کە بەنەرخ ترین وە باشترین دەست کەوتی ژیانی مرۆڤەکانە هەر ئاواش جێداری قوتابخانە و زانکۆ و تاقە سەرچاوەی زانست و زانیاری وە مکۆی پەروەردە کردن و بارهێنانی زانایان و ڕوناک بیرانی وڵات بون ڕۆڵەکانی حوجرە تەنیا و تانیا پاراستن و گەشە پێدانی ئایینیان بە پیشە و ئەرکی خۆیان نەزانیوە بەڵکو لە هەمو بوارو بارێکەوە ئەگەر لە دەستیان هاتبێ و ڕێگەیان لێ نەگیرابێ خزمەتیان بە خەڵک کردوە.

ئاستی زانستیان لە باری کۆمەڵایەتی سیاسی، ئابووری، وە لەش ساغیەوە، بردونە سەرێ کێشە و دو بەرەکی و نێوان ناخۆشیان لەنێو هەڵگرتونوە ئاوی ئاشتیان بو بە ئاوری شەر داکردوو بەرەو یەکێتی وە یێک ڕێزی هانیان داون، بۆیان لە قازانجی پێکەوە بون و ژیانی لێکەوە بون دوژمنیان پێ ناساندون وە بۆ دژایەتی کردنیان هانیان داون بۆخۆشیان لەو ڕێیانەدا پێشەنگ بون و ڕچەیان بۆ شکاندون و تەمی ترسو نابەڵەدیان لەسەر ڕێگا ڕواندون.

خوێندن کاران و دەرچوانی زانکۆی حوجرە بناغە دارێژەر و پێک هێنەر و درێژە دەری مێژووی ئەدەبی و سیاسی وەک دوپاسەی هەرە گرنگی بون وە مانو قەوارەی هەر نەتەوەیێک بون وە لەو ڕێش دا هەمو شتێکیان تا دەگاتە دەرکران و گیران و بەخشینی گیان لەخۆ گرتوە.

ڕێبەران، شورش گێران، نوسەران،شاعیران............ هەمویان دا نیو سەدە لەمەوبەر هەر لە حوجرە سەریان هەڵ داوە و بۆ بە جێگەیاندنی ئەرکی سەرشانیشیان هەمو ڕەنجو ئازارێکیان لە خۆیان گرتوە زۆرێک لە حۆشی و مافی خۆیان وەڵا ناوە.

جا ئەگەر ئەم پەراوە سەر لەبەر بخوێنینەوە و لێی ورد بینەوە دەبینی کە ئەو ڕێگایە چەند زەحمەتو کوێرە وەری و کەندو کلۆی لە نێو دایە بەو حاڵەش ڕێبوارەکانی شۆڕەسوارە چاو نەترسو بوێر بەرەکارەکانی بۆ خەڵکی خۆ چییان کردوە بۆ سەلماندنی داواشم ژێ نامەی پڕ لە شانازی شاعیرو نوسەرانی ڕابردومان هەروەها مێژوی سیاسی و ئەدەبی گەلەکەمان، بە پاڵپشت و شاهید دەگرم.

ئەگەر کەمێک لە ژێواری ناڵەباری ئر لە تەنگو چەڵەمەی فەقێیان بکۆلینەوە و سرنجێک بدەینە جێگا و ڕێگا و چۆنیەتی بەرێ چونی وان لە کوردوستان دا بۆمان دەردەکەوێ کە ژیانیان گەلێگ تاڵەو وە تێکەڵە دەگەڵ خەمو خەفەت و چەرمە سەری و بێ بەشی و ڕۆژ ڕەشی بە تایبەت کەسێک نانێکی دەگەڵ لەت کردبن وە لە نزیکەوە بیاناسێ یان بۆ ماوەیێکی فەقێ بوبێ وادەزانێ کە هەر چی کوسپ و ئێش و ژانە لە خەڵک نەبان و لەوان مێوانە حوجرە سەرچاوەی عیلمو عیرفانە بەتایبەت لە وڵاتی کوردۆستان پڕ ڕەنگە.

گەورەترین زانایانی جیهانی ئیسلام لە حوجرە لە تەواوی علوم و فنون سەریان دەر هێناوە بەتایبەت لە عیلمەکانی کەلام، فقە، اسوول، تەفسیر، حەدیس، فەلەکیات، مەعان ،بەیان، بەدیع، سەرف، نەحو، کەلام، مەنتق و......بەکارهێناوەو دەبەن. هیچ یەک لە زانکۆکانی ئیسلام هەم تەرازی حوجرە نەبونە وە ناشبن..

لە چوارچێوەی حوجرە زانایان، ئەدیبان، شاعیران، حاکمانێکی زۆر بناغەی ئەخلاقیان لەوێ داندراوە وەکو ئیمام فەخرەدینی ڕازی، سوبوکی، ئیمامی نەوەوی، قەبی عەیاز، بەدیعو زەمان، شێخ سەعید نەورسی، و...... و شاعیرانی وەکو مامۆستا مەحوی، نالی، ناری، قەنیع، وفائی، بێکەس، مۆلەوی کورد و.....و شافعی کورد ئوستاد عەبدولکەریم مودەریس . ئەوانە بەشێک لەو کەسە پڕ عیلمانە بونە کە حوجرە نوقم کەری عیلمی وان بوە و کتێبانێکی زۆر لە عیلمەکان و فەنەکانی ئیسلامی دا هەبوە

| | |
|---|---|
| سەرێ بۆ خزمەت عیلم و شەریعەت | ئەگەر نەیکەم بە پێ لاچێ لەسەرما |
| سەرو ماڵم فیدای ئەهلی شەریعەت | کە عامیل بێ لە عەین و لام و میما |



## هێمای هیوا

بانە فەرزانە ساڵەحی

ئەمشەو هەموو هەستەکانم بۆنی وەنەوشەجاڕی بسکی تۆیە
من لە چاوەڕوانی تیشکی نیگات تەژی ئەوین و خۆشەویستیم
ئەی نازانی ساڵانێکە پەنجێرەی ژوورەکەم نەزری چاوی تۆ کردووە
ئەستێرەی چاوانی تۆ
چرای ڕوونی ژیانی منە
وەرە بە کانیاوی سەوزی ڕۆحت
جەستەی شەختەلێدراوم زیندوو وەکە
ئەمشەو شێعری هەستەکانم
ئاوێتەی گوڵجاڕی بیر و خەیاڵی تۆیە. ..



شنۆ. عێرفان مەرزەنگ"ڕەشەبا"

ڕەنگە مردن مەودا نەدا وەکوو شیعرێک
بتهێنمەوە
یان وەک پەرتوکی ئازادی لە زیندانا
بتخوێنمەوە
سەر هەڵدەگرم وەک نامۆیەک
لە بێ نازیان ئاوارە بوو
ئەو کەسەی لە ڕابردوو دا
تاکە کەسی ئەو شارە بوو
سەرم گێژە، ئەژنۆم فیزاو
چاوم سوورە،دڵم خوێناو
خۆ من وا لێقەوماو نەبووم
ئێستا بوومە بە سەرەڕۆ
هەر ئاوڕ لە دواوە دەدەم
دەنگێک نایە بڵێ مەڕۆ
خۆ من هەرچێک بووم ئازیزم
بۆ ئەوینی تۆ گۆڕاندم
لە یاریگای دڵداریدا
تۆ یاریت کرد من دۆڕاندم

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

## پێزانین



بۆکان. ئاوایی عەنبار" نامۆعەنبار"

لەتێکی نان، لەبیر ناچێ گەماڵــێ
کەچی سەد جار دەریشی کەی لە ماڵــێ

مرۆڤی پێ نەزان و سپڵە پیاوان
هەموو ژیانی بەجێ بێنی بەچاوان

کە پێش هات جارێکی جوابت نەداوە
هەموو چاکەت ئەدا ئەمجار بە ئاوە

لە ئاستت دوژمنە و خەنجەر بە دەستی
مرۆڤە سپڵەیە و ئــاکــاری پــەستــی

چلۆن ماچی نەکەم پەنجەی سەگی زەرد
کە چی لێم دا  دەیان جاریش کلۆ و بەرد

لەتێک نانی مناڵــی هەر لە بیــرە
لەجاران چاتریش ئــارام و ژیرە



جوانرۆ. فەلاحی وەیسی

ئای چەن دڵتەنگی تۆم
لە ڕادەی پەشێویم
هەر مەپرسە...
خۆزگەم
چەمەڕایی تەواو ئەبوو...
وێنەکەت ئەهاتە قسە!

**

شەتڵی لە چەن وشەت
بچێننە زاری
سەرکردەکانی ئەم دونیا
تا ئاشتی و تەبایی بدوێ...
قەڵەمەیە لە هەناری لێوت
لە شەڕەنگێزترین
شوێنی ئەم خاکە بنێژن
ماچ و ئازادی ئەڕوێ...

## نوێژی عه شق



سلێمانی. پەری قەرەداغی

ئەگەر نوێژی عــەشــق بــکرێت
مـن نوێژی عەشقت بۆ ئەکەم
بـا سـنـگـت بـەردە نوێژم بێـت
لەوێ زیکری تۆ ئەکەم
دەست نوێژ دەگرم بە شەرابی
کامــەرانــی  ســەر مێزە کە ت
لە هەموو چــرکــە ســاتێــکدا
دڵم سفت و سۆ ئەکەم
بە ڕۆژ سـوجـدەت بـۆ دەهێـنم
بەشەویش خەتمی عە شقی تۆ
هــەزار شیــعــری  ئاڵــوو واڵا
بــۆ بـاڵای تــۆ  کۆ ئەکەم
هــەمــوو شــەوێکم یــە ڵــدایە
من هەر شین و ڕۆ ڕۆئەکەم
یەک چرکە لــە من دوور بی
بۆلات هاتو چۆ ئەکەم
تەمەن گەرکو وەفای بێت
بەهاری ژین نەتۆرێ لێم
شــۆرش بــۆ  ئازادی وعــەشــق
وەک گوڵ تان و پۆ ئەکەم

## تۆ



سەقز. بەفراو

نەدەتوانم  بتکەم بە شێعرو
نەدەشتوانم
بت ڕەوێنمەوە لە بیلبیەی چاوانم
وەک بەختەبارانی وەرزی
لێت دام و لێم دایت
بێ ئەوەی بهێڵێ
سەوزەت لێ کە وێتەوە
لاولاویتوو دەئاڵێتە چناری هەستم و گوڵیش نادەی
دووڕیانێکی ئەستەمە
دەچم ڕێگە بەسراوەو ناشچم هەر وەکی تر
سەیرە خۆشمت ئەوێ و خۆشتم ئەوێ
بەڵام دەترسین
لەدووگیان بوونی ئەشق
لەهاتنی کورپەی حەز
ئاخ لەم هەورەچڵکنە
لەم شەختە ناوەختەی زەمەن
کەکوانووی ئەوینی سڕ کردوە
لەبێ بڕواییدا
لێو هەر تامەزرۆی ماچەو
ماچ دیلی گومانم و
ئەوین دیلی درۆ



# سەردەمی منالی ولاویم

بۆکان. عەلی حەقیقی

بۆکان (سەردەمی منالی ولاویم)! دەلێم ون نەبن بەشێک لەلاوەکان لەحاڵ ورۆژی ئەوکاتی ئێمە تێبگەن؛؛؛؛
نمونەیەکی چووک لەباسی ناخاوێنی یان (نەبوونی بێهداشت)

لەحەمام تیانم لەبیرە حەوزێکی قووڵ بوو ئاوی گەرمی تیابوو لە دوای حەمام خۆیان لە وحەوزە هەڵدە کێشا کە مەعدەن وکانگای پیسایی بوو کەتێ نەدەگەیشتین و نەمان دەزانی! ئەوکات بۆیە نەخۆشی پێستی وکەچەڵی حەشری دەگێرا ؛؛نەفەرێک گێرابوویەوە گوتبوی ماوەیەکی زۆر قەبز بووم و دا و دەرمانی پروپیرێژنان ( کە ئەوکات دوکتور کەم بوون وخەڵک بروای پێیان نەبوو:: )ئیفاقەی نەدەکرد وعیلاجم نەدەکرا تا کوو رۆژێکی چومە حەمام و لە ڕێوە چومە ناو تیانەکەوە!کەمێک کە گەرم داهاتم و تیا خووسام و مامەوە!!هە ستم کرد کاری پێشاوم دێت!دوای چەند رۆژان تەواو دڵم کراوە وخۆش بووا! فکرم کردەوە گوتم هەڵە!ئەڵان وەختێتی! هە ر بچمە دەرێ لە بیرم دەچێتەوە و وەکە خۆم لێدێتەوە و کوڵەوار دەبم!هەرلە تیانەکە دا بەرم بۆ شل کردقوربان ساقێکم دانا بەقەرا سینگێک (سینگ بۆبەستنەوەی ولاغ لەدەشت وسەحرا و حەوشە لە عەرزی دایان دەکوتا؛؛ دارێکی ئەستوری نوک تیژبوو)وشک وبرینگ ویستم دورکەومەوە تەماشام کرد ئە وسەگباب خێوە ئەوە دوام دەکەوێ بە شوێنی ئاوە کەدا دەهات! بۆ وەی ئابروم نەچێ ناعیلاج پرم دایە و هەڵم پریواند!بەڵام ئەمرۆکە بەقەولێک لەخوا بەزیادبێت هەرماڵ حەمامی خۆی تێدایە وجاری وایە جەکوزیش هالەبان!

**کاک( ؛؛؛؛؛؛؛) زیبل(بۆزبڵ رشتن)**

دەستشویی وڵاتی خۆمان سالان سی چل ساڵ لەمەوبەر کە لولەکشی وفازلاب دەرکردن بەکانال لەگۆڕێ دانە بوو چاڵێکیان لە دیوێک وەک موستەراح هەڵ دەقەند لەو چاڵە ڕا بە لێدانی ڕەهە ندێک(کون ئاودیودەکرا) بۆ چاڵێکی دیکە کە لە دیوی دەرەوەی ئەوچاڵە بو (ولەبن ئەوی لە ژورێ بو؛)

کەچاڵی ژورێ پردەبوو لە ڕێگەی ئەو ڕەهە ندەدەڕژا نێوچاڵەکەی دەرێ چاڵی دەرێش سەری چاک دادەپۆشرا کە بۆنی نەیا و منالی تێ نەکەون دەیجا چاڵی دەرێش پردەبوو چارە چییە؟کاک(؛؛؛؛؛؛؛)دەهات وئەو پیسایییەی دەرەوەی بە فەرغون دەبردە پشت دوخانیاتی ئەڵان وعەجەمیش دەیانبرد بۆ باغ و باغاتی خۆیان!

ساڵێکی خۆم دیتم ؛ خەبەرنیگار لە میاند؛؛؛؛؛؛؛؛ لە ؛؛؛؛؛؛ باغدار دەپرسێ ئەو باغەت چۆنە ئاوا بە گەشە و نەشە وچڕ و پر و بە بەرە چی تێ دەکەی ؟! ئەویش ئەڵبەت بە لەهجەی خۆی گوتی:بس......پۆخ

!کاک (؛؛؛؛؛؛؛؛؛)یش(ئەو پۆخەی لە دەرەوە دەرشت)ئەو بەڕێزە یەکە زەحمەت کێشی شارەکەمان بوو ؛داشقەیەکی دەستیشی بوو بۆبردنەوەی بار و کەرەسەی خەڵک بۆشوێنی خۆی کاسبی ئەو ڕەحمەتییە لەکاسبی زۆر کەسان حەڵاڵترە کە دو رۆژە بونە شەداد و زۆر لەو کەسانە پیاوتریش بوو کە بۆ پوڵ و دەست هێنانی ناو و باو لەهیچ کارێکی نە شیاو ناپرینگێنەوە)(کاک ؛؛؛؛؛؛ ڕەحمەتی پیاوێکی دەستە وسەری دەتاشی وله بن لێوەوە بەدەم بزەوە قسەی دەکرد سیغارێکیشی هە میشە بەلێوەوە بوو ئێگجار بە هە ژاری ژیا و کاسبی کەشی ئەوەبو)!هە ژار و نەدار و برسی زۆر بون بەڵام دەنگیان دەر نەدەهات؛وەکوو ئەمرۆ؛؛

کتێبی بیرەوەریەکان

**ڕاوچی**

دوو نەفەر دەچن بۆ ڕاو ێ؛؛ کە هیچیان پێ ناگیرێ لە ڕێیەیەکیان !!!لێ بەر دەبێت؛کە دەچنەوە دێ ؛خەڵکی ئاوایی لێیان دەهاڵێن دەی بابە چتان گرتۆ ؟! کوا بۆ چوو پێ نییە ؟ تا یەکیان دەلێ براڵە بە خوای جگە لە وەی چمان نە گرتۆ ؛ ئەوی پێشمان بوو بەڕە لالمان کرد!

کتێبی. بووومە میلیونیر

**تاڵحە**

لە دێهاتی لای خۆمان ژنەدۆم دەهاتن فاڵی ژنانیان دەگرتەوە و پوڵێکیان لێ دەستاندن جحێڵ و لاویش بۆوە دەست لەدەستیان بخەن دەیان گوت:فاڵی ئێمەش بگرنەوە بزانن ژنمان پێ دێ یان نا ژنە دۆمیش کەدەیان زانی مەنزووریان چییە فاڵیان بۆ دەگرتنە ووییان دەگوتن بلێین لە تاڵحەتان دانییە لە تاڵحەتان دا هەیە بەڵام لە قوون وحونەروو دانییە!!

بومە میلیونێر

**پارو:**

دۆستێکم کە زۆر کزو لاوازە گێرایەوە گوتی: لە ساندویچێک بووم بابۆڵەم بادە دا سەیر قەپیالی وا زل زلم لێدەگرت مەپرسە زۆربرسی بوم بێخەبەر کاک ؛؛؛؛؛؛؛ ئەوە تێم دەفکری و تەماشام دەکا ؛لێم هاتەپێشێ گوتی :تۆ کە پاروی ئاوا زل زل دەگری وقەپالی ئاوا لێ دەدەی ئەدی ئەوملەت بۆوا باریکە!!

بیرەوەری

**کرینی مریشک**

رۆژێکی عەلی خەندان (خودا بیبەخشێت )لەسەرشەقام دەبینن وەک ئەوەی چاوەڕێی کەسێکی بێ لێی دەچنە پێشێ و لێی دەپرسن کا عەلی چۆنە لێرە ڕاوەستاوی دەلێی چاوەڕێی کەسێکی؟! ئەویش لە وەڵام دا دەلێ بەلێ ئەرێ وەڵلا چاوەڕێی کەسێک؛ دۆستێکی دەکەم بێ بە دو قۆلی مریشکێکی بکرین!!؟؟

کتێبی قسە خۆشەکان



## دووڕ لێت

مەهاباد. جەعفەرمەعروف"ژیار"

دوورم لێت و هەوری دەروون چ بارانی دەبارێنێ
دڵی پڕ ئێش و ئازارم خەوی چاوم دەتارێنێ

دوورم لەو چیای سەربەرز و هەواری دڵ ڕفێنەکەم
غەمی دووریت بۆتە پاییز بە سەر لەشم چ ها دێنێ

دوورم لە بزەی لێوانت کە مایەی خەندەی لێوم بوون
کەی بێت دیسان بزەی لێوت بزە بۆ سەر لێوم بێنێ

"بەچی دیارە" کە بێمەوە چاوت ئەستێرەی شەوم بێ
کە دەنگی نەرمی دڵداریت گوێچکەی دڵم بلاوێنێ

ویستم لێرە لەم غوربەتە ژینێکی دی بەدی بێنم
بەڵام دووریت ڕوح و گیان و ئێسکی لەشم دەلەرزێنێ

دوورم لە تۆ هەناسەکەم بەڵام ئێستاش یادەکانت
لە ژوانگەی جاری جارانا دڵی زارم ڕادەژێنێ

بۆیە قەولم داوە بەدڵ ڕۆژێ لە ڕۆژان بێمەوە
هەتا ڕوحی خەستەی دووڕم تۆ لە باوشی وەربێنێ

ئەوکاتەی لە ناو هەوار و زێدی جوانی خۆمم "ژیار"
بەهیچ وڵاتێکی نادەم چۆن ڕێک هەموو دونیا دێنێ



زەڕینەی هەوەتوو. ناسر زامدار

بە زخۆرمەی مشتی بێدادی
زۆر شکاین
کە بەرۆکی حەقێقەت نەدرین
وەک ( گالیلە) لە سەر قاچ یەستاین
مەلۆتکەی مردوویان بگرینە باوەش
بیلاوێن لە بەر دەم خێڵی چاوەش
لە ژێر پەیکەری بێ دەنگی
قاچمان کردە زوان
لە بەر دادگای نازای حەقێقەت
پێنووسیان کرد بە مشار
ڕاستی نەیەتە سەر زار
کورسی عەداڵەتیان چەپاوەنە کرد
بۆ ئێمەکەن هاوار
لە جاڕی قاقڕ بیکەین نەرمەغار
من نەوسن سەر سفرەی ڕاستیم
هەلاوەردەی جەستەی باوەڕە تۆپیەکانم
بۆنی بێدادی ناخمی هەژان
هەزار جار بمدەن لە دار
ئێوە ئازارتان بە کۆڵەکەی تفەنگ
خزانە ناو ماڵە هەژارێک
هەژارێک بێدەنگ
بازنەی نەفرەتی گۆشی
ژەهری بێدادی تک تک ئەهاتە خوار
تەشنەی زامە گەڕەکانی گەڕەستان
ونی کەن لێم
ڕوومەتی جوانی یار
من گالیلەی ئەم سەردەمە
ڕاستییەکان بە زوانم ئەکەم ئێقرار

| | | |
|---|---|---|
| زخۆرمە : سیخۆرمە | یەستاین : وەستاین | چەپەوانە : پێچەوانە |

بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی




## کاریکاتۆر





# کورتە چیرۆک



نووسەر: بێهزاد سەیفی

وەرگێڕ لە فارسییەوە بۆ کوردی: عەبدوڵڵا مۆئەییەدزادە

گوتی: "ئیشتیای بامیەی شیرنی فرۆشی خومایزیم کردووە" مابوومەوە چی بڵێم..!
کیلۆیەک بامیە زولبیای خومایزی شەست تمەن بوو و منیش چارەە تمەنم پارە هەبوو.
سەرەتا گوتم: "خاتوون ئێستا کە شەوە و شیرینی فرۆشی خومایزی داخراوە" سەیری پەنجەرەکەی کرد و کەمێکی ڕۆژ مابوو، دیسانەوە گوتی: "بامیەی خومایزی"!
پێشتر هەموو جۆرە نازێکیم دەکێشا، بەڵام دەبوو ئەو نازەشی بکێشم...
کۆتا ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی، لە زستانێکی سارددا، بە کەمێک پارە لە مەهابادی سەهۆل بەستوو چوومە دەرەوە و بە زمانی ڕۆژوو، گەیشتمە کۆتایی شاپوور لە بەردەم شیرینی فرۆشی خومایزی، بە پارەیەکی کەم و زمانی ڕۆژوو، زوڵبیا و بامیە لە ناوەوەی سندووقی شیرنی و پاکەت لە ناو یەخچاڵەکەدا خۆیان دەنواند،
چوومە ئەودیوی شەقامەکە و لەبەردەم دوکانەکەی ئاغای خەتیبی وەستام، شاپوور بە تەنیا مابۆوە و مەهابادییەکان بە دەس سەرماوە دەیانناڵاند و خۆیان داپۆشی بوو...
چل و شەش تمەنم کەمتر بوو بۆ کیلۆیەک بامیە کە دەمویستم...
خاتوونێک و پیاوێکی بەڕێز لەناو دوکانەکەی ئاغای خەتیبی دا بوون، لەسەر سەکۆیەکی بەستوو دانیشتم، هەر کەس لە شیرنی خانەکە دەهاتە دەر پاکەتێک بامیە و زلوبیای پێبوو و پەلەیەک بە ڕوخساریەوە دیار بوو...
ئۆتۆمبێلێکی بار هەڵگر لە جۆری وانێت بار لەبەردەم دوکانەکەدا وەستا، شۆفێرەکە بەپەلە هاتە ناو دوکانەکەی ئاغای خەتیبی، دوای دوو سێ خولەک هاتە دەرەوە، بەلای مندا تێپەڕی، وتی کاکە حەمباڵی دەکەی؟!
هێندە دڵخۆش بووم وەک ئەوە وابوو نیوەی مەهاباد بە ناوی منەوە ناونرابێت، بە پێکەنینەوە هەستام و چوومە ناو دووکانەکە، ئەو کەلوپەلانەمان بارکرد کە خاتوونەکە و ئەو پیاوە بەڕێزە کڕیبوویان، بە هاوکاری شۆفێرەکە بارمان کردن و خاتوون و پیاوەکەی لە تەنیشت شۆفێرەکە دانیشتن و منیش لە پشتی وانێتەکەدا دانیشتم....
وانێتەکە چووە ناو یەکێک لە کۆڵانەکانی وەفایی و لەبەردەم خانوویەکی پۆشتە و پەرداخ دا وەستا، شۆفێرەکە بەپەلە بوو تا بگاتەوە ئیفتاری، هەموو شتەکانمان لەبەردەم ماڵەکەدا دانا.
بانگەوازی نوێژ لەو کۆڵانەیەدا دەنگی داوە و دڵم شکا چونکە درەنگ دەبوو و نەمدەتوانی بگەمە شیرینی فرۆشی خومایزی، هێواش هێواش شتەکانم بردە ژوورەوە، بانگەکە کۆتایی هات و هێشتا شتەکان مابوون بیبەینە ژوورەوە، لەناکاو هەر ئەو پیاوە بەڕێزە پێی گوتم کە یارمەتیان بدەم لە دانانی کەلوپەلەکان، نوێژی تەراویح لە بڵندگۆی مزگەوتەوە دەهات، منیش دوای ئارەقە کردنێکی زۆر کارەکەم تەواو کردبوو، کە خاتوونەکە بە میهرەبانییەوە گوتی: "کاکە شام لە خزمەتت داین...". و پێش ئەوەی بمەوێت بڵێم بە پەلەم، مەجوحمەیەک خواردن دەگەڵ کەنەدا هاتبووە بەر دەمم، سەری قاپەکەم هەڵێنا، دوو سیخ کەباب لەگەڵ تەماتەیەکی خۆش و برنج، خۆشەویستەکەمم بیر هاتەوە...
هەستام و گوتم ئەگەر بتوانم خواردنەکەم دەبەمەوە ماڵەوە هەر ئەو پیاوە بەڕێزە بە پێکەنینەوە هاتە تەنیشتم و لەو سەرمایەدا پەنجا تمەنێک و بیست تمەنێکی خستە ناو لەپی دەستمەوە، تەنیا لە وەفاییەوە ڕامکرد بۆ لای شیرینی فرۆشی خومایزی بە چێشت و شووشەی نووشابە،
درەنگ گەیشتم، وەک چۆن هەمیشە درەنگ دەگەمێ!
شیرینی فرۆشی داخرا و شاپووری مەهاباد چۆڵ بوو...
زۆر درەنگ بوو کە گەیشتمە ماڵەوە...
خۆشەویستەکەم لە تەنیشت کوورە نەوتیکە خەوتبوو، نەمهەویست لە خەو هەڵیستێنم، بۆیە خواردنەکەم لە تەنیشتی و هەشتا و چوار تمەن پارەکەشم لە تەنیشت خواردنەکە دانا...
دانیشتم تا دەنگی نوێژی بەیانی بەدەوری ماڵەکەدا دەنگی دایەوە و لە خەو هەڵسا.
لە بەیانیدا لە کۆتا ڕۆژی مانگی ڕەمەزاندا
خۆشەویستەکەم کەبابی خوارد و منیش بە شەرمەوە گوتم" :نەگەیشتم بە بامیەی شیرینی فرۆشی خومایزی...."
لەو ساڵانەدا شیرینی فرۆشی خومایزی تەنیا لە مانگی ڕەمەزاندا بامیەی هەبووە.
ساڵی دواتر، خۆشەویستەکەم نەما...
لە ناوەڕاستی شەڕ و پێکدادانەکانی شاری مەهاباد، فیشەکی ترسنۆکێک لە تەنیشت پردی یەرغوو، خۆشەویستەکەمی لەگەڵ خۆیا برد.
وە من هێشتا بامیە و زلووبیام نەخواردووە و خۆشەویستەکەم لە بیر نەکردووە...
نەفرەت لە فیشەک...





# حەسەن زیرەکی نەمر

سەقز. عەلی غەفووری دارساوێن

بۆحەسەن زیرەک: حەسەن زیرەک ئێستاکەعەسری بیستەمە. وێنەی دەنگت نەبیسراوەحەستەمە. لەسەدەی بیست لایداوەبیست. تەنیا نمرەی هونەری تۆیەبست. لەپێش تۆداکەس لەدایک نەبووە. هەتائێستاش نەبێنراوەو نەبووە. زۆرکەس هەوڵیدا وەک تۆبێ. نمرەی دەنگ خۆشی بان نۆبێ. لەتاریفت هونەرمەندان کوڵ وکولن. خۆشترین دەنگ قەناری وبولبولن. بەهەموو خزم و خۆیی وبیانی. زولاڵی دەنگت نەکرا بەیانی. دەنگت سێحراوی و بەسۆزە. ئاشنای گشت ڕەگەزو هۆزە. هونەرت لەچین وماچین دەرچو. نەبولەدنیا وێنەی دەنگی ساڤت. کەتۆمارەلەکۆمپانیای( مایکرۆساڤت). ئاخرئاوازخوێنانی بەناوبانگ. بۆبارهێنانی حەنجەرەو دەنگ. دەبێ تیپی مۆسیقای ویژە. ئەبێ هەبێ بۆ ئەوگۆرانی بێژە. تارێگەخۆش و ڕازاوەبێ. حەنجەرەی پەنجەرەی کراوەبێ. تائامادەبێ بۆهەرسازێ. هەڵی بنێ بۆهەر ئاوازێ. بەتارو دوتارو سێتار. بەس نتوروماهوروگیتار. بەدەف ودەهۆل دووزلە. بەدمبەک و دایرەوتەمبورە. پیانۆ چەنگ ورۆباب وساکسیفۆن. بەگزنفۆن و باسۆن و ویبرافۆن. بەسنج و بانجۆ و باغلەبان. بەفلووت وشمشاڵی کاکی شوان. بەقانون و کەمانچەو زوورنا. بەزەرب و دیرەی زەنگی سوورنا. بەهەر ئامراز ئامادەکا دەنگی. لیدرێ تائاوازخوان دەربێ دەنگی. بەلام تۆئەی خێوی دەنگی سێحراوی. ئەم سازانەهەر بیستوتەناوی. سازو سەنتوری تۆ سروشتە. دەنگی خواپێداوی لای بەهەشتە. بەشی خواپێداوی نهێنیە. هونەری خوا پێداو بۆ هەموکەس نیە. تەنانەت مرۆڤ بێ ئاگایە. لەوکاتەوا ئەونێعمەتەی پێ عەتایە. دەنگی خۆش و خەتی خۆش و قسەزانی. وەهبیەکەسبی نیەئەزانی؟. چەنها ئاوازت بێ سازو سەنتور. نەتبو ژەنیاری ماهورو شوور. دەشتی موکوریان لێرەوارو نزار. زەردوبەردوچیاو گەلای دار. نەتبو ئورکێسترو گرۆی مۆسیقار. هەر بوت خورەی ئاوو جوانی بەهار. قاسپەی کەوو جوانی کەژوچاوی یار. هاندەرت بوون بچریکێنی وەک کەویار. چیای چەتون دەشتی بێرون شارەوشار. هەر شەو میوانی کوردێکی هەژار. من نازانم چین ئەبوعەتاو سێگا. هێندەدەزانم ناڵەشکێنەتەبارەگ. تۆپێش ئەوەسازلێبدرێ. تاری سەوتیت ئامادەک ڕێ. خوێندت کراس ڕەشێ خۆداپۆشێ. ئارامی گیان ناز دەفرۆشێ. کرماشان شاری شیرینم. شاری گەورەی کورد نشینم. ئەممان دکتۆر من بیمارم. خێراوەرەبیکەچارم. خاڵۆرێبوار هەوری لارت. بەندی هۆکاکی جووتیارت. مریم ئامان مریم بۆکانی. کیژێ مەرۆ جوانی جوانی. چارۆکێ و چارۆکێ. ئەوا هات بەتاوی مێندۆکێ. وەک قومری سەر باڵم شینە. دەچریکێنم بەوهاوینە. نازانم لەکێ پرسم. بۆچ من لەدنیا بێ کەسم. نامدوێنی بۆچ نامدوێنی. تۆئاسکی دەشتی بیتوێنی. بەرهەڵبێنەو بەر هەڵبێنە. لیدەژەنیار دامەینە. کوێستانان خاڵخاڵ. بۆنامدوێنی کیژێ چاوکاڵ. چەن خۆشەشاری سەردەشت. لەگەڵ یاران بچی بۆگەشت. لەبەغدا دەڵێم گۆرانی. پێم دەڵێن کاکی ئێرانی. ئەم شەو شەو پاییزە. ئازیزان دڵیان بۆ زیزە. ساڵی تازەیەنەو ڕۆژە. جێژنێکی کۆنی پیرۆزە. غمی دردل دارم اگرگویم جهان سوزد. گر پنهان کنم پوست تامغز استخوان سوزد. کیژان دەچنەمێرگولان. بەفر گرتی کوچەوکوڵان. خانباجی گوڵم خانباجی. هەم داری سەروی هەم کاجی. لەسەر پردێ گرتیان سەنگەر دەستەی نیزامی خۆڵ بەسەر. ئامینەو ئامین ئامینەشووشە. دڵم مەشکێنەئەو ڕۆ مەغشووشە. بیریان دەچنەبانەمەرێ. لەمانگی گەلاوێژو پووشپەرێ. هەی ئێران ئێران ئێران. ئێران مەسکەنی شێران. عەمرەکەم و دیدەکەم. لەبەرخۆڤی خوانەبێ ئەتک بەگولەکەت دەکەم. قاسپەقاسپی کەوان دێ لەئێزگەی ڕادوێ تاران. ماچی یارم چەن خۆشەلەسێبەری ئێواران. هۆلەیلی لەیلی لەیلی لەیلی. چاو ئەستێرەی سیوەیلی. لەسلێمانکەندی بەشی موکوریان. ئەو دایکەکوێربێ تۆی خستەگریان. گلەیی دەکەم بەلای خوداوە. دەروازەی مەینەت بۆچ بۆ من کراوە. بۆسەرتۆپی گۆرانی سۆرانی. ئاواشت چڕی وەزوان هەورامی. گوڵی سوور واتش می چوار ڕەنگ داروم. هەر ڕەنگێ بەیارێ مەسپاروم. نەخوێندەواربوی لەکوردەوارە. بەتورکی و فارسی ئاوازت دیارە. دەیان و سەدان ئاوازو بەستە. مەقام و حەیران بەو جەستەخەستە. بەوژیانی پرلەژان وژارە. دات ناوەبۆئەو گەلەهەژارە. شادودڵ خۆشن بەوهەڵ بەستانەت. بەگەنج وپیرت لەکوردستانەت. بەندوگۆرانیت دەوری هەزارە. ئەوی من نووسیم مشت لەخەڵوارە. ئەوەی ناوم برد(نمی از یمی). ساڵی درقرن درساعت دمی. گەنج وپیری ئەم سەردەمە. گۆرانی تۆی لەسەردەمە. هونەرو ئاواز بۆ ڕوح خۆراکە. جەستەو لاشەیەمیوانی خاکە. ئەتۆ نەمردووی(هۆنەر ) نامرێ پێشەو لاشەیەخاک لەخۆی ئەگرێ. تۆمار نەکراوەبەئاوی تەلا. بەلام تۆمارەلەناخی دلا. دڵی ئەو گەلەکەئەمەگ ناسە. قارەمانەتی لەجیهان باسە.

هەتا هەتایە دەنگت نامرێ. مردن بۆزیرەک قەت سەرناگرێ. هونەرت لەچین وماچین دەرچوو. بۆئەورووپاو ڕۆژ ئاواش چوو



میراوێ. شارین

تا دێت ناوت کڕنۆش دەبەم
لەدوای خوام ، ناوت دەبەم
لەخوام دەکەم،نزای راستی
کەدڵت شادبێ،دورلە کاستی
سوجدەی شوکر،بەجێ دێنم
کەوا جارێ ، هەر دەتدوێنم
توچرای ماڵی،خۆشی ژیانی
تامی خۆشی ، گشت خۆشیانی
لەگەڵ تۆدا،دونیام رونە
هەبونی تۆ ، بۆمن بونە
بۆنی خۆشت، دەرمانی دڵە
وەتەی سۆزت، خەرمانی گوڵە
تامی خواردنت،تەقانەیە
لەدونیادا، یەک دانە یە
ڕۆژێ سەدجار،رات دە بوسم
خۆشەویستیت، لێ دەنوسم
کەچی هێشتا،نابم تێرلێت
قوربانی بم، مەکان و جێت
ئاواتی دڵە، مردنم پێشێ
نەک بەکۆچت،دڵم بهێشێ
ڕۆژێ هەزار جار،قوربانی تۆم
تەمن درێژیت،ئاواتی خۆم
دایکی ئازیز،گڵێنەی چاووم
بەبونی تۆ،زیندوو ماووم

## مەشموول



مەهاباد.زریان

بە مەشموولی ئەوین ئیجباری کردم
قوماری دەستی ئیستیعماری کردم
بە مەی لاواندمی و سەرخۆشم ئەمشەو
لە دەردی ئەشق ئەگەر بیماری کردم
دڵم هێشاوی وادەی بێ بەڵێن بوو
بە مۆژگانی سیا تیماری کردم
لە بێ لوتفی مەخابن هەر وەکو خەس
ڕواووی خاکی سەر دیواری کردم
دوانەی چاوی وانەی پێ فرێ دام
لە بەندی ئەلف و بێ ڕزگاری کردم
شەوێکی تا بەیانی مەرحەمەت کرد
بە مارانگازی دوو ڕەشماری کردم
لە تەنیایی ئەگەر ئازادم ئێستێ
گرفتاری پەتی سەرداری کردم
ئەگەر بێگانە بوو جاران بە تەنیا
لە جوملەی ئاشنا ئەغیاری کردم
لە بێ تۆیی هەناسەی نایە "زریان"
بە ئەوکی مۆسیقی هاواری کردم

## بەخشندە بە. ...



هەولێر. رازی دەروێش

چاک ئەزانم لێرە ژیان هەر دەم ڕیتێمێکە
کامێ دەستی لەسەر دادەنێیت خۆی ئاوی تۆواوەی چەمێکە
وەک چیا دەرئەکەوێ، وەک پێشەنگ سەر ئەکەوێ کەچی خـۆی لە نێـو سنوور و پەرچەمێکە
لێرە گەورە و بچووک عەقڵ تا چۆک هەمووی لەسەدای زێیل و بەمێکە
فەهمی بێ بەدی حەیاتی بەسێرەدی کەچی سیمای دەوری شەمێکە
لەخۆم دەست پێبکەم، دەمەوێ ئاوا ڕێ بکەم
کوا ئەمە شیعرە دڵنیابە گلەیی و زەمێکە
دواتر هاودەمی ژینم، پڕ بار تەواوکەری دینم
ئەویش بەرهەمی خۆشەویستی بەرهەمێکە
تۆ کە خاوەن خەزێنە و سامانی، دونیا پێنج و دوو ڕۆژێکە نیە ئامانی
بەخشندە بە، حەقی سەهمی سەمێکە
ئەی عاریف و ئەدیب و ولا، چەتری سێبەری تاوێ ولا
خوسلداری سەر زمانی قۆمێ ئاوی زەم زەمێکە
شەهادە و تەجربە لە پێ دەشتێ دەکەوێ کەخۆی دەبینێ لەبەر ئامێکا
نازانی لێرە کاتییە و دەروا چ بێ سوودە ویستی مەفایە
تەرازانە ڕێژانی لێواری جامێکە
تۆ کە نیتە عەرشی عەرف بۆ خۆ دۆزینەوەت سەد هۆکار دێنێ
ئاسانترینیان گۆزەری ژیان و تامێکە
وەلاهی دەست لەخزمەتکردن هەڵناگرم چونکە چاک ئەزانم
کۆتایم مردن و پۆشینی چەن مەترە خامێکە.

## من...



مەریوان. عوسمان شێرزاد

من..!
شاعیری چەرەگرتووی،
شادەماری تەم و لیلێی نیشتمانم
جگەرە.. لە لێوم نابێتەوە
من ..!
ئاخ هەڵکێشەکەی ڕێگای سەربەستیم
ئاە لە ناخم ناچێتەوە
من..!
ڕێبواری ماندوو نەناسی شەقامی ئازادیم
هەر دەرۆم و،..هەر دەرۆم و...
ئاورِ لە رابردووی تاڵم نادەمەوە
ئەمن ..!
ئەویندارى شەلاڵی پای نیشتمانم،
هەرگیزاو...
هەرگیزاو... هەرگیز!
مافی بەرخوێنی رزگاریم...
لە وەلاتم ناوێتەوە.



## ژیرانەتر بمکوژە

دیواندەرە. ژیلا سەفایی

ژیرانەتر بمکوژە با هەست بە جێگەی پەنجەکانت نەکەن!
یان لە تابلۆیەک بمنێژە و لە دیوارم بدە
یان لە تۆی شێعرێکدا
من نەخشەی قالییەکم،سالانێکە ملم هاوە پەتەوە
تۆ دارەدارە لەگەڵ ڕۆحم دەکەی؟
ژیرانەتر بمکوژە،تاکوو هیچ چیرۆکنووس و شاعیرێک بۆنت پێوە نەکەن..
با نەزانن کەی هاتی بەدوامدا
کاتێک لە ژێر سمێلی پیاوەتیت، قامکەکانت بەسەر وشەبەوشەی جەستەم دەجوولان
من زۆر ترسام
خۆم لە نێو ئەم شێعرەدا حەشارداوە..
لەسەر شانۆ دەمخوێنندەوە
دات لە چەپڵە
ترسام یەقەی شێعرەکە بگری
ژیرانەتر بمکوژە
با هەست بە خۆلقینی بوونەوەرێک نەکەی لە ناخمەوە
با نەزانن دەستی هیچ وەرزێک نەگێشتووە بالای خەمەکانم..
کاتێک ملوانکەی شێعرم بچرایەوە
خەیاڵەکانم دەنکدەنک لەسەر سینگم کەوتنە خوارەوە
با نەزانن تۆ پێت بەسەر پانایی چە وشەیەک داناوە!
ژیرانەتر بمنێژە
تاکوو تەنیاییم زاوزێ نەکا و لە زاری کچێکی تر بێمە دەرەوە



## لەکوێی؟

مەهاباد. بێ خێش

من لە سەر ڕێی چاوەڕوانی بۆ هەواڵت مامەوە
من لە پای ئەشق و ئەوینی ئاشبەتاڵت مامەوە
داری دم ڕێم و بە تەنیا بۆ سەمای پێشوازی تۆ
من لە گەڵ زریانی سارد و بای شەماڵت مامەوە
ئالوگۆڕی خستە ژین و کاڵ بۆوە چاوی ڕەشم
تا لە گەڵ دوو لێوی ئاڵ و چاوی کاڵت مامەوە
داتکوتاوم وا لە جێدا چەشنی خاڵی لێوەکەت
پەیکەری کرنۆشی ئەشقم ڕوو بە خاڵت مامەوە
چاو شەهێنی شاهیدم تا چاوی تۆ ڕاوی دەکرد
من لە ماڵت چەشنی نێچیر و تەماڵت مامەوە
وەک خوراڤات بوو لە لای من سەید و شێخ و خانەقا
تۆ وتت سەیزادەم و من دەس بە شاڵت مامەوە
وا لە پای داری ئەوینت ترش و تاڵی بوو بەشم
چون لە گەڵ لیمۆ و هەناری کرچ و کاڵت مامەوە
بێ وەڵامن کورتەنامەی پڕ لە مانای ژینی من
من لە گەڵ پرسیاری، لە کوێی؟چۆنە حاڵت؟ مامەوە

## پەنجەرەیێک هیلاکی تەماشاتم

دیواندەرە. ژیلا سەفایی

ئەی خانۆ نشین ترین خەیاڵی دڵم
خۆت بسپێرە بە گەلا وەریوەکانی ڕۆحم
من دۆزەخی ترین کچی ئەم سەرزەمینەم
ئەچمە نێو دەمی ماسیەکان
فێریان ئەکەم چۆن فرمێسکەکانیان قووت بدەن
وەک خۆر سەر ئەکەم بە پەنجەرە داخراوەکانی ئەم قاقرستانە
پەلکەی گوڵەبەڕۆژەکان ئەچنێمەوە
من لە گەڵ با ئەفرم بەرەو وەرزەکانی بێ تۆیی
تۆ بیر لە قژەکانم ئەکەیتەوە
من بەدەم باوە ناگریتەوە...
درۆ نەبوی
لە شەوێک مێژویی لە پەراسووی چەپمەوە هەڵواسیت
وەک خەوی دوای چلە گەورە سووک و قورس بووی
بەرانبەری شەقامی ڕۆیشتنت  دانیشتووم
ئەمرۆ سەدەمین ساڵی نەهاتنەوەت بۆ دلم بوو
تۆ بالابەرزترین کوری ئەم شارە بووی
دەستت ئەبرد بۆ هەنارە سوورەکان
بەرزترینیان...نزم نزم ئەگردەوە...
بەفر ئەبارێت دەست ئەکەم ملی نووسی وەک چۆن تۆ دەست ئەکەیت ملی چەترەکەت
دەمانچەکەت بنە سەر دلم
شپرز لێ ئەدات بوونم.



## مەریوان مەرزییە خاکی

من ڕێبوارێکم
جەنتاکەی دەستم  زۆر تەڕە
و پڕ پڕەلە بارانی خۆشەویستی
پێنووسەکەی دەستم  لێوانلێو لە ئەوین و میهرەبانی
تابلۆیەکی ڕەنگ شینە چەترەکەی دەستم
من شاعیرێکم وەکوو شیعرکانم هەستیارم
بۆیە لە دلی خەڵکدا زۆر خۆشەویستم
ڕوانینم گۆرانیەک وەک سەنتوورە شکاوەکەی ساڵانی  زوو
جاران هەنارێک بووم سوور و ئاڵ
لەسەر چلە  دارێکی سەوز و کاڵ
خەڵکی هەڵمەتیان بۆ دەبردم
تا ئاخرین لەتیان لەتیان کردم
بووم بەچوار پارچەوە ڕێک وەک نیشتمانم
بۆیە چارەنووسم  ڕێبوارێک وێڵی شاران بوو
لە وەرزی پایزدا  زەردە  و  خەزان بوو
وەک باڵندەی کۆچری هەر خەرێکی فرین بووم
گوناحم ئەوە بوو عاشقی چاوی باران بووم
ناوی خۆم نا ڕێبوار چونکە  بێ ناسنامەی کۆچە و کولان بووم
بەشارانا  وەک باڵندەی لانەواز سەرگەردان بێ لانە بووم
بۆ پێناسە کردنم شاعیری  دلفرینی شاری ئەوینم
بۆیە خاوەنی دڵی پاکم و بەرهەمێکی پڕ لەحزینم .

## هەڵسەنگاندنێکی خێرای دوونامەی مەولەوی کورد و میرزامحەممەدی ئەلویری فارس



سنە.عەلی سوهرابی

نامەی مامۆستا مەولەوی شاعیر؛ بە وتەی د.جەمال ئەحمەدی لە کتێبی(سوزفراق، لاپەڕەی(۱۷۵گوایە مەولەوی ٥نامەی هەیە لە فیراق و دووری مەحمووپاشای جاف کە یەکیان بێ نوقتەیەو زۆر هونەرمەندانە نووسیویەو خۆشەویستی و ئیرادەتێکی تایبەتی بە مەحمووپاشای جاف نواندووە کە دەبێ ئەم نامەبێ. بەڵام ؛میرزا محەممەدی ئەلویری نامەکەی خۆی بۆ یەکێ لە فەرماندەکانی فەوج و سپای ناسرەدین شای قاجار نووسیوە. هەردوو بە فارسین و تەژی عەرەبین و کوردی نین. بەڵام ئەوەی مەعدوومی عەرەبیەکەی تۆخترە.ڕستەو دەستەواژەگەلی عەرەبی زیاتر بەکارهێناوە. نامەکەی میرزا محەممەد ئەلویری پاڕانەوەو لاڵانەوە بۆ پووڵ و یارمەتییە کە بەشکەم ئەمیش لە تەنگانەوە بکەوێتە فەرعانە.بە واتایەکی دیکە مەولەوی بۆ دڵی خۆی و خۆشەویستیەکی مرۆڤانە کە بە پاشای بووە،مەدحی دەکات و میرزا محەممەد بۆ باشبوونی بژێوی ژیان و وەزعی دنیایی خۆی. شێوازی نووسینەکەی میرزا ڕەوانترەو بەرۆژترەو باشتر لە دڵ دەنیشێ و خوێنەر خۆشترو ساناتر پێوەندی دەگرێ لەگەڵ بابەتەکە، بەڵام هێزو وزەی وشەکانی مەعدوومی زۆرترو کاریگەرترە. هەردوو نووسراوەکە ئاوێتەی جوانکاریە جۆراوجۆرە ئەدبییەکانن. بەتایبەت نامەکەی معدوومی بەشێکی شێوەی "پەخشانی سەجع" بە خۆ دەگرێ و ئاهەنگین دەبێتەوە.چون هەردوو کەس دەیانەوێ پەخشانەکەیان بێ نوقتە بێت بۆیە کەوتوونەتە تەنگانەو وشەگەلێ بەکار دێنن کە پێویستی بە سەرنجی زیاترن و بەجۆرێ هاوواتان و درێژ دادڕییە لە سەر بابەتێکی کورت و دیار، کە ئەگەر ئێمە بمانەوێ لەم ڕۆژگارەدا بیانهێنینە سەر کاغەز شایەد بتوانین کورتتریش بیاننووسین.ئەڵبەت هەردوو بە جۆرێ دەیانەوێ سواربوون و زاڵ بوونی خۆیان بەسەر وشەو کەلامدا بنوێنن. نامەکەی میرزا محەممەد جۆرێ شانازی کردن و مەفاخرە بە عیلم وزانست و هونەری خۆیەوەی پێوە دیارە.بەڵام نووسراوەکەی مەولەوی شانازی زیاتر بە مەمدووحەکەیەوە دەکاو خۆبەکەم بینی تێدا زیاتر بەدی دەکرێ و خاکینەو خۆڵینەترە.نامەکەی میرزا، هەنێ هەڵسەنگاندنی خواردەمەنییەکان و سفرەو خوانی خەڵکی خوداپێداو لەگەڵ بێ وەزعی و ڕووتی و ڕەجاڵی خۆی دەکات کە ناوی خواردەمەنییەکان لێرەدا سەرنج ڕاکێشە. ئەویان وەسفی مەحمووپاشاو ئەمیان مەدحی فەرماندەی فەوج"ئەحمەدخان ئەمیرحسەینی سەیفولمەمالک"...

کورتوکرمانجی بڵێم ؛ئەم جۆر نووسینانە جگە لە ویست و خواستێ کە عینوانی دەکەن،جۆرێ تەبع ئازمایی بە ئەژمار دێت و هونەری نووسینی شاعیران و نووسەران دەنوێنێ و بەس.

## تاجی و کەرۆێشک



بۆکان. ئاوایی عەنبار" نامۆعەنبار"

تاجی کەوتە گۆ دەگەڵ کەرویشک
زۆر باشتر هەڵدێم لە پێی تۆ بێشک
ئەوەندەی دەرۆم دەبڕم شوێن و ڕێت
پێم ناڵێی بۆچی هەرگیز ناگەم پێت
کەرویشک بزەی هاتە سەر لێوی
وتی بەرخی خۆم تۆ خاوەن خێوی
ڕاوت پێدەکا بۆ گاڵتە وجەفەنگ
بەسواری ئەسپ و زەنگاڵ و تفەنگ
بۆ هەڵاتنمان دوو شت نێوانە
هی تۆ بۆ نان و هی من بۆ مانە
ئەو کەسەی بۆ مان خۆڕاپسکێنێ
پاشی نەمانیش ناوی دەمێنێ



## چاوەڕێ



بۆکان. عەبدوڵلاڕەحیمی" کۆمار"

ئەرێ تاکەی لەدووری تۆ بەخوڕ ئەسرین بباڕێنم
هەتاکوو کەی وەکوو بلوێر لەهیجرانت بناڵێنم

دەبەسە تاقەتی دوریت لەحەد دەرچوو گوڵی جوانم
خەموودەردی نەبوونی تۆ لەسەرخۆم چۆن بتارێنم

لە مێژە چاوەڕێم بێیو لەئامێزت گرم تاوێ
مەکۆی عەشق و ئەوینی خۆم لەگەڵ تۆدا بسازێنم

چ خۆشە لێو لەسەر لێوو چ خۆشە دەس لەسەر مەم بێ
لەبێشکەی دڵ بکەی جۆلان خەیاڵی خۆش بلاوێنم

هەتاکەی چاوەڕێی تۆ بم گوڵم عوومری نوحم نابێ
تەمەن دەڕوا بەرەوکۆتا بەکام شەرت خۆم بچارێنم

مەکە لۆمەم کەوا شێتانە دەردەبڕم دەروونی خۆم
دڵت گەرد نەگرێ لێم گیانە خەریکم بۆت براوێنم

ئەمن مەجنوونی دەورانم ئەگەر تۆلەیلەکەی من بی
بەچاوت دەشتی دڵ یەکسەر بەناوی تۆ بکارێنم

ئەگەر تۆ بێی دڵی (کۆمار) دەبێتە بێشکە بۆنازت
لە عەشق و سۆزی دڵ کۆشکی ئەوینت بۆ برازێنم



نووسەر: خاڵند ئەحمەدی، بۆکان

## بووکی شاران

بڕوانە بۆکان بووکی شارانە
شاری زیرک و مەکۆی یارانە
کانگای فەرهەنگ و ئەویندارانە

دڵگر و خۆشە باخی میراوە
پارک و کێوەڕەش زۆرجوان خەملاوە
بووکی موکریان ناودێر کراوە

شاری مۆسیقا و شاری شمشاڵە
شاری کوڕ و کیژ شاری منداڵە
جێگای سەردار و میر و قەراڵە

منداڵی ئازان جوان و بێ وێنە
ئاهەنگی دەڵێن زۆر دڵڕفێنە
تۆش هەستە بیڵێ و هیچ دامەمێنە

«حەوزەکەی بۆکان قووڵ و بێبنە
دوو ماسی تێدا خاڵ لە گەردنە
لەو دوو ماسییە یەکیان ئێمنە»

## کۆلارە

با دێ، با دێ کۆلارەکەم
بە هێزی با حەوا دەخەم

لە کاغەزە و سووکە وەک کا
هەڵدەسووڕێ بە ئەمری با

لە حەوایە سەما دەکا
وەک تووک ئەم لا وئەو لا دەکا

تۆزێ بەنی بۆ شل دەکەم
ئەوانی دی وە دوا دەخەم

کۆلارەکەم دەڕوات بان
تاکوو داگیر دەکا ئاسمان

جوانە دەڵێی باڵندەیە
پێموایە ئەو بەرەندەیە

ئێستا کاتی ئێوارەیە
کایە و بەزمی کۆلارەیە

## زانست

قوقلی قوو قو هەستن لە خەو
بارگە و بنەی پێچاوە شەو
تاریکی ڕۆی ڕووناکی هات
شادی و خۆشی هات بۆ وڵات
کاڵ بۆوە مانگ ڕۆژ وێنەی گوڵ
پێدەکەنی بە سۆز و کوڵ
هەستن زوو کەن ڕۆژ هاتەوە
هیچ کەسێ خەو نەیباتەوە
ئازاین ئێمە تەمبەڵ نابین
دەبێ کچ وکوڕی چا بین
کەڵەشێر بە قوقلی قوو قوو
پێمان دەڵێ هەستن هەموو
بۆ پێشەوە با پێشکەوین
حەول دەدەین قەت ناسرەوین
ژیانی ئەوڕۆ کێ بەر کێیە
تەنیا زانست چرای ڕێیە



## کەو

دندووکی سوور و جوانە
قاسپەی دێ لەو کێوانە
باڵ لێدەدا هەڵدەفڕێ
بۆ ئێمەی مناڵ دەچرێ
خروپر، گورج و گۆڵە
مەلی نێو شیو و دۆڵە
قاسپە قاسپی دەنگی ئەو
دەڵێ: منم خاسەکەو



## دووچەرخە سواری

هەستن خێرا کەن دەس کەین بە یاری
چەرخان تەیار کەن دووچەرخە سواری

لیباسی یاری تێکڕا لە بەر کەین
کڵاوی سواری دەبێ لە سەر کەین

چاوی بگێڕن بە چەرخەکاندا
تا بێ عەیب بن لە یاریماندا

شەقام و کۆڵان با شلووغ نەبێ
بۆ پارکی شاری دەکەوینە ڕێ

لەو شوێنە یاری و کێ بەر کێمانە
دایکی نیشتمان چاوی لێمانە

ئاوال و دۆستین دووچەرخە سوارین
گوڵاڵە سوورەی نێو پارکی شارین



## دایە گەورە

دایە گەورەم خۆش دەوێ
لەگەڵمە ڕۆژ و شەوێ
ڕواڵەتی وەک ئاوێنە
جوان و پاک و خاوێنە
بۆ ماڵێ وەک چرایە
نەقڵی کۆتایی نایە
چیرۆکی ئەو شەوانە
بەزمی نێو دیوەخانە
نەشبێ من بۆی دەستێنم
دەڵێ گۆچان دەڵێم ها
پێدەکەنێ بە «قا.. قا..»
دەس بە سەرمدا دێنێ
خۆشەویستی دەنوێنێ

